ژمارە (433) دووشەممە 2016/11/21 - 30ی گەلاڕێزانی 2716 (750) دینار

### سەربڕێکی دیلی داعش بۆ (ڕووداو):

## بۆ ڕاهاتن شەش بارمتەی شیعەم سەربڕی

ڕووداو- دهۆک

چەکدارێکی داعش کە کۆتایی مانگی ڕابردوو لە میحوەری ناوەران لەلایەن پێشمەرگەوە دەستگیرکرا، دەڵێت ڕاهێنانی تایبەتی لەسەر سەربڕینی مرۆڤ پێکراوە و تەنیا بۆ ڕاهێنان شەش کەسیان پێ سەربڕیوە.

ئەو چەکدارە ناوی حەسەن هەمزەیە و تەمەنی 21 ساڵە. ئەو دوای ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە کردووە، هەندێ مەشقی تایبەتی لە سەربازگەکانی ئەو ڕێکخراوەدا بینیوە، لەوانەش مەشق و ڕاهێنان لەسەر سەربڕینی مرۆڤ.

حەسەن دەڵێت "دوای بینینی دیمەنەکانی سەربڕین، چەند ڕۆژێک باسی هۆکاری سەربڕین و گرنگیی ئەو سزایەیان بۆ کردین. دواتر ڕاهێنەرەکان بە بەرچاوی ئێمەوە چەند کەسێکیان سەربڕی".



حەسەن کە دواتر دەبێتە یەکێک لە سەربڕەکانی داعش، باسی سەربڕینی بارمتەکان دەکات و دەڵێت "ڕۆژێکیان ژمارەیەک خەڵکی شیعەیان هێنا، پێیانگوتم دەبێ ڕاهێنان لەسەر سەربڕین بکەی، منیش شەش لە بارمتەکانم سەربڕی".

3»

### تونیژەرێکی ئەمریکی:

## ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان بە بەغدادا دەڕوات

7

### سەعدی ئەحمەد پیرە بۆ (ڕووداو):

## هەڵەمان کرد کە پۆستەکانی گۆڕانمان پڕنەکردەوە

5

## کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک پەرژین دەکرێن

9

### خەڵکی مووسڵ هاواری برسێتییان لێ هەستاوە

# "فریامان نەکەون گۆشتی یەکدی دەخۆین"

3»



## کوردی تاراوگە دڵیان بۆ گۆڕستانەکانی کوردستان لێدەدات

11»

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### کوردێک دەبێتە "پێشمەرگەی ئیتاڵیا"



ڕاپۆرت 10

### بۆ گەیشتن بە ئەوروپا گورچیلەی خۆی دەفرۆشێت

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### پێشمەرگەیەک 11 مانگە بێهۆشە



هونەری 12

نیان عەبدوڵڵا بۆ (ڕووداو):

### لە سلێمانی بە هەڵە هێلکەدانیان دەرهێنام





## سعودیە پاشگەز دەبێتەوە

ڕووداو- هەولێر

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتی سەفەری حەجی ئەمساڵدا، حکومەتی سعودیە بڕیاریدا بڕی دوو هەزار ریال کە دەکاتە زیاتر لە 500 دۆلار وەکو رسوومات لە هەر کەسێک وەربگرێت کە لەمەودوا و زیاتر لە جارێک بە مەبەستی عومرە سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، بەڵام ئەو بڕیارە ناڕەزایی زۆری لە وڵاتانی ئیسلامی و موسڵمانانی کوردستانیشی لێکەوتەوە.. بە گوتەی نەقشبەندی، لە سەرەتای ئەم هەفتەیە پادشای سعودیە بڕیارەکەی هەڵوەشاندووەتەوە.

# کوردێک دەبێتە "پێشمەرگەی ئیتاڵیا"

هیوا حوسامەددین

ڕووداو- کەرکووک

گەنجێکی کورد دەبێتە پاڵەوانی میدیاکانی ئیتاڵیا و زۆرترین وێنەی بڵاودەکرێتەوە. هەندێک میدیای ئەو وڵاتە بە "پێشمەرگەی ئیتاڵیا" ناویان هێناوە، ئەویش دوای ئەوەی توانی پەنابەرێکی عەرەب لە دەستی کەسێکی توندوئاژۆی بە ڕەگەز پاکستانی ڕزگار بکات، کە دەیویست سەری ببڕێ.

فەرمان غازی عەبدوڵڵا، تەمەن 36 ساڵ، ئەو گەنجە کوردەیە کە توانی ئەو عەرەبە لە دەست پاکستانییەکە ڕزگار بکات. فەرمان لەدایکبووی گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووکە و بەرلەوەی لە 2014 بە قاچاخ خۆی بگەیەنێتە ئیتاڵیا، پێشمەرگە بووە. فەرمان دەڵێت "بەهۆی ئەوەی کە پێشمەرگە بووم، هەرزوو لە ئیتاڵیا مافی مانەوەیان پێدام".

ئێستا فەرمان باسێکی گەرمی میدیاکانی ئیتاڵیا و تۆڕە کۆمەڵاتییەکانە، دوای ئەوەی ڕۆژی پێنجشەممە 2016/11/16 لە شارەکەی خۆی شاری لیتس نەبەردییەکی گەورەی تۆمار کرد.

فەرمان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ڕزگارکردنی ئەو کەسە دەکات و دەڵێت "نزیکەی کاژێر نۆی بەیانی بوو، کەسێکم بینی بەدەم گوتنی وشەی (الله اکبر) هێرشی کردە سەر هاووڵاتییەک و بە زمانی ئیتاڵی دەیگوت دەتنێرم بۆ دۆزەخ، منیش هاوارم کرد و خەڵکم لێ کۆکردەوە، بەڵام کەس هاوکاریی نەکردم، پەلاماری هێرشبەرەکەم دا و کەسەکەم لەدەستی ڕزگار کرد. هێرشبەرەکە کە پاکستانی بوو ویستی هەڵبێ، بەڵام نەمهێشت".

ئێستا زوو زوو میدیاکانی ئیتاڵیا سەردانی فەرمان دەکەن و چیرۆکی ڕزگارکردنی ئەو کەسەی پێدەگێڕنەوە. شوێنی کارەکەشی کە سەنتەرێکی تایبەت بە هاوکاریکردنی گەشتیارانە، کاتەکانی کارکردنیان بۆ کەمکردووەتەوە.



فەرمان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کەسێکی توندئاژۆی بە ڕەگەز پاکستانی

فەرمان دەڵێت "کە پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، پیاوە پاکستانییەکە خۆی ڕادەست نەکرد، بۆیە پۆلیس بە دەمانچەی کارەبایی خستیان و دواتر بردیان. ئەوانەی لەوێ بوون، هاتن دەستیان لەملم کرد و سوپاسیان کردم. لەو ڕۆژەشەوە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی ئیتاڵیا دێن چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکەن".

ئەو کەسەی فەرمان ڕزگاری کرد ئاهەنگێکی بەبۆنەی ڕزگاربوونی لەنێو خێزانەکەی خۆی سازکردبوو، یەکێک لە گرنگترین میوانەکانیشی فەرمان بوو. فەرمان دەڵێت "هەر دوای ئەو ئاهەنگە پۆلیس بانگیان کردم و ئاهەنگیان بۆ کردم و ئێستاش ڕۆژانە مەفرەزەکانی پۆلیسی نزیک لە کارەکەم دێنە لام و وەکو هاوڕێ مامەڵەم لەگەڵ دەکەن و زۆر خۆشیان دەوێم".

بە گوتەی فەرمان، ئەو کەسە پاکستانییە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە داواکراو بووە. فەرمان گوتی "پۆلیس پێیگوتم دەمێک بوو بەدوای ئەو پاکستانییەدا دەگەڕاین، چونکە کەسێکی لایەنگری داعش بوو. پۆلیس ڤیدیۆی ئەو کەسەیان پێشاندام کە پێشتر تاوانی کردووە".

ئەو سەنتەرەی فەرمان کاری تێدا دەکات ناوی کاریتاڤە. ئێستا بە فەرمان دەڵێن "پێشمەرگەی ئیتاڵیا" و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان پڕ کردووە لە وێنەی فەرمان. وێنەیەکی گەورەیشیان خستووەتە سەر ڕووپەڕی سەرەکیی ماڵپەڕەکە.



# بڵندگۆی مزگەوتەکان هاواری خەڵک دەگەیەنێنە وەزارەتی ئەوقاف

**بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف:**

**ڕۆژانە هاووڵاتیان لەسەر دەنگی بەرزی بڵندگۆی مزگەوتەکان پەیوەندیمان پێوە دەکەن**

**یەکێتی زانایان:**

**مزگەوتەکان ئازادن چەند بڵندگۆ دادەنێن**

**نووسینگەیەکی عەقارات:**

**خانووی نزیک مزگەوت 10 هەزار دۆلار هەرزانترە**

هەڵۆ کاکەوەیس

ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت ڕۆژانە خەڵک پەیوەندییان پێوە دەکەن و ناڕەزایی دەردەبڕن لە بەرزیی دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان. یەکێتیی زانایانیش دەڵێت مزگەوتەکان ئازادن لەوەی چەند بڵندگۆ دادەنێن.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ مزگەوتێک بۆی نییە لە 4 بڵندگۆ زیاتر دابنێ". بەڵام سەرۆکی یەکێتی زانایان بە مافی مزگەوتەکانی دەزانێت چەند بڵندگۆ دابنێن.

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێ کە گلەییان لە دەنگی بەرزی بڵندگۆی مزگەوتەکان هەیە و دەڵێت "کەسانێک هەن دەیانەوێت بە ئەنقەست زیان بە ئیسلام بگەیەنن، پێویست ناکات ئەوە بکرێتە کێشە و قسەی لەسەر بکرێت، هەر کاتێک دەنگی کڵێسا و مەزارگەی ئێزدییەکان کۆنترۆڵ کران ئەوسا وەرن قسە لەسەر مزگەوتەکان بکەین".

### هاوار بۆ وەزارەتی ئەوقاف دەبەن

دەنگی بڵندگۆی هەندێک لە مزگەوتەکان هاووڵاتیانی هەراسان کردووە و هاواریان بۆ وەزارەتی ئەوقاف بردووە. مەریوان نەقشبەندی گوتی "ڕۆژانە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکی پەیوەندیمان پێوەدەکەن و باسی ئەوە دەکەن کە هەراسان بوونە، ئەوان پێماندەڵێن ئێمە موسڵمانین و نوێژ دەکەین، بەڵام دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان یەکجار بەرزە".

ئەندامێکی لیژنەی فتوا لە هەرێمی کوردستان کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە گەڕەکی ئیسکانی هەولێر خەڵکێکی زۆر داوایان دەکرد دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان کەم بکرێنەوە، چونکە هەراسانی کردوون، ئێمەش چارەسەرمان کرد، چونکە زیاد لە پێویست بڵندگۆ دانرابوو".

### نرخی خانووی شکاندووە

دوور و نزیکیی لە مزگەوت، کاریگەری لەسەر نرخی خانووبەرە هەیە. حاجی سەلام، خاوەنی نووسینگەی عەقاراتی حاجی سەلام بە (ڕووداو)ی گوت "کەسانێک هەن حەز دەکەن دیواری ماڵەکەیان بە مزگەوتەوە بێت، لە بەرامبەردا کەسانێکیش هەتا بتوانن لە مزگەوت دووردەکەونەوە. بەڵام مەرج نییە ئەوانەی ئارەزوو ناکەن لە نزیک مزگەوت بن، دژە دین بن، بابەتەکە پەیوەندی بە کەمیی ژاوەژاو و بێدەنگییەوە هەیە".

سەبارەت بە نرخی خانوو لە نزیک مزگەوتەکان، حاجی سەلام گوتی "خانووی نزیک مزگەوت بە گشتی 10 هەزار دۆلار هەرزانترە، کەسانێکیش هەن 10 هەزار دۆلار دەدەن بۆ ئەوەی لە مزگەوت نزیک بن، بەڵام زۆربەی خەڵکی دوورە مزگەوتیان پێ باشترە".

هەروەها خاوەنی نووسینگەیەکی عەقارات کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر بانگدان لە مزگەوتەکەی گوندی ئیتاڵی لە هەولێر نەبوو، پاشان کەسانێک زۆرترین بڵندگۆیان لەسەر منارەی مزگەوتەکە دانا، بۆیە چەندین کەسی بیانی گوندی ئیتاڵییان جێهێشت".

ڕۆژی 2016/11/8 کۆنفرانسێک بۆ ڕێکخستنی گوتاری ئاینی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، مەریوان نەقشبەندی دەڵێت یەکێک لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە ڕێکخستنی بانگدان بوو. مەریوان نەقشبەندی گوتی "ئەگەر حکومەت ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە جێبەجێ بکات، بانگدان دەکەینە ئەلیکترۆنی و هەمووی لە یەک کاتدا دەبێت، گوتاری تەواوی مزگەوتەکانیش یەکدەخرێن". نەقشبەندی هەروەها دەڵێ "نابێ ئەوانەی دەنگیان ناخۆشە بانگ بدەن، چونکە بانگدان هێورکەرەوەی ڕۆح و دەروونی خەڵکە نەک بێزارکردن، هەندێک لە بانگدەرەکان پێش بانگدان فوو بە مایکرۆفۆنەکەیاندا دەکەن و دەکۆخن کە هەندێجار خەڵکی دەترسێنێ".

### لە ئیندۆنیزیا کێبڕکێیە

لە وڵاتانی وەکو مەغریب، جەزائیر، تونس و میسر بە یاسا دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان کەم کراوەتەوە. بەڵام لە ئیندۆنیزیا کە 800 هەزار مزگەوتی تێدایە، کێبڕکێیە لەسەر دانانی زۆرترین بڵندگۆ لەسەر منارەی مزگەوتەکان. ئەمەش کێشەی زۆری بۆ ئەو ئەوروپی و ئەمریکیانە دروستکردووە کە لەو وڵاتە دەژین. ساڵی 2012 هاووڵاتییەکی ئەمریکی لەو وڵاتە خۆی پێ نەگیرا و وایەرەکانی بڵندگۆی مزگەوتێکی دراوسێی خانووەکەی بڕی، بەڵام حکومەتی ئیندۆنیزیا بە پێنج ساڵ بەندکردن سزای دا.

## سێ چەکداری نەناسراو تەقەیان لێکردووە

# پێشمەرگەیەک 11 مانگە بێهۆشە

دیمەن بورهان

ڕووداو – هەولێر

سێ چەکداری نەناسراو، لەنێو جەرگەی شاری هەولێر، تەقە لە پێشمەرگەیەکی یەکێتی دەکەن و بریندار دەکەن. ئەو پێشمەرگەیە کە ناوی بورهان محەممەدە، نزیکەی ساڵێکە بەبێ هۆشی لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانەی فریاکەوتن، کەوتووە.

بورهان، تەمەنی 30 ساڵە، چوار ساڵە هاوسەرگیریی کردووە و کوڕێکی هەیە، 12 ساڵە پێشمەرگەیە لە لیوای حەوتی پیادە. لە کاتی ڕووداوەکەدا ئەرکەکەی لە چیای باشیک بووە.

هیلال محەممەد، برای بورهان دەڵێت ئەوان شەش بران و هەموویان پێشمەرگەی یەکێتین. بورهان پێشتر لە گوندی سیساوەی سەر بە ناحیەی باسرمەی قەزای شەقڵاوە دەژیا، بەڵام بەهۆی ئەوەی گوزەرانی لەوێ خراپ بووە، ماڵی هێناوەتە هەولێر، جگە لەوەی پێشمەرگە بووە، عەرەبانەیەکی هەبووە و لە شەقامی 40 مەتری سەوزەی فرۆشتووە.

هیلال کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لەگەڵ بورهان بووە، باسی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "شەوی 2015/12/27 دوای کاژێر هەشت چوومە ماڵی بورهانی برام، بەنیازبووین پێکەوە سەردانی ماڵی پورم بکەین. نزیکەی چەند مەترێکمان مابوو بگەینە ماڵیان، ئۆتۆمبێلێکی جۆری بی ئێم دەبلیو ڕایگرت. سێ چەکدار کە نەماندەناسین بە جلوبەرگی مەدەنییەوە لە ئۆتۆمبێلەکە هاتنە خوارەوە، داوایان لێکردین لەگەڵیان بڕۆین".

هیلال و بورهان پرسیار لە چەکدارەکان دەکەن ئێوە کێن؟ بەڵام ئەوان وەڵامیان نادەنەوە و یەکسەر هێرشیان دەکەنە سەر. هیلال گوتی "بە دەمانچە هێرشیان کردە سەرمان، بە کلکە دەمانچە لە منیان دا و کەوتمە سەر زەوی، بەڵام بورهانی برام بەرگری کرد و نەچووە ناو ئۆتۆمبێلەکە. بۆیە یەکێک لە چەکدارەکان لە پشتەوە گوللەیەکی لە سەری دا و کەوتە سەر زەوی، دوای ئەوە چەکدارەکان چوونە نێو ئۆتۆمبێلەکە و ڕۆیشتن".

بە گوتەی هیلال، پۆلیس بە ماوەیەکی کەم گەیشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام دوای چەکدارەکان نەکەوتوون.

هیلال دڵی بە کامێرای ماڵان خۆش بووە کە تۆمەتبارەکانی پێ بدۆزرێتەوە، بەڵام دەڵێت "کەسەکان دیار بوون، تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەشیان دیار بوو، شێوە ئاخاوتنیان هەولێری بوو، بەڵام ئاسایش پێیانگوتین هاردی کامێرای شوێنی ڕووداوەکە سووتاوە و وێنەی نەگرتووە، پێموایە ڕاست ناکەن، چونکە پێیانگوتین ئەوە کێشەی خۆتانە و ئەوانەی تەقەیان لە براکەت کردووە یەکێتین". هیلال دەپرسێ: "باشە چۆنیان زانی ئەوانە یەکێتین".

بورهان لە مانگی 12ی ساڵی ڕابردووەوە تەقەی لێکراوە، ئەوە 11 مانگە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر بەبێ هۆشی کەوتووە. براکەی دەڵێت "ئەوەی لە تواناماندا بووە لە چارەسەرکردنی براکەم خەرجمان کردووە، بەڵام هێشتا هۆشی نەهاتووەتەوە بەر".

فاتیمە عومەری تەمەن 58 ساڵ کە دایکی بورهانە، بەدەم گریانەوە دەیگوت "کوڕەکەم لە ژیانیدا ئازاری چۆلەکەیەکی نەداوە، بە چ حەقێک ڕەوایە جەرگم ئاوا پارچە دەکەن؟ هەموو بینینێکی کوڕەکەم لەسەر ئەم قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیە مردنێکە. کوڕەکەم لەبەر هەژاری ڕووی لە شار کرد، کەچی لە شار وایان بەسەرهێنا".

بە گوتەی دایکی بورهان، پزیشکەکان پێیانگوتووە ئەو گوللەیەی بەر سەری بورهان کەوتووە، ژەهراوی بووە و چارەسەریشی سەختە، بۆیە دەڵێت "چاوەڕێی ڕەحمی خودا دەکەین".

بە گوتەی هیلال دوای ڕووداوەکە هێزە ئەمنییەکان سێ کەسیان بە تۆمەتی تەقەکردن لە بورهان دەستگیر کردووە. هیلال دەڵێت "ئەو سێ کەسە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بوون، بە ئێمەیان گوت ئەوانە بوون تەقەیان کردووە، بەڵام پێمانگوتن ئەوانەی تەقەیان کرد خەڵکی هەولێر بوون، بۆیە سێ کەسەکەیان بە کەفالەت ئازاد کرد".

(ڕووداو) پەیوەندی بە هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێرەوە کرد، بەڵام ئەو بێئاگایی خۆی لەو کەیسە دەربڕی و گوتی ئەوکاتە کەسێکی دیکە گوتەبێژی پۆلیس بووە، بۆیە ئاگاداری دۆسیەکە نییە.



بورهان محەممەد بە بێهۆشی لەنەخۆشخانە کەوتووە

رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 433 ) - دووشەممە 2016/11/21



## "مالیکی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان دەدات"

**رووداو- هەولێر**

محەممەد ئەلخالیدی بڕیاردەری خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، پێیوایە پرۆژەی مامەڵەی راستەوخۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا سەرکەوتوو نابێت و دەڵێت "نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی گرێیەکی بەرامبەر بارزانی و هەرێمی کوردستان هەیە و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان دەدات". محەممەد ئەلخالیدی هەروەها دەڵێت "ئێستا هەموو عێراقییەکان شانازی بە هەرێمی کوردستانەوە دەکەن بەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە بەرچاوانەی لەڕووی سیاسی، ئابووری و ژێرخانی ئابوورییەوە بەدەستهێنراون، هاوکات هەرێمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق پێشکەوتووترە".

### سەگ و پشیلەکانی مووسڵ تەرمی چەکدارانی داعش دەخۆن

# خەڵکی مووسڵ هاواری برسێتییان لێ هەستاوە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- مووسڵ**

"لەبەردەم ماڵی مندا تەرمی چەکدارێکی داعش کەوتبوو، ئەوەندەی نارنجۆک و تەقەمەنی پێبوو نەمانوێرا دەستی بۆ ببەین و تەرمەکەی بشارینەوە، سەگی بەرەڵڵا بەشێک لە جەستەیان خوارد". ئەوە قسەی دانیشتوویەکی گەڕەکی تەحریری شاری مووسڵە. ئەو شارەی ئێستا سەختترین شەڕ لە دژی داعش بەخۆوە دەبینێ. دەکرێ هەموو شتێک ئێستا لە مووسڵ بۆمبێک بێ.

لەگەڕەکە تازە کۆنترۆڵکراوەکانی رۆژهەڵاتی مووسڵ، چوار جۆر جوڵە دەبینرێ. هەندێکیان خەڵکی ئاسایین، ئاڵای سپی بەرز دەکەنەوە و لە ئاگری شەڕەکە رادەکەن، کەمپەکانی باشووری کوردستان ئێستا پڕبوون لەو ئاڵا بەدەستانە.

بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە زیاتر لە 60 هەزار کەس لە گەڕەک و گوندە تازە ئازادکراوەکانی مووسڵ هەڵاتوون و لە کەمپەکان نیشتەجێکراون. پێشبینی دەکرێ هێشتا ملیۆنێک و 500 هەزار کەس لەژێر دەستی داعشدا مابن. وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پێشبینی کردووە بەهۆی ئەو شەڕەوە یەک ملیۆن کەس لە مووسڵەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان ببن.

جوڵەی دووەم لە مووسڵ رێژە هەرە زۆرەکەی دانیشتووانی ئەو گەڕەکانەیە کە بڕیاریان داوە لەژێر ئاگری شەڕەکەدا بمێننەوە. ئەوان بەلای سوپای عێراقەوە جێی گومانن و ناوبانگێکی خراپیان هەیە.

چەکدارانی داعش لەو گەڕەکە کۆنترۆڵکراوانەدا زۆربەی ئامانجەکانیان دەپێکن، بە تایبەتی بۆردومانەکانیان بە چەکی هاوەن. سەربازانی سوپای عێراق دەڵێن "ئەو خەڵکەی ماون، بەشێکیان داعشن، بەڵام چەکیان فڕێداوە و تەنیا بۆ رەسەدگرتن لەو گەڕەکانە ماون".

جوڵەی سێیەم چوونی هێزە بە بەردەوامی و بەبێ دابڕان بۆ ئەو گەڕەکانەی شەڕێکی گەرمیان تێدا دەکرێ. جوڵەی چوارەمیش هێنانەوەی قوربانییەکانی شەڕە، جا ئەو قوربانییە هاووڵاتی بێت، یان سەربازێکی سوپای عێراق.

ئەمە، دیمەنە دیارەکەی گەڕەکەکانی رۆخی مووسڵە لەو ئۆپەراسیۆنەدا کە رۆژی 2016/10/17 بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستپێکرد. فەرماندەیەکی باڵای سوپای عێراق دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 35 رۆژ بەسەر دەستپێکردنی شەڕەکەدا دەڵێت "زانیمان چۆن شەڕەکە دەستی پێکرد، بەڵام نازانین چۆن کۆتایی دێت، چونکە داعش بەرگرییەکی سەخت و سەرشێتانە دەکات".



(فۆتۆ: AFP)

### ماڵەکەی کردووە بە گۆڕستان

فیراس پیاوێکی تەمەن سەرووی 50 ساڵە، ریشە سپییەکەی لە سایەی داعشدا درێژ بووە. ماڵەکەی کەوتووەتە کۆتایی گەڕەکی زەهرا کە بە گەڕەکی سەدام ناسراوە، لەگەڵ چەند پیاوێکی گەڕەکەکەی لەبەر دەرگا وەستابوو. ماڵەکەی فیراس شوێنی دوو گوللە هاوەنی پێوەبوو، بەشێک لە سەقفی خانووەکەی رووخابوو.

فیراس گوتی "ئێوارە بوو، هاوەنێک بەر ماڵی دراوسێکەمان کەوت. هاتینە دەرەوە و ئەوەندەی نەخایاند دوو هاوەنی یەک لە دوای یەک بە ماڵی من کەوت، هاوژینەکەم و سێ لە کچەکانم بەرکەوتن و شەهید بوون".

داعش نزیکەی دوو ساڵ و نیوە لە مووسڵە. لەو ماوەیەدا جێی خۆی لە شارەکەدا قایم کردووە. ترسێکی زۆریشی بڵاوکردووەتەوە. یاسا و رێساکانی خۆی بەسەر خەڵکی شارەکەدا سەپاندووە کە دەرچوون لێی، سزای توندی هەیە، هەندێکجار ئەو سزایە دەگاتە رادەی سەندنەوەی گیان.

کێشەی بەردەم فیراس و ئەو هاووڵاتیانەی ئێستا لەو گەڕەکانی بەری چەپی مووسڵ کەسوکاریان لە دەست دەدەن، شاردنەوەی تەرمەکانیانە، چونکە گۆڕستانەکان هێشتا لەژێر دەستی داعشدان.

فیراس ناچار بووە ماڵەکەی بکاتە گۆڕستان "هاوژینەکەم و سێ کچەکەم هەر لە حەوشەی ماڵەکەم ئەسپەردەی خاک کرد".

### نان لە ماڵاندا نەماوە

کاتێ دەچیتە نێو ماڵی خەڵکی گەڕەکی زەهرا، لە چێشتخانەکانیانەوە بۆت دەردەکەوێ کە خەڵکەکەی بە چ دەردەسەرییەک دەژین. لەسەر دۆڵابی چێشتخانەی ماڵێک پارچە نانێکی کۆن هەبوو.

ژنی ئەو ماڵە سوێندی بە خودا و قورئان خوارد و گوتی "ئەو نانە کۆنە دەبینی، وردی دەکەم لەگەڵ رۆن تێکەڵاوی دەکەم و دەرخواردی منداڵەکانمی دەدەم".

گەڕەکەکانی بەری چەپی مووسڵ، نزیکەی 20 رۆژە شەڕیان تێدا دەکرێ. لەوێ هاتوچۆ بۆ سەنتەری شاری مووسڵ نەماوە. دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە خواردن و خواردنەوەیان پێناگات. خەڵکەکە چاویان لە سەربازەکانی سوپایە خواردن و خواردنەوەی خۆیانیان بدەنێ.

### "فریامان نەکەون گۆشتی یەکدی دەخۆین"

دەرگای ماڵی ئەبو فوئاد چیدی نێوماڵەکەی ناپارێزێ، چونکە بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی داعشەوە لە نزیک ماڵەکەی، بەتەواوی شڕ بووە.

ئەبوو فوئاد داوای کرد کە "جگە لە رووماڵی شەڕ، دەبێ ئێوە (رۆژنامەنووسان) حکومەتی عێراق و رێکخراوەکان لەوە ئاگادار بکەنەوە ئەگەر بە زووترین کات فریای ئەو خەڵکە نەکەون، لە برسا خەڵک گۆشتی یەکدی دەخۆن".

خەڵکی ئەو گەڕەکانە ترسیان لە نەمانی خۆراک هەیە، بەڵام ترسە گەورەکەی ئەوان شەڕەکەیە کە لە نێو ماڵەکانیاندا دەکرێ.

### بە رۆژ سوپا و بە شەو داعش

سوپای عێراق گەیشتووەتە گەڕەکی تەحریر، بەڵام تەنیا بە رۆژ تێیدا دەمێنێتەوە و بە شەو داعشی تێدا دەسوورێتەوە. ئیبراهیم پیاوێکی باڵابەرزە دەستی بۆ خانووێکی بەرامبەر ماڵەکەی راکێشا و گوتی "لە پەنجەرەوە تەماشامان کرد، دووتەنییەکی کیا لە بەردەم خانووەکە وەستا و سێ چەکداری داعش دابەزین، سێ تەرمیان خستە نێو ئۆتۆمبێلەکە کە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە کوژرابوون".

برای ئیبراهیم لە گەڕەکی قاهیرەیە کە هێشتا شەڕی پێ نەگەیشتووە. ئیبراهیم تەلەفۆنی بۆ براکەی کرد و گوتی "برام سوپا گەیشتوونەتە بەردەم ماڵەکەمان. نەخشە بێ لە ئێوەش".

ئیبراهیم پێشتر پەیوەندی لەگەڵ داعش هەبووە. ئەو گوتی "پێشتر لە بێجی بووین کە داعش لەوێ شکا، لەگەڵ داعش رامانکرد بۆ نێو شاری مووسڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی داعش زوڵمی زۆری کرد، هیچ پەیوەندیم پێیانەوە نەما، خودا لە نێویان ببات". ئیبراهیم کاتێک ئەو قسانەی کرد کە سەربازانی سوپای عێراق ماڵەکەیان جێهێشت.

رۆژی 2016/11/18 فەوجی دووی لیوای یەکی فیرقەی ئاڵتوونی لە گەڕەکی تەحریر بوون، هەوڵیاندا ئەو گەڕەکە بە یەکجاری پاک بکەنەوە، لە رۆژئاوای گەڕەکەکە، گەڕەکی موحاربین هەیە و سەرەتای ئەو گەڕەکە مزگەوتی زیاب عێراقی هەیە. گوتاربێژی مزگەوتەکە گوتاری هەینی دەدا، تەنیا باسی جیهادی دەکرد، لە منارەی مزگەوتەکەش قەناسێکی داعش پێشڕەویی فەوجەکەی راگرتبوو.

دانیشتوویەکی گەڕەکی تەحریر داوای کرد بچینە کۆڵانەکەیان بۆ وێنەگرتنی تەرمی چەکدارێکی داعش، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا فیرقەی ئاڵتوونی نەگەیشتبووە کۆڵانەکەیان، نەمانتوانی بچین. پیاوەکە گوتی "تەرمی چەکدارێکی داعش پێنج رۆژە لێرە کەوتووە، چەکەکەی پێیە، هەموو گیانی نارنجۆکە، لە ترسی تەقینەوە ناوێرین دووری بخەینەوە. سەگ کەللە سەر و قاچەکانی خواردووە".

لە نێو دووکانەکانی گەڕەکی زەهرا تەرمی چەکدارێکی داعش کەوتبوو، پێدەچوو خۆی تەقاندبێتەوە چونکە پارچە پارچە بووبوو، پشیلەیەک لەوێ خەریکی خواردنی پارچە گۆشتەکانی چەکدارەکە بوو.

### موفاجەئەکانی داعش

رائید سەلام، فەرماندەی فەوجی دووی لیوای یەکی فیرقەی ئاڵتوونی نایشارێتەوە شەڕی مووسڵ "شەڕێکی سەختە، هەموو رۆژێ تووشی موفاجەئە دەبین لەگەڵ پلانەکانی داعش".

داعش دوو ساڵ و پێنج مانگە حوکمی مووسڵ دەکات، کۆڵان بە کۆڵانی شارەکە شارەزایە. سوپای عێراق لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون، زۆربەیان شارەزای مووسڵ نین. هێشتا شەڕەکەش لە گەڕەکەکانی سەرەتای بەری چەپی مووسڵە، بەڵام رەنگە ئەو شەڕە ئەوکاتە سەخت و قورستر بێ کە سوپا بەرەو قووڵایی شار پێشڕەوی دەکات، چونکە هەموو لایەک لە بەری راستی مووسڵ دەترسن کە داعشە هەرە سەر شێتەکان لەوێ چاوەڕێی گەیشتنی سوپای عێراق دەکەن.

---

**دانیشتوویەکی گەڕەکی زەهرا لە مووسڵ:**
**فریامان نەکەون گۆشتی یەکدی دەخۆین**

**ژنێکی دانیشتووی مووسڵ:**
**نانە رەقە و رۆن دەرخواردی منداڵەکانم دەدەم**

**بەرپرسێکی فیرقەی ئاڵتوونی:**
**داعش هەموو رۆژێک بە پلانەکانی تووشی موفاجەئەمان دەکات**

---

# داعش بۆ راهێنان شەش کەسی پێ سەربڕیوە

**حەسەن هەمزە، چەکداری داعش:**
**بە سەیرکردنی دیمەکانی سەربڕین دەستمان پێکرد**

**ناسر عەلی**
**رووداو — دهۆک**

چەکدارێکی داعش کە کۆتایی مانگی رابردوو لە میحوەری ناوەران لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستگیرکرا، دەڵێت لەلایەن داعشەوە راهێنانی تایبەتی لەسەر سەربڕینی بارمتەکان پێکراوە و تەنیا بۆ راهێنان شەش کەسیان پێ سەربڕیوە.

ئەو چەکدارە کە ناوی حەسەن هەمزەیە، خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ناوەرانە و کۆتایی مانگی رابردوو لە شەڕێکدا لەگەڵ پێشمەرگە لە میحوەری ناوەران لەلایەن پێشمەرگەوە دەستگیرکرا.

حەسەن کە تەمەنی 21 ساڵە، باسی چۆنیەتی پەیوەندیکردنی بە چەکدارانی داعشەوە دەکات و دەڵێت "لە رێگەی کەسێکی ناوچەکەمان بە ناوی ئەبوو مەحموود پەیوەندیم بە داعشەوە کرد. ئەو کەسە پێیگوتم وەرە ببە چەکداری دەوڵەی ئیسلامی مووچەت بۆ دەبڕمەوە، ئەگەریش شەهید بووی دەچیت بۆ بەهەشت، منیش گوتم باشە".

حەسەن دەڵێت "لە رێگەی ئەبوو مەحموودەوە پەیوەندیم بە داعشەوە کرد، منیان برد بۆ سەربازگەیەک، چەند رۆژێک مەشق و راهێنانمان کرد. دواتر رەوانەی تەلەعفەر کراین، لەوێش مانگێک مەشقیان پێکردین، پاشان بۆ ماوەی مانگێک بووم بە پاسەوانی بارەگایەکی داعش".

حەسەن یەکێک بووە لەوانەی لەلایەن ئەمیرێکی داعشەوە دەستنیشان کراوە بۆ مەشقێکی تایبەت، ئەویش مەشقی سەربڕینی بارمتەکانە.

حەسەن گوتی "ئەوکاتەی لە تەلەعفەر بووم، رۆژێک هێزێکی تایبەتی داعش هات، ئەمیرەکەیان من و چەند کەسێکی هەڵبژارد و گوتی دەتانبەین بۆ رەققە. لەوێ ئێمەیان بردە سەربازگەیەک کە لە دەرەوەی شار بوو، شوێنێک بوو هەمووی باخچە بوو".

حەسەن کە دەڵێت ماوەی شەش مانگ لە ریزەکانی داعشدا بووە، باسی ئەو مەشقە دەکات کە لە رەققە پێیانکراوە و دەڵێت "لە رەققە مەشقێکی زۆر چڕو پڕیان پێکردین، پاشان شەش کەسیان لە ئێمە هەڵبژارد و مەشق و راهێنانیان لەسەر سەربڕین پێکردین".

بە گوتەی حەسەن، سەرەتای مەشقەکانی سەربڕین بە سەیرکردنی دیمەنەکانی سەربڕین دەستی پێکردووە و پاشان داوایان لێکراوە هەمان کار دووبارە بکەنەوە. حەسەن گوتی "دوای بینینی دیمەنەکانی سەربڕین، چەند رۆژێک باسی هۆکاری سەربڕین و گرنگیی ئەو سزایەیان بۆ کردین. دواتر راهێنەرەکان بە بەرچاوی ئێمەوە چەند کەسێکیان سەربڕی".

حەسەن کە دواتر دەبێتە یەکێک لە سەربڕەکانی داعش، باسی سەربڕینی بارمتەکان دەکات و دەڵێت "رۆژێکیان ژمارەیەک خەڵکی شیعەیان هێنا، پێیانگوتم دەبێ راهێنان لەسەر سەربڕین بکەی، منیش شەش لە بارمتەکانم سەربڕی".

حەسەن دەڵێت چەکدارانی داعش بەردەوام باسی پێشمەرگەیان کردووە "بەردەوام بە ئێمەیان دەگوت پێشمەرگە مورتەدن و دەبێ جیهاد لە دژیان بکەن"، بەڵام ئێستا پەشیمانە کە رۆژێک لە رۆژانە سەری رەزامەندی بۆ ئەو قسانە لەقاندووە و دەڵێت "ئەوەی داعش لە بارەی پێشمەرگە دەیگوت راست نەبوو، مامەڵەیان لەگەڵ من زۆر باشە، هەموویان موسوڵمانن و نوێژ دەکەن".

حەسەن پەیام بۆ هاورێکانی خۆی لە ریزەکانی داعش دەنێرێ و دەڵێت "داوا لە هاورێکانم دەکەن شەڕ نەکەن و خۆیان رادەست بکەن، چونکە ئەگەر خۆیان رادەست نەکەن، هەموویان دەکوژرێن".



حەسەن هەمزە ئامۆژگاریی هاورێکانی دەکات کە شەڕی پێشمەرگە نەکەن

ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە ( 433 ) - دووشەممە 2016/11/21





## بەریتانییەکان وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکدەخەنەوە

**رووداو- هەولێر**

قادر ڕەزگەیی، ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/11/19 بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێک سەردانی کەریم شنگالی، وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت-یان کردووە و وەزیریش پێی ڕاگەیاندوون، بۆ ڕێکخستنەوەی هەیکەلی وەزارەت، داوایان لە بەریتانییەکان کردووە تیمێکی شارەزای سەربازییان بۆ بنێرن. ڕەزگەیی گوتی "وەزیری پێشمەرگە پێیگوتین تیمەکە ماوەیەک لەمەوبەر هاتوون و بەشەکانی وەزارەتیان بینیوە و دواتر ڕاپۆرتێکیان ئامادەکردووە. چەند پێشنیازێکیان بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی وەزارەت پێشکەشکردوون. بە قسەی وەزیر، دیراسەی وردی ڕاپۆرتەکە دەکەن و ئەو پێشنیازانەی دەگونجێن جێبەجێی دەکەن".

## گۆڕان دەڵێ بەرنامەی نوێیان بۆ ئەو دۆخەی ئێستا هەیە

# بارزانی تۆپەکە هەڵدەداتەوە گۆڕەپانی چوار حیزبەکە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە کارتەکانی لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان هێزی سیاسییان لەدەست دابێت. گوتەبێژی فەرمیی بزووتنەوەکەش دەڵێت بەرنامەیەکی نوێیان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخەی ئێستا. ئەوە لە کاتێکدایە کە میدیای بزووتنەوەی گۆڕان بە هەمانشێوەی ساڵی 2011 گەڕاوەتەوە نێو شەقامی نارەزایەتییەکان، بەبێ ئەوەی بزووتنەوەکە ئامادەبێ کشانەوەی خۆی لەو حکومەتە ڕابگەیەنێ کە ئەو بە شکستخواردووی دەزانێت.

پێشنیازێکی پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا، پارتی دیموکراتی کوردستانی هێنایەوە قسە، کاتێک ڕایانگەیاند، بە پرۆژەیەکەوە سەرقاڵن بۆ ئەوەی لە پرۆژەی بودجەی ساڵی نوێدا ئەوە جێگیر بکەن کە بەغدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکان بکات. ئەوەش یەکێک لە کارتەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوو دژی پارتی کە لەمانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردووەوە ناکۆکییەکانیان گەیشتووەتە ترۆپک. بەڵام دواتر گوتەبێژی حکومەتی عێراق بە لێدوانێک کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کاتێک بە (رووداو)ی گوت "تەنیا مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین".


شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو بۆچوونە بە هەڵە نێودەبات کە پرۆژەکانیان بۆ دژایەتی یان کاردانەوە بن و دەڵێ ئەوان پشتیوانی لە داواکاریی خۆپیشاندەران دەکەن. ڕەتیشی دەکاتەوە کە کارتەکانیان سووتابن و گوتی "بەرنامەی خۆمان هەیە بۆ ئەو دۆخەی ئێستا".

شۆڕش حاجی، جگە لەوەی نێوەڕۆکی بەرنامە نوێیەکەیان ئاشکرا ناکات، وادەکەشی ڕاناگەیەنێ "ئەگەر ئاشکرای بکەین سیحرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئاشکرای ناکەین".

ڕووداوەکانی کۆتایی ساڵی 2015 بوونە یادەوەریی تاڵ لە مێژووی پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا. پارتی و گۆڕان لە پەرلەمانەوە تێکچوون و پاشتر ناکۆکییەکان شۆڕبوونەوە بۆ نێو شەقام و ئاڵۆزی و شەڕوشۆڕی لێکەوتەوە، تاوەکو کار بەوە گەیشت وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان کە لە گۆڕانە، ڕەوانەی ماڵەوە بکرێنەوە. ئێستا کە خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان لە شەقامەوە سەریان هەڵداوەتەوە، بەشێک لە پەرلەمانتار و کادرانی بزووتنەوەکە لە نێوخۆپیشاندەرانەوە دەردەکەونەوە.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانی لە خۆپیشاندەران بۆ دوو ئامانج دەگێڕێتەوە و دەڵێ، بەرنامەی خۆپیشاندەران هەر ئەوەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا گۆڕان کاری لەسەر دەکرد، بەڵام پارتی ملی بۆ نەدا "ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە جگە لە بزووتنەوەیەکی سیاسی، زۆرینەی خەڵکیش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئەم حکومەتە باشترین ڕێگەچارەی بەردەمی هەڵوەشاندنەوە و ڕاگەیاندنی شکستەکانیەتی".

شەش مانگ لەمەوبەر بزووتنەوەی گۆڕان یەکێکی دیکە لە کارتە کاریگەرەکانی پیشانی پارتی دا، کاتێک لە ماڵی تاڵەبانییەوە، نەوشیروان مستەفا و بەرپرسانی بزووتنەوەکە و بەرپرسانی یەکێتی دەرکەوتن و بە دەم زەردەخەنەوە ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد. هەرچەندە بەرپرسانی ئەو بزووتنەوەیە و یەکێتی، بەردەوام دووپاتیان دەکردەوە کە ئەوەیان بۆ دژایەتی پارتی نەکردووە، بەڵام ئەوانە بەس نەبوون بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی پارتی، ئەنجام کۆبوونەوەی سەرکردایەتییە هاوبەشەکان وەستان و ڕێککەوتننامەکەش لەشوێنی خۆی وەستا، تەنیا یەک لەسەر سێی بڕگەیەکی جێبەجێ کرا، ئەویش ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتی نێوان فراکسیۆنی گۆڕان و یەکێتی بوو لە بەغدا. بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە دەبووایە هەمان هاوپەیمانێتی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە نێوان فراکسیۆنی سەوز و نیلی ڕابگەیەنرێ.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ساماڵ عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە یەکێکیشە لە ئەندامانی سەرکردایەتی هاوبەش، دەڵێ ڕێککەوتننامەکەیان لەگەڵ یەکێتی هێشتا ماوە "بەڵام سەرکردایەتیی هاوبەش جارێ نەیتوانیوە کۆببێتەوە بەهۆی ئەو دۆخەی لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە".

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان نایشارێتەوە هیچ کاتێک بە قەدەر ئێستا پەیوەندیی گۆڕان و پارتی خراپ نەبووە، بەڵام گوتیشی "هێشتا بەشی ئەوە ماوە پەیوەندییەکان ئاسایی ببنەوە ئەگەر پارتی ڕازی ببێ بەوەی دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش مانگی حوزەیرانی 2015".

ئەو بەرپرسەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ "پێناچێ بەم نزیکانە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی نێوان گۆڕان و یەکێتی بکرێ، هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان داوای کردووە یەکێتی ڕوونکردنەوەی بداتێ لەبارەی چارەنووسی ڕێککەوتننامەکە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەستی کەوتوون، بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی ئەو ساڵەدا دەبوو بڕیارێکی چارەنووسسازی سیاسی دەربکات کە ئەویش بابەتی کشانەوەیەتی لە حکومەت، بەڵام ئەوە بەند بووە بە تاقیکردنەوەی زمانی سیاسیی حیزبە بەشدارەکانی دیکەی نێو حکومەت، بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

شەوی یەکشەممەی ڕابردوو، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا پێشنیازی کرد کە حیزبەکانی کوردستان "بکەونە گفتوگۆ و پارلەمان کارا بکرێتەوە و سەرۆکایەتییەکی تازە بۆ پارلەمان هەڵبژێردرێت". هەروەها داوای کرد کە حیزبەکان ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی "حکومەتێکی نوێ دابمەزرێت و بەڕێزێکیش بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم هەتا کاتی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتیی هەرێم بگرێتە ئەستۆ".

بارزانی هەر لەو پەیامەدا دەڵێت کە ئەویش بە هەموو توانایەک یارمەتیی ئەو پرۆسەیە دەدات.

بارزانی بەو پەیامە، تۆپەکەی هەڵدایەوە گۆڕەپانی چوار حیزبەکە کە ڕەنگە کێشە هەرە گەورەکەیان دەستنیشانکردنی کەسێک بێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، تەنانەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت.

# پێشنیازەکەی گۆڕان ناخرێتە نێو پرۆژەی یاسای بودجەی عێراق

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو پێشنیازەی کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ مامەڵەی ڕاستەوخۆی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کرد، هێشتا لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا جێگیر نەکراوە. مەکتەبی سیاسی یەکێتیش داوای لە ئەندامانی فراکسۆنەکەی دەکات پشتگیری لە پێشنیازەکەی گۆڕان نەکەن.

پرۆژەی یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ 2017 بە نزیکەی 100 ترلیۆن دینار خەملێنراوە. لە دوایین دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لەم مانگەدا گفتوگۆی لەبارەوە کرا، هەر لەو دانیشتنەدا فراکسیۆنی گۆڕان داوایان کرد بۆ چارەسەری قەیرانی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لە پرۆژە یاساکەدا بۆ ساڵی داهاتوو، حکومەتی عێراق ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکاندا بکات، ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەندی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ بەغدا نەبوو.

ئەو پێشنیازە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەتوندی ڕەتکرایەوە بەوپێیەی سەروەری و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان پێشێل دەکات.

وا بڕیارە ئەم هەفتەیە لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەست بە کۆبوونەوەکانی بکات بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای بودجە، بەڵام تائێستا پێشنیازەکەی گۆڕان نەگەیشتووەتە لیژنەکە.

مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق کە ئەندامی لیژنەی داراییشە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوەی باس دەکرێ تەنیا پێشنیازێکە کە فراکسیۆنی گۆڕان لە دانیشتنی پەرلەماندا پێشکەشی کردووە.

مەسعود حەیدەر گوتی "سەرەتا دەبێت لەنێو فراکسیۆنە کوردییەکان گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت تا بزانرێت تەنیا وەکو پرۆژەی گۆڕان دەمێنێتەوە یان دەبێتە پرۆژەی هەموو فراکسیۆنەکان، دوای یەکلابوونەوەی لەنێوان فراکسیۆنە کوردییەکان، ڕەوانەی لیژنەکەمان دەکرێت، ئێمەش لە کاتی تاوتوێکردنی بودجەدا لە ڕووە یاسایی و سیاسییەکەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین". گوتیشی "ئەگەر لێژنەی دارایی دەنگی لەسەر دا ئەوا وەکو ماددەیەک دەخرێتە نێو پرۆژەی بودجەوە".

مەسعود حەیدەر بەپێی ئەزموونی ساڵانی ڕابردوویان لە پرۆژەی یاسای بودجەدا گوتی "لەبەرئەوەی ئەو پێشنیازە جگە لە لایەنی دارایی، ڕەهەندی سیاسیشی هەیە، بۆیە ئەگەر لای ئێمەش ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، هەر دەبێت لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیراندا تاوتوێ بکەین بۆ ئەوەی وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕای خۆی لەسەر بدات، بەڵام ئەگەر عەبادی ڕەتیشیکردەوە، هەر دەڕواتە دانیشتنی پەرلەمانەوە".

مەسعود حەیدەر لەو باوەڕەدایە پێشنیازەکەی گۆڕان لە لێژنەی دارایی پەسەند بکرێ و گوتی "لەو باوەڕەدام دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە کێشەی بێ مووچەیی کوردستان، هەموو شەقامی عێراقی هەستیان پێ کردووە".

هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت پێشنیازەکەی بۆ چارەسەری قەیرانی مووچەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی کاردانەوەکانی دوای تەرحکردنی ئەو بیرۆکەیە، پێدەچێت بیرۆکەکە تەنیا بۆ دەڤەرەکانی سلێمانی و هەڵەبجە بێت هیچ پشتیوانێکیشی لە کوردستان نەبێت. سەرباری ئەوەی کە گوتەبێژی حکومەتی عێراق ڕەتیکردەوە ئەوان مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هیچ پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بکەن.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

دەڤەری سلێمانی لەڕووی داهاتەوە بە پلەی یەکەم پشتی بە بەرهەمە سروشتییەکان بەستووە پاشان داهاتی ناوخۆ، بە گشتی لە دەڤەرەکە جگە لە کێڵگە نەوتییەکان، سێ جۆر غازیش بەرهەم دێت، ئەوانیش غازی شل کە بۆ ماڵان بەکاردێت، غازی وشک بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، لەگەڵ جۆرێکی دیکەش پێی دەگوترێت نەفسا.

غالیب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "داهاتی مەرزەکان و فڕۆکەخانەی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتییەکان، مانگانە نزیکەی 80 ملیار دینارە، غازی وشکیش ڕۆژانە 340 ملیۆن پێ سێجای لێ بەرهەم دێ و داهاتی مانگانەی نزیکەی 340 ملیۆن دۆلارە، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ کارەبا بەکاردێت، داهاتەکەی بۆ سلێمانی ناگەڕێتەوە. غازی شلیش ڕۆژانە 1200 تۆنی لێ بەرهەم دێت، داهاتەکەی 11 ملیۆن دۆلارە. جۆری سێیەمی غازیش ڕۆژانە 15 هەزار بەرمیلە لە کێڵگەی کۆرمۆر بەرهەم دێت و داهاتی مانگانەی 18 ملیۆن دۆلارە، داهاتی مانگانەی نەوتەکەشی 100 ملیۆن دۆلارە".

غالیب محەممەد گوتی "ئەم دەڤەرە خاوەنی ئەو داهاتانەیە، لە کاتێکدا مووچەی سەرجەم فەرمانبەران بەبێ پاشەکەوت 360 ملیار دینارە، بە پاشەکەوتیشەوە 243 ملیارە".

### یەکێتی پشتگیریی پێشنیازەکە ناکات

بەپێی نووسراوێکی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە ژمارە 135/ن کە ڕۆژی 2016/11/16 ئاڕاستەی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق کراوە، یەکێتی پشتگیری ئەو پێشنیازەی گۆڕان ناکات.

وێنەیەکی نووسراوەکە دەست (رووداو) کەوتووە و تێیدا هاتووە "پێمانخۆشە سیاسەتی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکێتی و کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیتان بۆ دووپات بکەینەوە کە یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان، قابیلی هیچ چەشنە دەستکاری و دەستی بە دەستی پێکردن نییە. باشترین چارەسەر ئەوەیە کە بە پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی، ئابووری، دەستووری و ئیداری بە ماددەی (140)یشەوە لەلایەن هێزە کوردستانییەکان و حکومەتی هەرێمەوە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکرێت، نەک هەر حیزبێک و پارێزگایەک ڕێگای هەڵدێری سیاسی و ئیداری بگرێتەبەر".

مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە ناڕاستەوخۆ وەڵامی پێشنیازەکەی گۆڕانی داوەتەوە "پڕوپاگەندە هەیە، گوایە، سیاسەتی یەکێتی هاوئامانجە لەگەڵ ئەو تەرحانەی فراکسیۆنی دیکەی کوردستانی لە بەغدا پێشکەشیان کردووە و لە چاوپێکەوتنەکانیاندا باسی دەکەن، ئەم پڕوپاگەندەیە دوورە لەڕاستییەوە، تەنانەت یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆچوونی وای نییە".

فراکسیۆنی یەکێتی لەبەر ڕۆشنایی نووسراوەکەی مەکتەبی سیاسی، ڕۆژی 2016/11/17 کۆبوونەوەیان کردووە و دوو پێشنیازیشیان بۆ مەکتەبی سیاسی ناردووە.

محەممەد عوسمان، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق لەوبارەوە گوتی "یەکەمیان چارەسەری کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە کێشەی مووچەش چارەسەر بکرێت، دووەمیش جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدایە کە لە کۆتایی ساڵی 2014 ئیمزا کراوە، چونکە بەشێک لە پەرلەمانتارانی عەرەب دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنەکە. بۆیە بودجە نانێرین، بەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیسەلمێنێت کە پابەندە بە ڕێککەوتنەکە و حکومەتی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو پابەند نەبوو بە ناردنی بەشە بودجەی کوردستان، ئەو کات فراکسیۆنە کوردییەکان لە دادگای فیدراڵی، سکاڵا لە دژی بەغدا تۆمار دەکەین".

## سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# ئێرانییەکان چاوەڕێی کاک مەسعود دەکەن



**سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) دەڵێت هەڵە بوون کە پۆستەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیان لە حکومەت پڕنەکردەوە. لە گەڕانەوەی گۆڕانیش بۆ نێو حکومەت بێ ئومێد نییە. سەعدی پیرە کە لە باڵی "زۆرینە"ی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، جگە لە قسەکردن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوخۆی حیزبەکەی، لەسەر چەندین دۆسیە و بابەت وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

> لە گەڕانەوەی گۆڕان بۆ نێو حکومەت بێ ئومێد نەبووین

> 70 %ی دەسەڵات بەدەست پارتییەوەیە

> بەدیلی ڕێککەوتنی ستراتیژیمان نییە

> هەڵەمان کرد کە پۆستەکانی گۆڕانمان پڕنەکردەوە

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا قسە و باسی زۆر لە بارەی مامەڵەی ڕاستەوخۆی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرا، تۆ ئەمەت بە بیانووگرتن وەسف کرد. بۆچی بیانووگرتنی لایەنە سیاسییەکان گەیشتووەتە ئەو ئاستە؟**

**سەعدی پیرە:** سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی فیدراڵییە، لە دەستووری عێراقیش جێگیرکراوە، بۆیە هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەو بارەیەوە دەکرێن بەتاڵە.

**ڕووداو: بەڵام ئەوانەی ئەو بابەتانەیان وروژاندووە خەڵکی ئاسایی نین؟**

**سەعدی پیرە:** من حەقم بەوانەوە نییە، ئەوان ئەگەر خوێندەوارییان هەبێت دەبێ دەستوور بخوێننەوە. ئەگەر برادەرانی گۆڕان دەستووریان خوێندبێتەوە دەزانن مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکان ناکرێت، ئەگەر برادەرانی پارتی دەستووریان خوێندبێتەوە دەزانن گۆڕان ئەوەی پێ ناکرێت.

**ڕووداو: پەرلەمانتاری یەکێتیش پشتگیریی ئەو پرۆژەیەیان کردبوو؟**

**سەعدی پیرە:** پەرلەمانتاری یەکێتی لە نەزانی ئەو قسانە دەکات، ئەگەرنا ئەویش دەستوور بخوێنێتەوە دەزانێت ئەم بابەتە وا نابێت.

**ڕووداو: مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کەرکووک لەگەڵ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە، باسی ئەو بابەتەتان لەگەڵ کردن؟**

**سەعدی پیرە:** بەڵێ. بە ئاڵا خانمان گوتووە، پابەندی دەستووری عێراق بن. دەستووریشناڵێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن. ئێمە دەمانەوێ کێشەی دارایی چارەسەر بکەین، بەڵام بەو شێوەیە نا. دەزانی ئەسڵی مەسەلەکە پەیوەندی بە کێشەی نێوان گۆڕان و پارتییەوە هەیە. پارتی و گۆڕان لە جیاتی ئەوەی چەقۆ و داس لە یەکتر بسوون و سەنگەر لە یەکتر بگرن، باشترە دانیشن و گفتوگۆ بکەن و دەستپێشخەری بکەن، کۆتایی بەو کێشانە بهێنن، چونکە داخستنی پەرلەمانی کوردستان شتێکی جوان نییە، هەموو شاندە بیانییەکان کە دێنە هەرێمی کوردستان دەڵێن کارێکی خراپە پەرلەمان داخراوە.

یاسای بودجە هیچ شتێک لە دەستوور ناگۆڕێت، پێشتر کە بودجەی کوردستان لە بەغداوە دەهات 53% بۆ هەولێر و دهۆک بوو 47% بۆ سلێمانی بوو، کەسێک نوقەی لێوە نەدەهات، چونکە پشکی هەولێر شتێکی زیاتر بوو لە سلێمانی. ئەو کاتیش کە وەزارەتی دارایی یەکنەخرابوو کە ئێستاش بە تەواوەتی یەکی نەگرتووتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بەغدا دەکرد نەک پارێزگاکان بە سەربەخۆیی.

**ڕووداو: تۆ گلەییت کردبوو کە هەندێک کەس لە سەرکردایەتیی پارتی قسەکانی یەکێتی دەگۆڕن؟**

**سەعدی پیرە:** نەمگوتووە قیادەی پارتی و بڕوا ناکەم سیاسەتی مەرکەزی پارتی بێت، بەڵام لەوانەیە هەندێک کەس لە ئاستی دیکە بن، قسەیەکی وا بکەن بیانەوێ خۆیان خۆشەویست بکەن. ڕەنگە لە نێو یەکێتیش خەڵکێک هەبێت بیەوێ قسەیەک بە پارتی بڵێ، تا خۆی خۆشەویست بکات. ئێمە لە سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی بە حورمەتەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەین. ڕەنگە ئەوانەی تازە هاتوونە نێو کارەکە لە هەڵبژاردنی وشەکان دەقیق نەبن، ڕێگا بە خۆی دەدات قسەیەک لە خۆی گەورەتر بکات یان قسەیەک بکات هی ئەو نەبێت.

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە کۆنەبوونەتەوە. ئەمە وای نەکردووە ئەم شتانە دروست ببێت؟**

**سەعدی پیرە:** کۆبوونەوە و یەکتر بینین لە ئاستی باڵا لە نێوان ئێمە و پارتی هەبووە، تێگەیشتن و بۆچوونی جیاوازمان هەیە، بەڵام لە زۆر بۆنە و دیدار یەکدی دەبینین، ئێمە لەگەڵ پارتی تێگەیشتنی جیاوازمان بۆ خۆپیشاندانەکان هەیە. پارتی پێیوایە هەردوو کەس کۆببنەوە و خۆپیشاندان بکەن دژی ئەوە. ئێ تۆ بۆ وا وێنای ڕووداوەکان دەکەی. یان ئەو خۆپیشاندانەی مامۆستایان هەفتەیەکە دەفی بۆ لێدەدەن ملیۆنی دەبێت، من لە تۆ دەپرسم چەند کەس بوون؟ بە هەموو حیمایەکان و ئاسایشەکانی خۆپیشاندانی مامۆستایان سێ هەزار کەس نەدەبوون. خەڵکە هەموو لە ماڵەوە بوون، تێگەیشتن هەندێک لایەنی سیاسی دەیانەوێ ئەو خۆپیشاندانە بە سیاسی بکەن.

> عەبادی بەشێک لە پارەی مامۆستایان دەنێرێت

> خۆپیشاندانەکان دژی هەموو حیزبەکانە

> هەوڵی بە سیاسیکردنی خۆپیشاندانی مامۆستایان هەبوو

**ڕووداو: دەگوترێ لەگەڵ عەبادی لە گفتوگۆدان بۆ ناردنی بەشێک لە مووچەی مامۆستایان؟**

**سەعدی پیرە:** لەو باوەڕەدام ئەگەر هەمووشی نەنێرێت بەشێکی دەنێرێت. داوای ژمارەی مامۆستایانی کردووە، شاندەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر داوای عەبادی نەڕۆیشتووە بۆ بەغدا، خۆم لە کاک قوبادم بیست عەبادی گوتوویەتی هاتنی شاندەکە بۆ بەغدا دوابخەن، چونکە مەشغوڵی شەڕی مووسڵین.

**ڕووداو: لە میدیاکان و سەرکردەکانی خۆتان وا دەردەکەوێت ئێوە ئاگاداری داهاتی نەوت نەبن، ڕاستە ئێوە ئاگادارنین وەکو مەکتەبی سیاسی؟**

**سەعدی پیرە:** من مەعنی نیم بەو بابەتە. خەڵک و بەرپرسی خۆی هەیە، داهاتی نەوت چەند پرۆسەیەکە ڕەنگە لەو ڕۆژەی پارەکە دێتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی کێشە نەبێت، بەڵکو پێش هاتنی پارەکە بۆ سەر وەزارەتی دارایی و چەند دەبردرێت و بۆ چ مەبەستێک داوای ڕوونکردنەوەمان کردووە.

**ڕووداو: بەشێک لە خەڵک دەڵێن پارە هەیە و دابەش ناکرێت؟**

**سەعدی پیرە:** کێ هەیە پارەی هەبێت و دابەشی نەکات و حکومەتەکەی بهێنێتە سەر لێواری خیانەت. هەزاران قسە بهێنێتە سەرخۆی، بڕواناکەم و ناچێتە عەقڵمەوە، چونکە ئەو مووچەیە ئەمڕۆ نەیدات سبەی دەبێت بیدات.

**ڕووداو: ئێوە هەر سێ حیزبەکە (یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) بڕیارتاندا وەزارەتەکانی گۆڕان پڕ نەکەنەوە، پارتیش بە کادیرو وەزیرەکانی خۆی پڕ کردەوە، بۆچی پڕتان نەکردەوە؟**

**سەعدی پیرە:** ئێمە لە هاتنەوەی گۆڕان بۆ نێو حکومەت بێ ئومێد نەبووین، کێشەکانیش زۆر گەورە نین تاوەکو چارەسەر نەکرێن.

**ڕووداو: وەکو یەکێتی هەڵەتان کرد کە پۆستەکانتان پڕ نەکردەوە تا پارتی هەمووی پڕ کردەوە؟**

**سەعدی پیرە:** بەڵێ هەڵەمان کرد، دەبوو هەندێک لە برادەرانی ئێمە لە حکومەت وەکو پارتی پۆستەکان بەڕێوەببەن لەوانەش وەزارەتی دارایی.

**ڕووداو: تۆ دەڵێی پارتی 70%ی دەسەڵاتی لەلایە بە ڕاستی ڕێژەکە بەو شێوەیەیە؟**

**سەعدی پیرە:** تۆ پۆستەکان حیساب بکە، هەر لە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش، وەزارەتی ناوخۆ، پێشمەرگە، دارایی، سامانە سروشتییەکان، پەروەردە، ئەوقاف، پلاندانان و شارەوانی و چەندین پۆست. ئەو نا هاوسەنگییەش لە دەرکردنی تیمی گۆڕان لە حکومەت دروست بوو یەکێتیش بڕیاری دا پۆستەکان پڕ نەکاتەوە.

**ڕووداو: چارەسەر چییە خۆ ئەم دۆخە بەم چەقبەستووییە بەردەوام نابێت؟**

**سەعدی پیرە:** ئەم بابەتە بە ئینکارکردن چارەسەر نابێت، گۆڕان یەک لەسەر چواری دەنگی پەرلەمانی هەیە، حەقم بە خەڵکەوە نییە دەڵێ گۆڕان لاواز بووە و کەسی نەماوە، هەموو لایەنەکان لاوازبوون ئەم خۆپیشاندانەی دەکرێت دژی هەموو لایەکمان دەکرێت.

**ڕووداو: باسی دروستکردنی هەرێمێک دەکرێت کە لە پارێزگای کەرکووک و سلێمانی بێت، ئەو بیرۆکەیە قسەی لێکراوە؟**

**سەعدی پیرە:** لە ورژاندنی ئەم بابەتانە مەبەستیان یەکێتییە. خەڵک مەشغولکردنە بە شتی لاوەکی بە تایبەت ئێستا باسی داهات و ئەو شتانە دەکرێت، یەکێتی چۆن هەولێر لە دەست خۆی دەدات، لەبەر دروستکردنی هەرێمێک ئێمە و پارتی لە هەولێر وەکو یەکین. بەوە نییە هەڵبژاردن بە جۆرێکی دیکە دەکرێت، ئێمە لە هەموو پارێزگاکان کورسیمان هێناوە بە دهۆکیشەوە. ئێستا چۆن لەبەر دروستکردنی هەرێمێک کە هیچ بنەمایەکی نییە، دەست لەو ناوچانە هەڵدەگرین.

**ڕووداو: ئەی پارتییە بەو جۆرە قسانە خەڵک لە ئێوە هاندەدات؟**

**سەعدی پیرە:** زۆر لە قیادەی وەسەتی پارتی، ئەو قسانە بڵاودەکەنەوە. لە زانکۆی سۆران سەمینارێکم هەبوو چەند کەسێک بە جلی کوردی جامانە سووریان بەستبوو پرسیاریان لێکردم سەرۆک دەیەوێ ریفراندۆم بکات، بۆچی یەکێتی دژیەتی؟ منیش لێم پرسین کە کێ گوتوویەتی دژی ریفراندۆمین؟ گوتیان گوێمان لێبووە. بۆیە دەبێت کادیرانی خۆمان وا پەروەردە بکەین کە یەکتر قبوڵ بکەن، نەک لە دژی یەکدی هانیان بدەین.

**ڕووداو: لە چەندین شاند و پێشوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەست بە کەمی ئامادەیی یەکێتی دەکرێت، بۆچی خۆتان دوورگرتووە لە کاتێکدا ئێوە هاوبەشی پارتین لە حوکمڕانی؟**

**سەعدی پیرە:** بڕوا ناکەم خەتای کاک مەسعود بێت، بەڵکو دەوروبەرەکەی وا دەکەن. وا دەزانن خزمەت دەکەن، لە کاتێکیشدا وانییە، ئەمە خزمەت بە دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ناکات.

**ڕووداو: هیچ بە دیلێکتان بۆ ڕێککەوتنامەی ستراتیژی لەگەڵ پارتی هەیە؟**

**سەعدی پیرە:** تاوەکو ئێستا بەدیلی ڕێکەوتنامەی ستراتیژیمان نییە. لەوانەیە هەوڵبدرێت لێرەو لەوێ بە لێدوانێکی نابەرپرسانە لە بایەخی ئەو ڕێککەوتنامەیە کەمبکرێتەوە. ئەو ڕێکەوتنە بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و شەڕ بوو. ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە نەبووایە چیمان دەکرد؟ بۆیە ڕێککەوتنامەکە بە لای منەوە گرنگ و کارایە.

**ڕووداو: پێیتوایە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردن بکرێ؟**

**سەعدی پیرە:** دەبێ هەڵبژاردن بکرێت. بە پێویستی دەزانم هەندێک لە سەرکردەو سەرۆک حیزبەکان لە نێو پەرلەماندا هەبن. لە خولی یەکەمی پەرلەمان ئەگەرچی شەڕی ناوخۆ و زۆر شتی ناخۆش ڕوویدا، بەڵام توانیمان چارەسەری زۆر شت بکەین چونکە سەرکردەی زۆربەی حیزبەکان لە پەرلەمان بوون.

**ڕووداو: دوای ڕێککەوتنی 17ی مایس، گۆڕان چاوەڕێی زیاتر لە یەکێتی دەکرد، بۆچی ڕێککەوتنەکە بە تەواوی جێبەجێنەکرا؟**

**سەعدی پیرە:** لەم ڕێککەوتنە ئێمە بڕیارمان نەداوە ببینە گۆڕان، ئەوانیش بڕیاریان نەداوە ببنە یەکێتی. ئێمەش چاوەڕێی زۆرمان لە گۆڕان دەکرد، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە سەرەتایەکە بۆ یەکخستنی گۆڕان و یەکێتی. جگە لەوە ئێمە نابینە لایەنگر لە کێشەی پارتی و گۆڕان، بەڵام ناشهێڵین ئەو کێشانە بەردەوامبن و گەورەتربن.

**ڕووداو: پارتی لە هەوڵەکانی سەرکەتوو بوو بۆ ساردنەوەی گۆڕان و یەکێتی لەو ڕێککەوتنە، بە تایبەتی پێشوازی لە شاندی هاوبەشی هەردوولاتان نەکرد؟**

**سەعدی پیرە:** شاندەکە دەیتوانی بچێتە لای پارتی، بەڵام خۆ ئەوان ناڕازی بوون لە ڕێککەوتنەکە، بۆیە شاندەکە بچێت باسی چ بکات؟ هەندێک هەڵە کرا لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە. دەبوو هەندێک شت هەبوو لە ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان بۆ برادەرانی پارتی ڕوونبکرێتەوە. هەندێک هەڵە تێگەیشتن لەگەڵ بوونی خەڵکی ئاژاوەگێر لە نێوان پارتی و یەکێتی و دەرەوە هەبوو کە دەیانویست تەفسیری هەڵە بۆ ڕێککەوتنەکە بکەن.

**ڕووداو: چاوەڕێ دەکرا گۆڕان لە حکومەت بکشێتەوە، بەڵام نەکشانەوە. بە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت قەیرانەکان چارەسەر دەبن؟**

**سەعدی پیرە:** کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت سوودی نییە، بۆ دەکشێنەوە؟ ئێمە لە بەیەکەوە کارکردن زەرەرمان نەکردووە. ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت کێشە و سەرئێشەی بۆ دروستبووە، ئەویش قابیلی چارەسەرە.

**ڕووداو: پارتی و گۆڕان کێشەکانیان بردە ئاستی دادگا و شکاندنی ڕەمزەکان. پێتوایە لە ئایندەیەکی نزیک بارزانی و نەوشیروان مستەفا کۆببنەوە؟**

**سەعدی پیرە:** لە نێوان ئێمە و پارتی خوێن ڕژا. چەندینجار سوێندمان خوارد دەستی خۆمان دەبرین ئەگەر تەوقە لەگەڵ یەکدی بکەین، کەچی ئاشتبووینەوە و ڕێککەوتین. ئەو قسانە لە سیاسەت دەکرێت هیچ شتێک بە گەرمی ناخورێت دەبێ لێی بگەڕێی تا سارد دەبێتەوە.

**ڕووداو: لەم سەردانەی دواییتان بۆ تاران، ئێرانییەکان گلەییان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پارتی کردووە کە لە هەولێرەوە سعودیە چالاکی سەربازی دژی ئەوان ڕێکدەخات. ئەوە ڕاستە؟**

**سەعدی پیرە:** بە ڕاشکاوانە پێمانگوتن لە هەولێر هیچ دامەزراوەیەکی سعودی نییە کە دژی ئێوە چالاکی بکات.

**ڕووداو: سەردانی بارزانی بۆ ئێران ئەو گومانانەی ئێران دەڕەوێنێتەوە؟**

**سەعدی پیرە:** بەدڵنیاییەوە ئەوان چاوەڕێی کاک مەسعود دەکەن، چونکە چوونی ئەو بۆ ئێران باشە. لەبەر ئەوە دوای شەڕی داعش دەمانەوێ کورد پەیوەندییە ئیقلیمییەکانی باش بێت، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی ئێران، تورکیا، سعودیە و میسر کە چوار وڵاتی ئیقلمی بەهێزن، دەبێ لە دەرگای هەموویان بدەین بۆ ئەوەی کورد غافلگیر نەکرێت.

> لەبەر دروستکردنی هەرێمێکی دیکە دەست لە هەولێر هەڵناگرین

> عەبادی بۆ نان خواردن هاتبووە هەولێر

> بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا دەبێ لەگەڵ مالیکیش قسە بکەین

**ڕووداو: لەگەڵ تورکیا پەیوەندیتان چۆنە؟**

**سەعدی پیرە:** پەیوەندیمان هەیە، بەڵام ڕەخنەشمان لەو باروودۆخەی نێوخۆی تورکیا هەیە، ئێمە بەلامانەوە گرنگە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا هەبێت، چونکە هەموو سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق لە هەرێمی کوردستانە، بەڵام مانەوەی کێشەی کورد لە تورکیا، کێشەی نەفسیش بۆ ئێمە دروستدەکات.

**ڕووداو: تورکیا ڕەخنەی لە بوونی پەکەکە لە شنگال هەیە؟**

**سەعدی پیرە:** شنگال لە سنووری تورکیا نییە، بەشێکە لە ناوچە کێشە لە سەرەکان، نیوەی هی ئێمەیە و نیوەکەی دیکەی لە ژێر دەستی حکومەتی عێراقە، ئێمە زۆرباش چارەسەری بوونی پەکەکەمان لە قەندیل کردووە تا لە شنگال چارەسەری بکەین؟ ئەوان دەیانەوێ سەری مارەکە بە دەستی ئێمە بگرن، ئێمە خۆمان کێشەمان هەیە، ئەوان وڵاتێکی گەورەن با بێن گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە بکەن و بیانبەنەوە تورکیا.

تورکیا غەدرمان لێدەکات و دەستی دەڕوات، ئەگەرنا حەق نییە لێی قبووڵ بکەین، ئەوان بەردەوام داوای ڕێزگرتنی سنوور لە ئێمە دەکەن، بۆ ئەوان ڕێزی سنووری ئێمە ناگرن؟ هێزێکیان لە سەردەمی سەدام حوسێن لە بامەڕنێ لە دژی پارتی و یەکێتی جێگیرکردووە، بابە خۆ ئێستا پارتی و یەکێتی حاکمن، خۆ تیرۆرست نین.

ئێمە نابین بکەوینە نێوان ئێران و تورکیا، بەڵکو پێویستە پەیوەندییەکانمان هاوسەنگ و باش بێت، هەموو جارێک مام جەلال دەیگوت "پێش ئەوەی سەیری سنوور بکەین، دەبێ سەیری جوگرافیا بکەین".

**ڕووداو: لە سەردانی عەبادی بۆ هەولێر یەکێتی ئامادە نەبوون، ئەوە پەیوەندی بە ململانێی نێو ماڵی شیعە و نزیکایەتی ئێوە لە مالیکی هەبوو؟**

**سەعدی پیرە**: عەبادی لە بەرتلەوە هاتە هەولێر فڕۆکە بگۆڕێت. تەلەفۆنی بۆ کاک نێچیرڤان کردبوو یان بە کەسێکی گوتبوو کە لە بەیانییەوە نانی نەخواردووە و زۆری برسییە، دەیەوێ لە فڕۆکەخانە شتێک بخوات و بگەڕێتەوە بەغدا. ئیتر کاک نێچیرڤان بارزانی بە کاک مەسعودی گوتووە ئەوانیش لە فڕۆکەخانە پێشوازیان لێکرد، واتە بابەتەکە پەیوەندی بە پێشوازی و کۆبوونەوەی فەرمی نەبووە.

**ڕووداو: مالیکی لەو قسانەی کۆتایی هێرشێکی توند دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و خودی بارزانی، ئێوە ڕۆڵتان نییە لە ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییە؟**

**سەعدی پیرە:** ئێمە پێمانباشبوو لەم سەردانەی کاک مەسعود بۆ بەغدا، مالیکی ببینێ. ساردییەکەش لەو کاتە دروستبوو کە مالیکی هاتە سلێمانی سەردانی مام جەلالی کرد لێرە هەڵایەک دروستبوو. ئەو قسانەشی دەکات وەڵامدانەوەیە لە ئەنجامی ئەو ساردییە دروستبووە

مالیکی پیاوێکی بەهێزە لە نێو سیستەمی عێراق، ئەگەر بمانەوێ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، دەبێ لەگەڵ مالیکیش قسە بکەین.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (433) - دووشەممە 2016/11/21
HDP
HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ

## هەدەپە: ناکشێینەوە

**ڕووداو- ئیستەنبوڵ**

بەرپرسانی باڵای پارتی دیموکراتی گەلان رایدەگەیێنن لە پەرلەمانی تورکیا ناکشێنەوە و بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی بەهێزتر دەگەڕێنەوە پەرلەمان بۆ ئەوەی ڕێگە لە پارتی دەسەڵات بگرن یاساکانی هاوشێوەی دەستدرێژی سێکسی هەموار بکەنەوە. دۆغان ئەرباش، هاوسەرۆکی لقی ئیستانبوڵی پارتی دیموکراتی گەلان HDP لە میتینگی پارتەکەی لە ئیســتانبوڵ رایگەیاند "دوای کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی پارتەکەی بڕیاریانداو بە شــێوەیەکی چالاکتر بگەڕێنەوە بۆ ناو پەرلەمان" ئەرباش گوتی "چەند ڕۆژێکە کۆبوونەوەی چڕوپڕ ئەنجام دەدەین، بینیمان کە چۆن یاسای دەستدرێژی سێکسی هەموار کرایەوە، ئایا ئەگەر هەدەپە لەوێ بووایە بەو ئاسانییە یاساکە مشتومڕ دەکرا؟ هەربۆیە بڕیارماندا چالاکییەکانمان لە پەرلەمان زیاتر بکەین".

# ململانێ لەسەر ئەلباب توندتر دەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

تا دێت ململانێ لەســەر گرتنی شارۆچکەی ئەلبــاب، لە نێوان یەکینەکانی پاراســتنی گەل (YPG)، ســوپای ســووریا و قەڵغانــی فورات کە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێن، تۆختر دەبێتــەوە، ئــەم ململانێیــە دوور نییە شــەڕی نێوان یەپەگە و قەڵغانی فوراتی لێ بکەوێتەوە. نووســەرێکی تــورک دەڵێت "ئێســتا هێزەکانی قەڵغانــی فورات لەهەمووان نزیکترن لە ئەلباب، بەڵام دیار نییە لە کۆتاییدا کێ ئەلباب دەگرێت".

خەریکــە ناوچــەی شــەهبا و دەوروبــەری شارۆچکەی ئەلباب کە 31 کم لە باکووری شاری حەلــەب دوورە، دەبێتە گەورەتریــن گۆڕەپانی شــەڕی ناوخۆی ســووریا، ســێ لایەنی کورد، تورکیا و ڕژێمی سووریا هەریەکە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەخوازێ پێگەی سەربازیی خۆی لەو ناوچەیە بەهێزتر بکات.

موحەڕەم ســاریکایا، نووســەری تــورک بە (ڕووداو)ی گــوت "بەهــۆی ئــەو هەلومەرجەی لــە ئارادایە، ئەلبــاب بووەتــە خاڵێکی گرنگی ســەربازی. ئەلباب لەدەستی کێدا بێت، پێگەی ئەو لایەنە بەهێزتر دەبێت".

ئاشــکرایە تورکیا بە گرتنی ئەلباب دەیەوێ شــارۆچکەی عەفرین لــە کانتۆنەکانی دیکەی ڕۆژئــاوای کوردســتان کــە پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی ئــاوای کــردوون، دابڕێــت، بۆیــە بەدرێژایــی کەنــاری ڕووبــاری فــورات بــەرەو شارۆچکەی ئەلباب لە پێشڕەویدایە.

ئێســتا هــەر ســێ هێز لــە ئامــادەکاری و پێشــڕەویدان بــەرەو ئەلبــاب. قەڵغانی فورات ڕۆژی 12ی ئــەم مانگــە رایگەیانــد کــە تەنیا دوو کلیۆمەتــری ماوە بگاتە ئەلباب. ســوپای ســووریاش 10 کیلۆمەتــر لــە شــارۆچکەکە دوورە. هێزەکانی سووریای دیموکراتیش دوای ڕزگارکردنــی 10 گوند لــە دەوروبەری ئەلباب، ئێســتا بە دووریــی 8 کیلۆمەتر لــە ڕۆژئاوای شارۆچکەی ئەلباب گیرساونەتەوە.

ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی سووریا هەیە، بێدەنگییان شکاند و هەڵوێستی خۆیــان لــە کێبڕکێی گرتنی ئەلبــاب راگەیاند. ڕۆژی 2016/11/16 جــۆن دووریان، گوتەبێژی سوپای ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لە بەغــدا ڕایگەیاند "هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەشــێک نییە لە جموجوڵی ســوپای تورکیــا لــە باکــووری ســووریا. ئــەوە بڕیاری تورکیایە. سوپای ئەمریکا ڕاوێژکارەکانی خۆی لەنێو قەڵغانی فورات کێشاوەتەوە".

هەروا ڕۆژی 2016/11/18 سوپای تورکیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە ئەوان لەلایەن ڕووســیا و ســووریاوە ئــاگادار کراونەتــەوە لــەوەی فڕۆکــەی تورکیا بەســەر ئاسمانی ناوچەکــەدا نەســووڕێنەوە، چونکە ســوپای ســووریا ئامــادەکاری بــۆ ئۆپەراســیۆنێکی ئاسمانی لەسەر ئەلباب دەکات.



(فۆتۆ: AFP)

هەموو ئەم ڕووداوانە ئەو پرسیارە دەوروژێنن کە کــێ ئەلبــاب دەگرێــت؟ نووســەری تورک موحــەڕەم ســاریکایا دەڵێت "ئێســتا ســوپای ســووریای ئازاد لە هەموویــان زیاتر لە ئەلباب نزیکــە. ئــەوان گەیشــتوونەتە گەڕەکەکانــی دەوروبــەری ئەلبــاب، بــەڵام ڕژێمی دیمەشــق، نایــەوێ قەڵغانــی فــورات بچێتە نێــو ئەلباب. لەهەمانکاتــدا تورکیا بە ڕاشــکاوانە دەڵێت لە ئەلباب ناکشێمەوە. ئایا بەبێ ڕەزامەندی سووریا سوپای ئازاد دەچێتە نێو ئەلباب؟ دوای چوونی

### فەرماندەیەکی یەپەگە:
## خۆمان بۆ شەڕێکی قورس ئامادە دەکەین

بــۆ نێــو ئەلباب، ڕێــگا بــۆ پێکدادانێکی دیکە لەناوچەکە خۆش ناکات؟ لە ئێســتاوە ناتوانین وەڵامی یەکلاکەرەوەی ئەو پرسیارانە بدەینەوە".

بەبڕوای ســاریکایا، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەلبــاب دەبێتــە گرنگترین گۆڕەپانی شــەڕ لە ناوچەکە "چونکە وێســتگەی بەیەکگەیشــتنی هەمووانە، کاتێک ســەیری جوڵــەی هێزەکانی سووریای دیموکرات و هێزەکانی دیکە دەکەین، ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر جدی دەبینەوە".

بــەڵام ســەڵاح عەلەمــدار، نووســەری کورد دەڵێــت "بە زەحمەتــی دەزانم تورکیــا ئەلباب بگــرێ، چونکە هاوســەنگییە نێودەوڵەتییەکان ئاســتەنگن. چونکە ئێــران، ڕژێمی ســووریا و ڕووســیا، لە ئەگەری سەرکەوتنی پلانی تورکیا گەورەتریــن زیانیــان بەردەکەوێــت. لەلایەکــی دیکەوە کورد دەزانێ ئەگەر تورک بگەنە ئەلباب هەموو هەوڵەکانیان بەبا دەچێ".

فەرماندەیەکــی یەپەگە بــەو مەرجەی ناوی بڵاونەکرێتەوە، ئاشــکرای کرد کە ئەوان ئێستا خۆیان بۆ شــەڕێکی قــورس لە ناوچەکە ئامادە دەکەن. ئەو فەرماندەیە دەڵێت ئەوان ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتییان ئاگادار کردووەتەوە و بڕیــاری شــەڕیان داوە ئەگــەر تورکیا بیەوێ ئاستەنگ بخاتە بەردەم یەکگرتنی کانتۆنەکان.

عەمید عەلی حەجۆ، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ســەربازیی جەڕابلوس کە ســەر بــە هێزەکانی سووریای دیموکراتە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە شەڕی تیرۆر دەکەین، ئەمریکا هاوپەیمانمانە و پشتگیریمان دەکات لە شەڕی تیرۆر. هێزەکانمان توانــای ئەوەیان هەیــە ڕووبــەڕووی داگیرکاری تورک و بەکرێگیراوانیان ببنەوە".

لەبــارەی ئەوەی ئایا لە جوڵەی هێزەکانیان بــەرەو ئەلبــاب ڕاوێژیــان لەگــەڵ هاوپەیمانان کــردووە؟ حەجــۆ گوتی "ئێمــە هەموو کاتێک لەگەڵ دۆســتانمان ڕاوێژ دەکەین و هەماهەنگی لەنێوانمانــدا هەیە". گوتیشــی "قەدەغەکردنی ئاســمانی ســووریا بــە ڕووی فڕۆکەکانــی تورکیــا لــە بەرژەوەندیی هێزەکانــی ئێمەیە و هاوسەنگییەکانی شەڕ دەگۆڕێ".

هــەر قەڵغانی فــورات نــا، بەڵکو ســوپای سووریاش دەکرێ ڕێگر بێ لە یەکگرتنی کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین، ئەگەر سوپای سووریا ئەلباب لەدەستی داعش دەربهێنێ.

حەسەن عەفرینی کە فەرماندەیەکی هێزەکانی ســووریای دیموکراتە، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی ســپۆتینگی ڕووســی دەڵێت "ئامانجی ئێمــە گرتنی ئەلباب نییە، ئێمــە دەخوازین لە دەوروبــەری ئەلباب ڕێڕەوێــک لەنێوان عەفرین – کۆبانێ بکەینەوە. ئێستا تەنیا 12 کیلۆمەتر ماوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە".

هــاوکات ڕۆژنامــەی هەبەرتورک لــە ژمارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا لێدوانی سەرچاوەیەکی ئەمنــی بڵاوکردووەتــەوە کە دەڵێت "ســووریا نایەوێ هێزەکانی قەڵغانی فورات ئەلباب بگرن، بەڵام چاوپۆشــی لە یەپەگــە دەکات بۆ ئەوەی کۆریدۆری نێوان عەفرین و کۆبانێ بکاتەوە".

# هەدەپە بیر لە جێگرەوەی دەمیرتاش دەکاتەوە؟



(فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

چاودێرانی سیاســیی کورد بە دووری دەزانن، لــە ئەنجامــی گرتنــی ســەڵاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێیانــی، کێشــەی ڕێبەرایەتــی بــۆ پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) دروست ببێ.

هەڵمەتی حکومەتی تورکیا بۆ دەستگیرکردنی سیاســەتوان و پەرلەمانتارانی کورد لە باکووری کوردستان کە لە 2016/11/4 وە بەردەوامە، تا ئێستا دەستگیرکردنی سێ هاوسەرۆکی هەدەپە و دەبەپــە، 10 پەرلەمانتار و 30 هاوســەرۆکی شــارەوانییەکانی لێکەوتووەتــەوە. هــاوکات دەوڵەتی تورکیا قەیومی بۆ 38 شارەوانی کوردی داناوە، لەوانەش بۆ هەرسێ شارەوانیی گەورەی، ئامەد، وان و ماردین.

ئــەوە جــاری یەکــەم نییــە لــە تورکیــا کە بزووتنەوەی سیاســیی کورد تووشــی هەڵمەتی لەوجــۆرە دەبێت، بەڵکو لەدوای ســاڵانی 1990 کە ئەو بزووتنەوەیە گەشــەی کردووە و بووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، چەندین جاری دیکە ڕووبــەڕووی گرتنــی بە کۆمەڵــی ســەرکردەکانی بووەتــەوە، بــەڵام وا دیارە هەڵمەتــی ئەمجارە لەوانەی پێشوو توندترە.

دەســتگیرکردنی ئــەو ژمــارە زۆرە لــە سەرکردەکانی هەدەپە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو حیزبە دەبێت؟ زۆربەی چاودێرانی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان لەو باوەڕەدان کە ئەو ئۆپەراسیۆنە ناتوانێ هەدەپە پەک بخات.

پارێــزەر بــاران ڤوراڵ لە ناوەنــدی دیجلە بۆ توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەتی ئاکپارتی لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانــەوە بڕیاری داوە بۆ ماوەیەکی درێژ پرۆژەی چارەســەری هەڵپەسێرێ و بەهیچ

### توێژەرێکی کورد:
## هەدەپە دەبێ لە گوتاری تورکیاچێتی دووربکەوێتەوە و لەسەر بنەمای نەتەوەیی سیاسەت بکات

شێوەیەک گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد (هەدەپە – دەبەپە) نەکات".

ئــەو پارێــزەرە پێیوایــە ئەردۆغــان دەیەوێ نوێنەرایەتــی بزووتنــەوەی سیاســی کــورد تێکبشــکێنێ و لە گۆڕەپانی سیاســی دووریان بخاتــەوە "دانانــی قەیــوم و دەســتگیرکردنی هاوســەرۆکەکان بۆ ئــەم ئامانجەیــە. ئاکپارتی قەیوم لەســەر هەموو ئەو شارەوانییانە دادەنێت کە لەدەستی دەبەپەدان. تا ئەو کاتەی گۆڕەپانی سیاســی لەژێــر کاریگەریی دەبەپــە و هەدەپە نامێنێ، درێژە بەم سیاسەتەی دەدات".

حکومەتی تورکیا بەڕای ئەوان بەنیازە هەموو ئەو سەرکردانەی کورد دەستگیر بکات کە توانای ڕێبەرایەتیکردنیان هەیە و دەتوانن نوێنەرایەتیی کــورد بکەن. بەمەشــەوە ناوەســتێ و هەوڵ بۆ دروســتکردنی جێگرەوەیەکی دیکە بۆ هەدەپە-دەبەپە دەکات.

پرۆفیســۆر وەهــاب جۆشــکون پســپۆڕی سیاســەت و مامۆستای زانکۆی دیجلە لە ئامەد دەڵێــت "بزووتنــەوەی کــورد بــە زیندانیکردن و دانانــی قەیــوم لەناو ناچێت. ئەو سیاســەتە بەهــۆی داخوازییەکانی کورد دروســت بووە. تا ئەو کاتەی ئەو داواکاریانە جێبەجێ نەکرێن، ئەو سیاســەتە بەردەوام دەبێت. لە ڕابردووشدا ئەمە تاقیکراوەتەوە و ئەنجامی نەبووە".

دەستگیرکردنی کەسێکی کاریزماتیکی وەکو ســەڵاحەدین دەمیرتاش، کەسە کاریگەرەکانی دیکەی ناو پەرلەمان و سەرۆک شارەوانییەکان، کاریگەری لەسەر ئەدای سیاسیی کورد دەبێت، بــەڵام جارێ دیار نییە، سیاســەتی کوردی تا چەند دەتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتە دروست دەبێ.

بــاران ڤــوراڵ دەڵێــت "هەڵبەتــە ئەمە بۆ کۆمەڵگای کــوردی قۆناغێکی زەحمەتە، بەڵام سیاسەتی کوردی تووشی قەیران ناکات".

ڤــوراڵ هەروەهــا ئاماژە بــە نیگەرانییەکانی کۆمەڵــگای کوردیــش دەکات لــە بزووتنــەوەی سیاســیی کــورد و بەپێویســتی دەزانــێ ئــەو بزووتنەوەیە بەخۆیدا بچێتەوە. لەوبارەوە دەڵێت "بەهــۆی هەڵــەی بزووتنەوەی سیاســی کورد، کۆمەڵــگای کــوردی تەنیا لە دەوڵــەت نیگەران و تــووڕە نییە، بەڵکو لەو کەســانەش تووڕەیە کە دەنگی پێداون. بزووتنەوەی سیاســیی کورد دەبێت چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە، کەموکوڕییەکانی دەستنیشان بکات و ڕەخنە لە خۆی بگرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ هەست و باوەڕی میللەت بەدەست بهێنێتەوە. پێویستە لە گوتاری تورکیاچێتــی دووربکەونــەوە و لەســەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی سیاسەت بکەن".

چاودێرانــی سیاســی کــورد بەپێچەوانــەی چاوەڕوانییەکانــی تورکیــا لــەوەی کە بەکۆمەڵ گرتنی سیاســەتوانانی کورد قەیرانی ڕاستەقینە بۆ هەدەپە دروست دەکات، پێیانوایە کۆمەڵگای کوردی دەتوانێ سەرکردەی نوێ بهێنێتە مەیدان.

نووسەری کورد فەهیم ئیشق دەڵێت "هەموو قۆناغێــک لەگــەڵ خۆیدا ڕێبەری نوێ دروســت دەکات. بۆیە کێشــەیەک بەنــاوی گەڕان لەدوای ڕێبەری نوێ دروست نابێ".

هەر لەوبارەوە پرۆفیســۆر وەهاب جۆشکون دەڵێــت "هیچ ئاماژەیــەک لە ئارادا نییە پێمان بڵێ هەدەپە کێشــەی ڕێبەرایەتــی هەیە. هەر بۆیــە لەنــاو هەدەپــە گفتوگــۆی ڕێبەرایەتی نەهاتووەتە گۆڕێ و پێشموانییە بێتە گۆڕێ".

باران ڤۆراڵ پێیوایە سەڵاحەدین دەمیرتاش ئاوێنــەی گەنجایەتیــی کۆمەڵــگای کوردیــە، قەرەبووکردنەوەی زەحمەتە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێیوایــە لەنــاو کۆمەڵــگای کوردیــدا گەنجی کاریزمایــی وەکــو دەمیرتاش پەیــدا بوون "بە گرتنی دەمیرتاش هەڵبەتە هەســت بە بۆشایی دەکەین و بۆ ســاتێکیش بــێ لەناو کۆمەڵگای کوردی هەســتی بێ ڕێبەری دەوروژێنێ، بەڵام بەهــۆی ئەو بنەما بەهێزەی کۆمەڵگای کوردی هەیەتــی بــاوەڕ ناکــەم بــێ ڕێبــەر بمێنێت و بۆشــاییەک دروست ببێ. لە نێو کورد زیاتر لە دەمیرتاشێک هەیە".

### مایکڵ نایتس، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتن:

# ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان بە بەغدادا دەڕوات نەک ئەنقەرە و واشنتن



**بەغدا چیدی لە جیابوونەوەی کوردستان ناترسێت**

**بەبێ ڕێککەوتنێکی نێوخۆیی لە کوردستان دەستی کورد لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا لاوازە**

ڕووداو- هەولێر

مایکڵ نایتس، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتن، لە وتارێکدا باس لەو هەنگاوانە دەکات کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بیگرنەبەر بۆ ئەوەی پرۆسەی جیابوونەوەی کوردستان، یان وەرگرتنی مافەکانی لە بەغدا، بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوەبچێ.

بەبڕوای نایتس بۆ سەربەخۆیی، هیچ لایەنێک هێندەی بەغدا گرنگ نییە بۆ ئەوەی هەولێر دانوستاندنی لەگەڵ بکا، چونکە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا دەتوانێ کاریگەریی هەموو کێشەکانی دیکەی کوردستانی سەربەخۆ کەم بکاتەوە، لەوانەش دەستێوەردان یان دروستکردنی گوشار لەلایەن ئێران و تورکیاوە.

نایتس لە بەشێکی وتارەکەیدا کە لە پێگەی تایبەت بە پەیمانگەکە لەژێر ناونیشانی (سەرۆکایەتی ترەمپ.. ڕێگەیەکی کورت دەبێت بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، یان وەرچەرخانێکی هەڵە؟) بڵاوکراوەتەوە، باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە ساڵی 2010وە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دروست بوون، کاتێک حکومەتی عێراق لە 2010وە سیاسەتێکی تایفی و توندڕەوانەی پەیڕەو کرد، دواتریش کورد لە 2014 خۆی لە هەموو ئەو داهاتە بێبەش کرد کە لە بەغداوە بۆی دەهات، چونکە زۆر خێرا و تاکلایەنە بەرەو ئابووریی سەربەخۆ بە پشتگیریی تورکیا هەنگاویان نا.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرە بەریتانییەکە، هەنگاوی باش لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەیە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیادی بۆ کوردستان بگوازنەوە، هەر بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا کورد جارێکی دیکەش دەیەوێ ڕێگەی کورتبڕ بگرێتەبەر؟ واتە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە جیاتی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیریی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی دەدات؟

### دانوستاندن سەبارەت بە کۆنفیدرالیزم

مایکڵ نایتس ئاماژە بەوە دەدات کە لە عێراقدا باسکردن لە ئۆتۆنۆمیی کورد و تەنانەت دەوڵەتی کوردیش شتێکی باو بووە، وەک چۆن نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی هانی کوردستانیان داوە سەربەخۆیی وەربگرێ، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا "هەر کاتێک کورد باسی لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کردبێ، بەغدا کاتەکەی بە نەگونجاو زانیوە، یان ئەوەتا سەرکردە عەرەبەکان لە پایتەخت، ئێران دەکەنە بیانوو و دەڵێن ئێمە کێشەمان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نییە، بەڵام براکانمان لەلای ڕۆژهەڵات (واتە ئێران) کێشەن".

لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، شیعە و سوننەدا هەیبووە، نایتس بۆی دەرکەوتووە کە ئەمجۆرە مامەڵەکردنە خەریکە گۆڕانی تێدەکەوێ و حاڵەتێکی زۆر نوێ دێتە ئاراوە: "واتە دیالۆگێکی ڕاستەقینە لە نێوان کورد و بەغدا سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتە سیادییەکان بەڕێوەدەچێ". نایتس پێیوایە شۆکی جەنگی داعش و شەکەتبوون بەدەست ئەم جەنگەوە، دەکرێ یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستە نوێیە بێت، چونکە "ئارەزوویەکی لا ئیرادی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەنێوان لایەنە بەشدارەکانی جەنگی دژی داعش هاتووەتە ئاراوە".

نایتس، کە شارەزای کاروباری عێراق و وڵاتانی کەنداوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەنگە "تەنیا میلیشیا شیعەکان و تورکیا خوازیاری جەنگ بن، بەڵام نە کورد و نە باڵی سیاسی و ڕەوتی ئاینیی باوی شیعە خوازیاری جەنگێکی دیکە نین". هەڵبەت ئەم مەسەلەیە "ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە، بارزانی و عەبادی پێویستیان بە یەکدیە، چونکە هەردووکیان دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە کە هەوڵ دەدات ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست بکات، ئەو دوژمنەش مالیکییە کە ئێران پشتگیری دەکات".

لە بەشێکی دیکەی گوتارەکەی نایتسدا هاتووە کە "بەغدا چیدی لە جیابوونەوەی کوردستان ناترسێت"، سەرکردە شیعەکانیش لە نێوان خۆیاندا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی "عێراقی بێ کوردستان لەڕووی داراییەوە لە ڕەوشێکی باشتردا دەبێ، ئەمە جگە لەوەی عێراق چیدی پێویستی بە یاسای هەرێمەکان نامێنێ. شیعەکان حکومەتێکی ناوەندگەرا و نەریتیان دەوێ کە لە ژێر کۆنترۆڵی عەرەبە شیعەکاندا بێ".

### جیابوونەوە لەڕێی دانوستاندن

نایتس پێیوایە کۆمەڵێک هۆکار هەن وادەکەن جیابوونەوە لەڕێی دانوستاندن بۆ کوردستان باشتر بێ لەوەی هەولێر تاکلایەنە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، یان ڕێگەی دیکە بگرێتەبەر:

**یەکەم:** چارەسەرکردنی پرسەکان بە دانوستاندن ڕێگری دەکات لەوەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر سەرلەنوێ ڕەهەندێکی سەربازی وەربگرێ.

**دووەم:** دانوستاندنەکان خۆیان دەتوانن ڕێوشوێنێک بن بۆ دروستکردنی متمانە و ئاسایش، لە نێوان هەردوو لایەندا.

**سێیەم:** ئەگەر دانیشتنەکان زوو زوو بەڕێوەبچن، بەمە دەکرێ ڕێگە لە هەڵەتێگەیشتن و بەزاندنی هێڵە سوورەکان بگرن.

**چوارەم:** سەروەریی یەکسان و ڕیزی دوولایەنە دەشێت سەرنجی بەغدا و هەولێر ڕابکێشێ، چونکە ئەمە ڕێگری دەکات لەوەی هەولێر و بەغدا دەست لە کاروباری نێوخۆیی یەکدی وەربدەن.

**پێنجەم:** بژارێکی دیکە ئەوەیە کوردستان و عێراق ڕوخسارێکی نێودەوڵەتیی هاوبەشیان هەبێ، لە کاتێکدا سەرکردە کوردی و عێراقییەکان بیر لە سیاسەتێکی دەرەکی هەماهەنگ دەکەنەوە. فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەدرێژایی کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ سەرۆکوەزیران حەیدەر عەبادی بوو، لەمەوە کورد هەستی بەوە کرد کارکردن لە چوارچێوەی کۆنفیدرالیزم چۆنە.

**شەشەم:** باشترین بوار بۆ هاوکارییەکانی نێوان کوردستان و عێراق بواری ئابوورییە، لەبەر ئەوەی عێراق و کوردستان زۆر بەرژەوەندی هاوبەشی ئابوورییان هەیە، هەردووکیان یەک دراو بەکاردەهێنن، ژێرخانی غاز و نەوتیان پێکەوە بەستراوەتەوە و خاڵی پێکبەستنەوەی زۆر بازاڕی نێوخۆیی و ناوچەیین.

**حەوتەم:** ئەگەر بەغدا پشتگیری لە بیرۆکەی "سەروەریی یەکسان" بۆ عێراق و کوردستان یان بەدەوڵەتبوونی کوردستان بکات، ئەوە وڵاتانی ناوچەکە ناتوانن دژایەتی بکەن.

### مەترسییەکانی ستراتیژی "کورتبڕ"

لەم بەشە لە گوتارەکەیدا، نایتس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەرچی "پێکهێنانی هاوپەیمانێتی پێویستە، بەڵام کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر لایەنێک هەموو هێلکەکانی خۆی بخاتە نێو یەکسەبەتەوە". ئەمەش چەندە بۆ پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا ڕاستە، هێندەش "بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕاستە"، واتە کورد نابێ هەموو توانای خۆی بۆ ڕاکێشانی پشتگیری ئەمریکییەکان لە سەربەخۆیی تەرخان بکات، چونکە "ئیدارەی نوێی ئەمریکا بێ ئەزموونن، ناکۆکی نێوخۆییان هەیە و مەزاجییشن".

ئەگەر کورد هەموو توانای خۆی بۆ واشنتن تەرخان بکات، ئەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕووداوە کارەساتبارەکانی مێژوو هەیە کە تێیدا کورد لەڕادەبەدەر پشتی بە هێزە دەرەکییەکان بەست و لە ئاکامیشدا کارەساتی لێکەوتەوە.

بۆیە نایتس پێیوایە "دانوستاندنی نێوخۆیی لە نێوان بەغدا و هەولێر زۆر باشترە لەو ستراتیژە لەرزۆکانەی پشت بە هێزە دەرەکییەکان دەبەستێت". دەشڵێت "هەرچەندە کوردستان لەسەر لێواری سەرکەوتن نییە، بەڵام ئەو ڕێگەیەی گرتوویەتیە بەر ڕێگایەکی دروستە و لە سەرکەوتنی نزیکتر دەکاتەوە".

لە دوایین بەشی گوتارەکەیدا، توێژەرەکەی پەیمانگای واشنتن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەبەستی ئەو ئەوە نییە کوردستان تیمی ترەمپ پشتگوێ بخات، بەڵکو بە پێچەوانەوە کوردستان دەتوانێ بە بەغدای بسەلمێنێ کە لە کۆشکی سپی و کۆنگرێس پشتگیرییەکی بێوێنە لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێ، بەمەش "دەستی خۆی لە دانوستاندنەکاندا بەهێزتر دەکات".

بە مانایەکی دی "سەرکردایەتیی کورد دەبێ ئەو فێڵە بەکاربهێنێ کە لە لایەکەوە دەسەڵات و نفوزی ئەمریکا پەرەپێبدات، لە لایەکی دیکەشەوە چاوی لەسەر خەڵاتە ڕاستەقینەکە بێ" کە بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەسوودە لە نێوان هەولێر و بەغدا.

نایتس دەڵێت ئەمریکا لەپاڵ پشتگیریکردن و ناوبژیوانیکردنی بێلایەنە لە دانوستاندنەکانی هەولێر و بەغدا، دەبێ "گوشار بخاتە سەر کوردستانیش بۆ ئەوەی لەسەر پرسی سەرۆکایەتی، پەرلەمان و کابینەی حکومەت ڕێکبکەون، چونکە بەبێ ڕێککەوتنێکی نێوخۆیی لە کوردستان، دەستی کورد لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا لاوازە".

نایتس پێیوایە دانیشتن و گفتوگۆکانی ئەم چەند مانگەی دوایی نێوان بەغدا و هەولێر بەرهەمدار بووە، لەوانەش هاتنی بانکی جیهانی بۆ کوردستان، ناردنی چەک و تەقەمەنی لەلایەن ئەمریکاوە بە پێشمەرگە، ئەمە جگە لەوەی سەردانی کورد بۆ بەغدا وای کرد ئێران بە ئاسانی نەتوانێ بەربەست بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات. هەر بۆیە نایتس بەم جۆرە کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێ "هەتا ئێستاش دڵنیاترین ڕێگەی سەربەخۆیی بە بەغدادا تێدەپەڕێ، نەک بە ئەنقەرە و کۆشکە سپییەکەی ترەمپدا".

## وارشۆ..

# خاوەنکارانی کوردی تاراوگە بیر لە بەهاناوەچوونی کوردستان دەکەنەوە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- وارشۆ

ئەوانەی لەو هۆڵە کۆبووبوونەوە، بە ئامانج و خەونی زۆرەوە هاتبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەمین کۆڕبەندی ڕێکخراوەکەیان بوو، لەوە تێدەگەیشتن کە کەمیی دەرفەت لەگەڵ دەردەدڵی زۆری ئەوان وێکنایەتەوە "هەرچۆن بێ، دەبێ خاوەنکارانی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان لەیەک نزیک ببنەوە، ئەمە هەنگاوی سەرەتایە". کامیل یاڤوز، یەکێک لە خاوەنکارە کوردەکانی پۆڵەندا وا دەڵێ.

لە نێو هۆڵی یەکێک لە زانکۆکانی وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا و لە کۆتایی مانگی 10ی ئەمساڵ، نزیکەی 40 کەس لە خاوەنکارانی کوردی نیشتەجێی ئەورووپا یەکەمین کۆڕبەندی ئابوورییان ڕێکخست و جێگری وەزیری ئابووریی پۆڵەندا و ژمارەیەک سەرمایەداری پۆڵەندی و ئەورووپی لەوێ ئامادەبوون. چۆنێتی دروستکردنی کاری هاوبەش و هەماهەنگی لە نێوان خاوەنکارە کوردەکان و ئەورووپییەکان و هەروەها پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ پارچەکانی کوردستان تاوتوێ کرا، بەڵام ئەوە هەلێکی زێڕینیش بوو بۆ سەرمایەدارە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئەورووپا، بۆ ئەوەی لەوە بکۆڵنەوە کە چۆن دەتوانن نزیکتر ببنەوە لەیەک "وا نەبێ ناتوانین پردێکی ئابووری لەنێوان ئەورووپا و کوردستان دروست بکەین"، سەید دۆغان، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خاوەنکارانی کورد لە ئەورووپا وای گوت.

نزیکبوونەوەی دەیان سەرمایەدار و خاوەن پڕۆژەی کوردی تاراوگەنشینی کورد بەلای سەیدەوە، کاری مەحاڵ و نەکردە نییە، هەرچەندە لە قورسایی بەربەستەکانیش تێدەگات، بەڵام ئەو دوای پێشکێشکردنی گوتارەکەی بە (ڕووداو)ی گوت، دەتوانین لە ڕێکخراوێکی وەک ئەمەدا کۆببینەوە، پاشان سەردانی کوردستان بکەین و لەبارەی ئەوە گفتوگۆ بکەین کە "ئایا چۆن بتوانین هاوکاری ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی کەرتی وەبەرهێنان و ئابووریی کوردستان بکەین".

ڕەنگە ئێستا زۆرتر باشووری کوردستان چاوی لەوە بێت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدەست قەیرانی داراییەوە شەکەت دەبێ و خەریکە ئەو قەیرانە سەری هەندێک لەو دەستکەوتە سیاسییەکانی بخوات کە لەو ساڵانەدا بە خوێنی پێشمەرگە وەدەستی هێناون. ئایا وەبەرهێن و سەرمایەدارە تاراوگەنشینەکانی کورد دەتوانن چی بۆ کوردستان بکەن؟

سەید دۆغان، نیگەرانە لەو ڕەوشەی ئێستا باشووری کوردستان و دەڵێ ئێمە دەمانەوێ هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین "بەڵام دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتمان بداتێ و لەگەڵمان بکەوێتە گفتوگۆ"، گوتیشی "دەبێ هەندێک هەڵە کە کراون ڕاست بکرێنەوە، ئینجا نەخشە ڕێیەک بدۆزینەوە کە چۆن بتوانین ئەو ئابوورییەی ئێرە بگوازینەوە بۆ کوردستان".

کۆمەڵەی خاوەنکارانی کورد لە ئەورووپا، ساڵی 2013 دامەزراوە و سەرمایەدار و وەبەرهێنە کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لەخۆدەگرێ. بەبڕوای سەید دۆغان، بەهۆی ئەوەی کوردی هەر پارچەیەک لەڕووی ناسنامەوە هێشتا لەسەر وڵاتە سەردەستەکەی خۆی ئەژمار دەکرێ و نەتوانراوە هەموو وەبەرهێنە کوردە تاراوگەنشینەکان لە دەوری ئەم کۆمەڵەیە کۆببنەوە.

"لەم کۆمەڵەیەی ئێمەدا زۆرتر لە 300 ئەندام هەن، لەنێو ئەوانەدا ملیۆنێری گەورە هەیە، تێیاندایە خاوەنی کۆمپانیای مەزن و پرۆژەی گەورەیە".

کەسانی وەک حەمدی ئولوکایا لە تاراوگە دەژین کە میدیای تورکیا بە (ستیڤ جۆبزی ماست) نێوی دەبەن و کوردێکی باکووری کوردستانە و لە ئەمریکا دەژی و کارگەی ماستی چۆبانی هەیە. بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خاوەنکارانی کورد لە ئەورووپا، دەڵێ هێشتا ئولوکایا و چەندین بازرگانی گەورەی وەک ئەو ئەندامی کۆمەڵەکەیان نین، بەڵام قسەیان لەگەڵ کردووە. ئەو هەروەها باسی چەندین کۆمپانیای دیکەی کوردی کرد لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا کە لە بوارەکانی خواردن و پیشەسازی و وزە و گواستنەوە و نیشتەجێکردن و چەندین بواری دیکەدا کاردەکەن و خاوەنەکانیان سەرمایەی گەورەیان پێکەوەناوە.

ئەو کۆمەڵەیە لە 3 هەرێمی ئەڵمانیا توانیویانە پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری دروستبکەن لەگەڵ سەرمایەدارە ئەڵمانەکان و هەروەها لەگەڵ ئیتاڵییەکان "توانیومانە کۆمیسیۆنێک دروست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی هان بدەین بێنە کوردستان، دەخوازن بێنە هەولێر و سلێمانی و ماردین و شارەکانی دیکە کاری وەبەرهێنان بکەن".

زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا، لەو کۆڕبەندەوە داوای لە وەزارەتی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی پۆڵەندا و سەرمایەدارە کوردەکانی نیشتەجێی ئەورووپا کرد پەیوەندییەکی ئابووری و بازرگانیی ریشەدار و بەهێز لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن.

تائێستا پارتە سیاسییەکانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان سەرکەوتوو نەبوونە لە تێپەڕاندنی جیاوازییەکانیان بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن. بەپێچەوانەی ئەوانەوە، کامیل یاڤوز، ئەندامی کۆمەڵەی خاوەنکارانی کورد لە ئەورووپا دەڵێ "کاتی ئەوەیە بەیەکەوە بین، ئێستا خەباتی ئێمە لێرە ئابوورییە و سیاسی نییە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 433 ) - دووشەممە 2016/11/21



## پێشانگایەکی نێودەوڵەتی لە دهۆک دەکرێتەوە

**ڕووداو- دهۆک**

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بڕیار وایە ڕۆژی 2016/12/1 شەشەمین پێشانگای نێودەوڵەتی لە ناوچەی ئالوکە لە شاری دهۆک بکرێتەوە و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بێ. ناوبراو گوتی "لەو پێشانگایەدا ژمارەیەک کۆمپانیای نێوخۆیی و دەرەکی بەشداری دەکەن، بەلامانەوە گرنگ بوو لەم دۆخەی کوردستاندا کردنەوەی پێشانگاکە وەکو ساڵانی ڕابردوو بەردەوام بێت، تاوەکو بیسەلمێنین کوردستان لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە سەقامگیرە". کردنەوەی ئەو پێشانگایە لە کاتێکدایە هەفتەی ڕابردووش دوانزەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی بە بەشداری 180 کۆمپانیا کرایەوە و شەش ڕۆژ بەردەوام بوو.

# پڕۆژەیەکی بەخێوکردنی کەو لە هەولێر چاوی لە سەرکەوتنە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بە ئامانجی دامەزراندنی کێڵگەیەکی دایکانەی کەو و زیادکردنی جۆرێکی دیکەی گۆشتی پەلەوەر لەکوردستان، بە سەرپەرشتی مامۆستایەکی زانکۆی سەڵاحەددین کێڵگەیەکی بەخێوکردنی کەو لە هەولێر دامەزرا.

بیرۆکەی دامەزراندنی پرۆژەکە دوای سەرکەوتنی پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەڵاحەددین سەری هەڵدا، ئەگەر پرۆژەکەش سەرکەتوو بێت، دەبێتە یەکەم پرۆژەی بەخێوکردنی کەو لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

پەیام سادق، پسپۆڕ لە زانستەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەڵاحەددین و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای سەرکەوتن لە پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە، بیرمان لە دامەزراندنی پرۆژەیەکی دایکانەی کەو کردەوە. فەرمانبەرێکی کۆلێژەکەشمان تێچووی پرۆژەکەی گرتە ئەستۆ و دەستمان بە دامەزراندنی کێڵگەکە کرد".

پرۆژەکە لەسەر ڕووبەری دوو دۆنم زەوی لە نزیک گوندی دۆڵەبەکرەی سەر بەناحیەی قوشتەپە دامەزراوە، وەک دەستپێکیش بە پەروەردەکردنی 230 جوجەڵەی کەو دەستی پێکردووە.

پەیام سادق کە ماستەری لە بەخێوکردنی پەلەوەر لە تورکیا خوێندووە، خاوەنی بیرۆکەی یەکەم پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردەیە لەکوردستان، دەڵێت "دەمانتوانی پرۆژەکە بەژمارەیەکی زیاتر لە جوجەڵە دەست پێبکەین، بەڵام بۆ ئەوەی پرۆژەکە قۆناغ بە قۆناغ بچێتە پێشەوە و کەوەکانیش بەشێوەیەکی تەندروست و ستاندارد پەروەردە بکەین، بە باشمان زانی بەم ژمارەیە دەست پێبکەین".

کەو لە ژینگەی سروشتیدا، ساڵانە لە وەرزی بەهاردا 20 تاوەکو 30 هێلکە دەکات، ماوەی 24 ڕۆژی پێویستە بۆ تورکاندنی هێلکەکە، بەڵام لە کێڵگەکاندا ئەگەری زیادکردنی ڕێژەی هێلکەکردنی هەیە.

پەیام سادق دەڵێت "لە توێژینەوەکاندا سەلمێنراوە لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار و خۆراکی باش، دەتوانرێت وا لە کەو بکرێت لە وەرزەکانی دیکەشدا هێلکە بکات و ساڵانەش تاوەکو 100 هێلکە بکات".

پەیام و تیمەکەی بەپێی ستاندارد خۆراک بە کەوەکان دەدەن، بۆیە کەوەکانیان لە بارودۆخێکی تەندروستی زۆر باشدان و ڕێژەی مردنیان لەڕێژەی ستاندارد کەمتر بووە.

پەیام سادق گوتی "لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا پێشبینی دەکەین کەوەکانمان هێلکە بکەن و نزیکەی هەزار هێلکەمان دەست بکەوێت، بەدانانەوەی هێلکەکان، پرۆژەکە قۆناغێک دەچێتە پێشەوە".

کەو ناوە زانستییەکەی (Perdix)ە و بەدەیان جۆری هەیە، ئەو جۆرەی لەچیاکانی کوردستان هەیە بە (chukar Partridge) ناودەبرێت. ئەو پەلەوەرە لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، دەمێکە بەمەبەستی گۆشت لە کێڵگە بەخێو دەکرێ. لە وڵاتانی ئێران و تورکیاو میسریش بەخێوکردنی لە کێڵگەدا بۆ گۆشت قۆناغی باشی بڕیوە.

لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لەشاری هەولێر بەتایبەتی، پێشتر چەند پرۆژەیەکی بەخێوکردنی کەو لە کێڵگە هەبووە خواستێکی زۆریش لەسەر بەرهەمەکانیان هەبووە، بەڵام پرۆژەکان بەردەوام نەبوون.

غازی ڕەحمان محەممەد، خاوەنی پرۆژەکە، هۆکاری بەردەوام نەبوونی پرۆژەکانی ئاشکرا کرد و گوتی "زۆربەی ئەو کەسانەی پێشتر لە کوردستان پرۆژەی بەخێوکردنی کەویان هەبووە، بەدوای قازانجی خێراوە بوون و بە شێوەیەکی نازانستی کەوەکانیان بەخێوکردووە، بەمەش ڕێژەی مردنی کەوەکانیان زۆر بووە، بۆیە وازیان هێناوە".

غازی ڕەحمان بۆ ئەوەی تووشی هەمان گرفت نەبێ، پرۆژەکەی بە کەسانی خاوەن پسپۆڕ سپاردووە. ئێستا تەمەنی کەوەکانی لە سێ مانگ نزیک بووەتەوە.

غازی ڕەحمان دەڵێت "بەدانانەوەی هێلکەکان، بەشی دووەمی پرۆژەکەمان دەستپێدەکات کە بریتییە لە زیادکردنی کەوەکان تاوەکو ئاستی پێویست. فرۆشتنی هێلکەو جوجەڵە بەو خاوەن پرۆژانەی کە ئارەزووی بەخێوکردنی کەویان هەیە".

غازی ڕەحمان خەمی ساغکردنەوەی بەرهەمی نییە و گوتی "لە کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر گۆشتی کەو هەیە، بۆیە دڵنیام ئەگەر ڕۆژانە هەزار کەویشمان ئامادەبێ بۆ فرۆشتن، گرفتی بە بازاڕکردنمان نابێت".

مەسعود محەممەد ساڵح، خاوەنی کێڵگەی زنجیر بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر 3000 هێلکەی کەوی لە هەڵهێنەری کێڵگەکەی داناوەتەوە و چاوەڕێی تورکاندنیان دەکات. دەڵێت "ئەگەر ئەم پرۆژەیە هێلکەی کەو بە کوالێتییەکی باش و نرخێکی گونجاو بخاتە بازاڕ، دڵنیام هیچ گرفتێکی بۆ ساغکردنەوەی هێلکە و جوجەڵەکانی نابێت، هاوردەکردنی هێلکەی کەویش بەقاچاخ لە ئێرانەوە ڕەواجی جارانی نامێنێ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو 1.281 پرۆژەی پەلەوەر لە کوردستان هەن کە ساڵانە توانای دابینکردنی زیاتر لە 140 هەزار تۆن مریشکیان هەیە، بەڵام بەهۆی گرفتی بەبازاڕکردنەوە نزیکەی 30%ی پرۆژەکان داخراون.

عەبدولخالق عەبدولقادر، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ زیادکردنی جۆرێکی دیکە گۆشت و بەکارخستنەوەی کێڵگەکان ئامادەین مۆڵەت بدەینە هەر خاوەن کێڵگەیەک لە جیاتی مریشک کەو لەکێڵگەکەی بەخێو بکات".

عەبدولخالق عەبدولقادر گوتیشی "بوونی کێڵگەی بەخێوکردنی کەو جگە لەوەی دەبێتە هۆی دابینکردنی جۆرێکی دیکە لە گۆشت، هەنگاوێکیشە بۆ بوژانەوەی ژینگەی کوردستان و بەگەڕخستنەوەی کێڵگە لەکارکەوتووەکان، بۆیە ئێمە پاڵپشتی هەر وەبەرهێنەرێک دەکەین پرۆژەی بەخێوکردنی کەو یان هەر پەلەوەرێکی دیکە دابمەزرێنێ".



### هێلکەی قاچاخ نابنە کەو

بەهۆی نەبوونی پرۆژەی دایکانەی کەو لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەشێک لە ئارەزوومەندانی بەخێوکردنی کەو، هێلکە لە ئێرانەوە بە قاچاخ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن. دوای دانانەوە و هەڵهێنانی جوجەڵەکان دەفرۆشنەوە. بەڵام دەڵێن زۆربەی هێلکەکان نابنە کەو. مەسعود محەممەد ساڵح. خاوەنی کێڵگەی زنجیر بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ کە چەند جارێک هێلکەی لە قاچاخچییەکان کڕیووەتەوە. دەڵێت "ئەو هێلکانەی بە قاچاغ لە ئێرانەوە دەهێندرێن. بەهۆی لەقانەوە 50% یان نابنە جوجەڵە".

## جووتیاران چاوەڕێی بارینی بارانن

# ئەمساڵ 3.5 ملیۆن دۆنم زەوی بە گەنم دەچێنرێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی کەمیی بودجەوە ئەمساڵ نەمانتوانی بنەتۆی تەواو بۆ جووتیاران دابین بکەین، بەڵام جووتیاران ئامادەکاری باشیان کردووە و ئەگەر تا ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەم باران بباریێت، پێشبینی دەکرێ سێ ملیۆن و 550 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم بچێنن.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ڕووبەری چاندراوی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە7 ساڵی ڕابردوو بەڕێژەی 41.5% زیادیکردووە. لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 311 هەزار دۆنم زیادبووە، بڕی بەرهەمیش بەڕێژەی نزیکەی 87% زیادبووە.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هۆکاری زیادبوونی ڕووبەری چاندن بۆ دابەشکردنی بنەتۆی باش، زیادبوونی ڕووبەری بەراو، قەڵاچۆکردنی گژوگیا، باران بارین. گەڕەنتی کڕینەوەی گەنم بە نرخی پاڵپشت لەلایەن بەغدا، گەڕاندەوە و گوتی "ئەگەر تا ناوەڕاستی مانگی ناوەڕاستی کانونی یەکەم بارانێکی باش بباریێ، پێشبینی دەکەین جووتیاران 3 ملیۆن و 550 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم بچێنن".

بۆ چاندنی ئەم ڕووبەرە پێشبینیکراوە، جووتیاران پێویستیان بە 100 هەزار تۆن گەنمی بنەتۆیە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵ تەنیا 3100 تۆن بنەتۆی بۆ جووتیاران دابینکردووە.

فاروق عەلی دەڵێت "بەهۆی کەمی بودجە ئەمساڵ نەمانتوانی بڕێکی باش بنەتۆ بۆ جووتیاران دابین بکەین، بەڵام لەڕێگەی پاککردنەوە و دەرمانکردنی بنەتۆکانیان توانیمان 10 هەزار تۆن گەنم بۆ جووتیارانی هەولێر و دهۆک و گەرمیان بە نرخی پاڵپشتی 75% پاکبکەینەوەو بۆ پارێزگای سلێمانیش 2000 تۆن بنەتۆ دابین بکەین. هەروەها تەندەری کڕینی 1100 تۆن بنەتۆی گەنمی جیهان 99ی تورکیمان بۆ پارێزگای هەولێر کردووە".

دوای بڕیارەکەی وەزارەتی بازرگانی عێراق بۆ نەکڕینەوەی گەنمی ساوار، لەژێر ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەمساڵ 90%ی جووتیارانی کوردستان گەنمی ئاردیان لە جۆری ئەدەنە 99، شام شەش، تەمووز دوو و ئاراس چاندووە. وابڕیاریشە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان گەنمی جیهان 99ی تورکی کە گەنمێکی پەسندکراوی جیهانییە، لە هەولێر بچێندرێ.

ئەمین ڕەئوف پیرداود، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر، لەبارەی هۆکاری هەڵبژاردنی گەنمی جیهان 99ی تورکی دەڵێت"گەنمە تازەکە لەڕووی کوالێتی و بەرهەمەوە زۆر لەگەنمی ئەدەنە 99 و ئەو گەنمانە باشترە کە جووتیاران لە هەرێمی کوردستان دەیچێنن. لەماوەی 10 ڕۆژی داهاتوودا دەگاتە هەرێمی کوردستان".

وەزارەتی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ دارشتنی پلانی کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق، ساڵانە ڕووبەری پێشبینیکراوی چاندنی گەنم و بڕی بەرهەم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەنێرێت.

بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بەنووسراوی 6156 لە ڕۆژی 2016/10/25 پێشبینی چاندنی ڕووبەری 3.552.860 دۆنم زەوی بەگەنم و ملیۆنێک و 674 تۆن بەرهەمی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق ناردووە.

فاروق عەلی دەڵێت "بۆ ئەوەی وەک ساڵی ڕابردوو جووتیاران تووشی گرفتی بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانیان نەبنەوە و بەرپرسانی بەغداش بەبیانوی زیادەی پێشبینیکراوی ڕووبەری چاندن و بڕی بەرهەم بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی بڕی کرینەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نەدات، ئێمە پێشوەختە بەغدامان لە چاندنی ڕووبەری پێشبینیکراو و بڕی بەرهەمەکەی ئاگادار کردووەتەوە".


پێشتر فاروق عەلی لە لێدوانێک بۆ (ڕووداو) بەهۆی کاریگەری دواکەوتنی دابەشکردنی پارەی گەنم لەلایەن بەغدا پێشبینی کردبوو جووتیاران 500 هەزار دۆنم کەمتر لەساڵی ڕابردوو بچێنن، بەڵام بەگوێرەی ئەو پێشبینییەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بەغدای ناردووە ڕووبەری پێشبینیکراوی ئەمساڵ 241 هەزار دۆنم زیاترە لە ساڵی ڕابردوو.

فاروق عەلی گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی جووتیارێکی زۆر ڕووی لەچاندنی گەنم کردووە و جووتیارانیش بەشێک لە پارەی گەنمی ساڵانی ڕابردوویان وەرگرتووە ، بۆیە ئەگەر بارانی پێویست بباریێت بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵ پێشبینی چاندنی ڕووبەری 3.552.860 دۆنم زەوی بەگەنم و ملیۆنێک و 674 تۆن بەرهەم دەکەین".

پارێزگای هەولێر لەڕووی ڕووبەری چاندنی گەنم و بڕی بەرهەمەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەپلەی یەکەم دێت ساڵانە زیاتر لەملیۆنێک و 400 هەزار دۆنم زەوی لەم پارێزگایە بەگەنم دەچێندرێت و بڕی بەرهەمیشی دەگاتە نزیکەی 650 هەزار دۆنم گەنم.

حاجی جەمال مەولود، جووتیارێکی گوندی دڵداغانی سەر بەناحیەی شەمامکی پارێزگای هەولێرە، ساڵانە نزیکەی 1700 دۆنم زەوی خۆی و جووتیارانی دیکە بە گەنم دەچێنێ، بەرهەمی ساڵانە سەتان تۆن گەنمە. دەربارەی ئامادەکاری جووتیاران بۆ چاندنی گەنم بە (ڕووداو)ی گوت "جووتیارانی هەولێر ئامادەکاری باشیان بۆ چاندنی گەنم کردووە. ئەو جووتیارانەی سەرچاوەی ئاویان هەیە، ئێستا خەریکی کێڵان و چاندنی زەوییەکانیانن، ئەوانەش پشت بە ئاوی باران دەبەستن چاوەڕێ بارینی بارانن".






### تاوەکو کەی باران نەبارێت ئاساییە؟

باشترین کات بۆ چاندنی گەنم لە هەرێمی کوردستان 15ی تشرینی دووەمە. بەڵام ئەگەر باران وەکو پێویست نەبارێت ئاساییە تاوەکو ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمیش گەنم بچێندرێ. حاجی جەماڵ مەولود کە جووتیارێکی شاری هەولێرە بەنیازە ئەمساڵ 1700 دۆنم زەوی بە گەنم بچێنێ. ئەو گوتی "700 دۆنم لەو زەوییەی دەیچێنم بەراوە و تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە دەیچێنم . بەڵام بۆ چاندنی 100 دۆنمەکەی دیکە چاوەڕێی بارینی باران دەکەم. ئەگەر تاوەکو ناوەڕاستی مانگی داهاتوو پەلەی باران نەدات. ئەوا بەرهەم وەکو پێویست نابێت".

10 ملیۆن دۆلاری تێدەچێ

# پەرژینێکی ئەمنی بە دەوری کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکدا دروست دەکرێ

محەممەد هادی
ڕووداو- هەولێر

بڕیارە دیوارێکی ئەمنی بە چوار دەوری کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن و ئاڤانا لە شاری کەرکووک دروستبکرێ. ئامانجەکەشی پاراستنی ئەو کێڵگە نەوتیانەیە لە هێرش. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێ.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ سەرقاڵی جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی ئەمنین، یەکێک لەو پرۆژانە دروستکردنی پەرژینێکی ئەمنییە بۆ چەند کێڵگەیەکی نەوت لە کەرکووک بە تایبەتی لە سنووری قەزای دوبز.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە، پرۆژەکە لە 11 شوێن جێبەجێ دەکرێ، زۆربەی پەرژینەکە بە کۆنکرێت دروست دەکرێ و بەشێکی پەرژینەکەش بە سیم دروست دەکرێ. درێژیی پەرژینەکەش نزیکەی 100 کیلۆمەتر دەبێت کە 70 تا 80 کیلۆمەتری دیواری کۆنکرێتییە.

هەر بەپێی زانیارییەکان لیژنەیەکی ئەمنیی هاوبەش لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەوبارەیەوە کردووە و ئێستا ئەو پرۆژانە لە قۆناغی تەندەریندان.

سەرەڕای دروستکردنی ئەو پەرژینە ئەمنییە، بەڵام شارەزایەکی ئابووری پێیوایە دەبێت شوێنی پرۆژەکە بگۆڕدرێت. د.بێوار خنسی، ڕاوێژکاری ئابووری لە ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو پرۆژەیە سوودی هەیە بۆ پاراستنی ناوچە نەوتییەکان، بەڵام دەبێت لە دوایین خاڵی سنووریی باشووری کوردستان بکرێ، نەک تەنیا بە چوار دەوری کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن و ئاڤانا.

د.بێوار خنسی دەڵێت "بیرە نەوتەکانی چیای حەمرین ناوچەی کوردستانین، بەڵام تاوەکو ئێستا کارێکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، بۆیە دەبێ ئەو پرۆژەیە ئەو ناوچەیەش بگرێتەوە".

کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بەردەوام ئامانجی هێرشی گرووپە توندڕەوەکان بووە. د.بێوار خنسی، پێیوایە ئەو پەرژینە ئەمنییە مەترسییەکانی سەر ئەو کێڵگە نەوتیانە کەم ناکاتەوە و دەڵێت "تاوەکو داعش مابێت ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک مەترسییان لەسەر دەبێت. بەبڕوای من ئەو پارەیەی لەو پرۆژەیە خەرج دەکرێ، بدرێتە خەڵکی ئەو ناوچەیە، باشتر پارێزگاری لەو ناوچە نەوتییانە دەکەن".

ئەو پرۆژەیە ئێستا لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە و لە قۆناغی تەندەرینە، هەر سێ کۆمپانیای کار گرووپ و پان و لیگاس پلانی خۆیان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوە باڵایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە لەدوای هێرشکردنە سەر کێڵگەی نەوتی بای حەسەن هات کە بەهۆیەوە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی نەوت لەکارکەوت و زیانی چەندان ملیۆن دۆلاری بە حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیاند بەهۆی وەستان و کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوت.

بڕیارە ئەو پرۆژەیە لە سێ مانگی داهاتوودا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەپێی پلانیش دەبێت لە ماوەی کەمتر لە 9 مانگدا تەواو بکرێت و خەرجیی ئەو پرۆژەیەش نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار دەبێ.

بەرپرسانی ئیداری پارێزگای کەرکووک بێ ئاگایی خۆیان لەو پرۆژەیە دەربڕی.

فوئاد کوێخا حوسێن، ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند، لیژنەکەیان ئاگاداری ئەو پرۆژەیە نییە. هەروەها عەبدوڵڵا نورەدین قائیمقامی قەزای دوبز گوتی کەس بۆ ئەو پرۆژەیە قسەی لەگەڵ نەکردوون.

شرۆڤەکارێکی وزە پێیوایە ئەم پرۆژەیە سوودێکی زۆری دەبێت. شوان زوڵاڵ، شرۆڤەکاری نێودەوڵەتیی وزە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو پرۆژەیە ئەگەر جێبەجێ بکرێ، سوودێکی گەورەی دەبێ، چونکە لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک هێرشکرایە سەر ناوچە نەوتییەکان و بۆڕییە نەوتییەکانی بای حەسەن و ئاڤانا.

ئەو شرۆڤەکارە سوودی ئەو پرۆژەیە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "ئەگەر دوو ڕۆژ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بوەستێت کە ڕۆژانە نزیکەی 270 هەزار بەرمیل نەوتی لێوە هەناردە دەکرێت، ئەگەر یەک بەرمیل نەوت بە 35 دۆلار بخەملێنرێت، ئەوا لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژە نزیکەی 19 ملیۆن دۆلار لە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی داهاتی هەرێمی کوردستان".



شارەزایەکی ئابووری ئەو پارەیەی لەو پرۆژەیە خەرج دەکرێ، بدرێتە خەڵکی ئەو ناوچەیە، باشتر پارێزگاری لەو ناوچە نەوتییانە دەکەن (فۆتۆ: AFP)

## کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا

کێڵگەی نەوتی بای حەسەن سێ وێستگەی سەرەکی بەرهەمهێنانی نەوتی تێدایە کە بریتین لە بای حەسەنی باکوور و بای حەسەنی باشوور و وێستگەی داودگورگە. کێڵگەی نەوتی بای حەسەن لە 196 بیرە نەوت پێکدێ. هەروەها کێڵگەی نەوتی ئاڤاناش خاوەنی چوار وێستگەی نەوتییە کە بریتین لە ئاڤانا، جاستان، سەربەشاخ و سارەلوو. کێڵگەی ئاڤانا 212 بیری نەوتی هەیە. هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤاناش بەیەکەوە ڕۆژانە نزیکەی 270 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن و لە ڕێگای بۆڕی نەوتی کوردستان جەیهانەوە هەناردەی بەندەری جەیهان دەکرێ.

پلانی وزەی ترەمپ و ئاماژەکانی بۆ ئۆپێک

# ترەمپ تەمەنی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک کورت دەکاتەوە

ڕووداو- هەولێر

سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا وەبەرهێنەرانی کەرتی نەوت و خەڵووزی ئەمریکای دڵخۆش و وەبەرهێنەرانی وزە پاکەکانیشی نیگەران کردووە، لەبەر ئەوەی چاوەڕێ دەکرێ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا ڕێگە بە دروستکردنی بۆڕی نوێی نەوت بدات، ئەمریکا لە "ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی پاریس لەسەر گەرمبوونی گۆی زەوی" بکشێنێتەوە و یاساکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگەش بخاتە پەراوێزەوە، بەمەش ڕێگە بۆ دەرهێنانی خەڵووز خۆش بکات.

### ترەمپ و بەرهەمهێنانی نێوخۆیی نەوت

"دروستکردنی هەلی نوێی کار" یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی کەمپینی هەڵبژاردنی ترەمپ بوو، بەپێی ڕاپرسی و توێژینەوە مەیدانییەکانیش، هەر ئەم دروشمە وای کرد ژمارەیەکی زۆر لە دەنگدەرە دیموکراتەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ کە زۆرینەیان کرێکارەکانی کەرتی بەرهەمهێنانی خەڵووز و نەوتی لیتە بوون. هەڵبەت ئەم دروشمەی ترەمپ دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرفراوانی ئابووریی ترەمپدا بخوێنرێتەوە کە خۆی لە بەلۆکاڵیکردنی ئابووریی ئەمریکادا دەبینێتەوە.

لە سەردەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، کەرتی نەوت و خەڵووزی ئەمریکا زیانێکی گەورەیان بەرکەوت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ سیاسەتی ژینگەپارێزانەی کۆشکی سپی دەگەڕایەوە، لە ئەنجامیشدا ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەو کەرتانە بێکار بوون یان مووچەیان کەم کرایەوە.

لە دوای سەرکەوتنی ترەمپ، بەهای پشکەکانی کۆمپانیای ئەنەرجی ترانسفەر ئیکویتی بە ڕێژەی 18% بەرز بووەوە، ئەم کۆمپانیایە بڕیار بوو پڕۆژەی زەبەلاحی بۆڕییە نەوتی "داکۆتا" دروست بکات، بەڵام دواتر بەهۆی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵک و ژینگەپارێزەکان ناچار بوو پڕۆژەکە ڕابگرێ.

ئەم بۆڕییە کە نزیکەی 1900 کیلۆمەترە، کێڵگەکانی داکۆتا لە باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا بە ویلایەتی تێکساسەوە دەبەستێتەوە، بەڵام پڕۆژەکە ڕاگیرا، لەبەر ئەوەی بەشێک لە بۆڕییەکە بە ڕووباری میسووری و ناوچە کولتوورییەکاندا تێدەپەڕی. ئێستا کۆمپانیاکە بەنیازە لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2017 دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بکاتەوە.

یەکێکی دیکە لەو پڕۆژە زەبەلاحانەی ترەمپ بە نیازە ڕێگەی بۆ بکاتەوە پڕۆژەی بۆڕی نەوتی "کیستۆن ئێکس ئێڵ"ە کە لە کەنەداوە دەستپێدەکات و هەتا ویلایەتی تێکساس درێژ دەبێتەوە. ئیدارەی ئۆباما ئەم پڕۆژەیەشی ڕاگرتبوو. مارک کووپەر، گوتەبێژی کۆمپانیای ترانس کەنەدا، سەبارەت بەم پڕۆژەیە بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی ڕاگەیاند "لە هەوڵداین ئیدارەی نوێی ئەمریکی سەبارەت بە قازانجەکانی ئەم پڕۆژەیە ئاگادار بکەینەوە، بەتایبەتیش لەڕووی دروستکردنی هەلی کار و ئەو باجە زۆرەی بە حکومەتی دەبەخشێ".

### ترەمپ و ئۆپێک

لە کاتی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، ترەمپ چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "کەرتی وزەی ئەمریکا دەبێ سەربەخۆ بێ"، جارێک لەمەش زیاتر ڕۆیشت و گوتی "ئەمریکا دەبێ لە نەوتی دوژمنەکانی و ڕێکخراوە نەوتییەکان" بێ منەت بێ. یەکێک لەو وڵاتانەی ترەمپ پەنجەی لەسەر داناوە سعودیەیە، کە لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گەورەترین هەناردەکاری نەوتە بۆ ئەمریکا و لە کۆی ئەو نەوتەی ئەمریکا لە دەرەوە هاوردەی دەکات 11%ی نەوتی سعودیەیە. جگە لەمەش 31%ی نەوتی هاوردەکراوی ئەمریکا لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک دەکڕدرێت.

لەلایەکی دیکەوە هارۆڵد هام، ڕاوێژکاری باڵای کەمپینەکەی ترەمپ لە بواری وزەدا، بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ڕاگەیاند، ئیدارەی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا سیاسەتێکی توندتر لە ئاست ئەو وڵاتانەدا پەیڕەو دەکات کە لە بواری پیشەسازی نەوتدا کێشە بۆ ئەمریکا دروست دەکەن. هام ڕەتیکردەوە ئیدارەی ترەمپ وەکوو ئیدارەی ئۆباما "مامەڵەیەکی نەرم لەگەڵ سعودیەدا بکات".

لێدوانەکەی ترەمپ و هارۆڵد هام بۆ سعودیە و ئۆپێک جێگەی نیگەرانین، هەر بۆیە هەفتەی پێشوو خالید ئەلفالح، وەزیری وزەی سعودیە و سەرۆکی کۆمپانیای ئارامکۆ، ڕایگەیاند "سەرۆکی هەڵبژێردراو، هەست بە سوودی کڕینی نەوت لە سعودیە دەکات. پێشموایە ڕاوێژکارەکانی لە کەرتی وزەدا ئامۆژگاری دەکەن کە دابڕاندنی بازرگانی لە هەموو بوارەکاندا باش نییە".

بەڵام نیگەرانییەکەی ئەلفالح تەنیا دیوێکی مەترسییەکانی ترەمپە بۆ سەر ئۆپێک کە بریتییە لە لە دەستدانی بازاڕی نەوتی ئەمریکا. دیوێکی دیکەی مەترسییەکانی پەیوەندی بە ململانێی چەندین ساڵەی پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا و ئۆپێکەوە هەیە.

سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ تەنیا سێ هەفتە پێش کۆبوونەوەی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە ڤیەننا دێ کە بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە بۆ ڕێککەوتن لەسەر دابەزاندنی بەرهەمهێنانی نەوت بەڕێوەبچێ. ڕەنگە سەرکەوتنی ترەمپ کاریگەری بەرچاوی لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە و ئاکامەکەی هەبێ.

سیاسەتی وزەی ترەمپ (کە سەربەخۆیی وزە کرۆکەکەی پێکدەهێنێ)، بەو مانایەیە ئەمریکا بەرهەمی نەوتی لیتەی خۆی بەرزدەکاتەوە، دووریش نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەمریکا دوای دابینکردنی پێویستییە نێوخۆییەکان بیر لەوە بکاتەوە نەوتی وڵاتەکەی ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئۆپێک و بەتایبەتی سعودیە ڕەتیاندەکردەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکەنەوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە ڕوانگەی سعودیەوە کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوتی ئۆپێک و بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لە درێژخایەندا بە قازانجی ئەمریکایە. ئەزموونی دەیەی ڕابردووش پیشانی داوە هەر کاتێک نرخەکانی نەوت بەرز بووبێ، پیشەسازی نەوتی لیتەی ئەمریکا پەرەی سەندووە.

پلانە ئابوورییەکەی ترەمپ پەرەپێدانی کەرتی نێوخۆیی نەوت لەخۆدەگرێ، لەم چوارچێوەیەشدا ڕێگە بۆ دروستکردنی بۆڕی نەوتی نوێ خۆش دەکات و باجی سەر سوودی کۆمپانیا نەوتییەکان کەم دەکاتەوە، بەمەش ئەمریکا دەبێ بە ڕکابەرێکی سەرەکی لە بازاڕەکانی نەوتدا.

کۆبوونەوەی ئۆپێک لە کۆتایی ئەم مانگەدا بۆ ئەوەیە بڕیار بدەن ئاخۆ بڕیارەکەی کۆبوونەوەی جەزائیر بکەن بە ڕێککەوتن و بەرهەمی نەوتی ڕێکخراوەکە کەم بکەنەوە یان نا. کۆمپانیای ڕاوێژکاریی ئیسای ئەنەرجی لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا پێشبینی دەکات "ئەگەر ئۆپێک بە ڕێککەوتنێکی باش نەگات، سعودیە یەکسەر پاشەکشە دەکات، بە تایبەتیش لە ڕەوشێکی وەکوو ئێستا کە سعودیە حەز دەکات چاوەڕێ بکات بزانێ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا چی دەکات.

شارەزایانی ئەو کۆمپانیا ئەمریکییە پێشبینی دەکەن ئەگەر ئۆپێک لە کۆبوونەوەکەی ڤیەننا لەسەر دابەزاندنی ئاستی دەرهێنانی نەوتیش ڕێکبکەوێ، پلانەکەی ترەمپ تەمەنی ڕێککەوتنەکە کورت دەکاتەوە، بەمەش "زێدەباری نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا و نرخی نزمی نەوت بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیکەش بەردەوام دەبێ، هەڵبەت ئەمە گوشارێکی زۆریش لەسەر ئیدارەی کۆشکی سپی دروستدەکات، چونکە حکومەت ناچارە خۆی یارمەتی کەرتی نەوت بدات".



# بۆ گەیشتن بە ئەورووپا گورچیلەی خۆی دەفرۆشێت



محەممەد و کۆچبەرەکان بەر لە بەڕێکەوتنیان لە تورکیاوە بۆ یۆنان



محەممەد دوای نەشتەرگەری دەرهێنانی گورچیلەکەی



محەممەد و ئەو منداڵەی گورچیلەی پێفرۆشتووە

## محەممەد: تەنیا موبەڕیدەیەکم لە ماڵەکەمدا شک دەبرد، بۆ منداڵەکانم فرۆشت

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

سەختیی ژیان، هەژاری، لەدەستدانی کارەکەی و بیرکردنەوە لە داهاتووی منداڵەکانی، محەممەدیان گەیاندە ئەو بڕیارەی کە گورچیلەیەکی خۆی بفرۆشرێ، بەڵام هەم گورچیلەکەی لەدەستچوو، هەمیش قاچاخچییەکی کورد فێڵی لێکرد و پارەکەی برد.

دەواجینێک لە هەولێر سەرچاوەی بژێوی و ژیانی محەممەد و خێزانەکەی بوو. لەگەڵ هاوژین و 3 منداڵەکەی لەوێ کاریان دەکرد و هەر لەوێش دەمانەوە. محەممەد گوتی "لەوێ مانگانە بە 300 هەزار دینار کارمان دەکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە کاری دەواجینەکەش کز ببوو، بۆیە لەو دەواجینەش دەریانکردین. هیچ پارەیەکم نەبوو. کچێکم لە پۆلی سێی بنەڕەتی بوو، کوڕەکەشم دووی بنەڕەتی. نەمدەزانی چۆن بیانژێنم، بۆیە بڕیارم دا گورچیلەیەکم بفرۆشم و بە پارەکەی بچم بۆ ئەورووپا".

دوای چوار مانگ هێشتا شوێنی ئەو تەقەڵانە بە سکی محەممەدەوە دیارە کە بەهۆی فرۆشتنی گورچیلەکەیەوە دروستبوون. محەممەد گوتی "نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەر بڕیاری فرۆشتنی گورچیلەکەم دا. بە منداڵێکم فرۆشت کە خەڵکی کەڵەک بوو. لەگەڵ باوکی منداڵەکە ڕێککەوتین، گورچیلەکەم بە 14 ملیۆن دینار پێ فرۆشت".

هەموو خەرجی پشکنینەکان لە ئەستۆی باوکی کوڕەکە بووە. محەممەد دەڵێت خەرجی و کاتی پشکنینەکان لە کوردستان زۆری ویستووە، بۆیە چوونەتە ئێران پشکنینەکانیان کردووە. بەگوێرەی پشکنینەکان گورچیلەکەی محەممەد هیچ کێشەی نەبووە بۆ ئەو منداڵەی دەیویست گورچیلەکەی پێ بفرۆشێ، بۆیە نەشتەرگەری بۆ دەکرێ و گورچیلەیەکی دەردەهێنرێ.

بەهۆی نەشتەرگەرییەکەوە محەممەد ناچار بوو نزیکەی مانگێک چاوەڕێ بکات. محەممەد گوتی "نزیکەی مانگێک چاوەڕێم کرد تاوەکو بتوانم بکەومەوە سەرپێ. هەر کە زانیم دەتوانم بڕۆم، بەرەو ئیستانبوڵ بەڕێکەوتم. ئەو پارەیەی بەهۆی فرۆشتنی گورچیلەکەم دەستمکەوتبوو، لە کوردستان کارێکی وای پێنەدەکرا، بۆیە بڕیارمدا پێی بچمە ئەورووپا".

لە ئیستانبوڵ لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێکدەکەوێت "ویستم بچمە فینلاند، بۆیە لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێککەوتین بە 6500 دۆلار بمگەیەنێت، سەرەتا 2500 دۆلارم پێدا، بەڵام لەسەر سنووری بولگاریا گیراین و گەڕاندیانینەوە ئیستانبوڵ و 5 ڕۆژ لەوێ مامەوە، لەوێ بەهۆی نەخۆشی و نەمانی گورچیلەکەم تەندروستیشم تێکچوو، بۆیە گەڕامەوە هەولێر".

محەممەد دیسان بڕیار دەدات ڕێگای ئەورووپا بگرێتەوە بەر. ئەمجارە لەڕێگەی فەیسبووکەوە لەگەڵ قاچاخچییەک بەناوی (ئا.ی) ڕێکدەکەوێ. قاچاخچییەکە داوای لێدەکات بچێتە ئیستانبوڵ. دوای جەژنی قوربان قاچاخچییەکە لە ئیستانبوڵ دەبینێ و ڕێکدەکەون کە بە 4500 دۆلار بیگەیەنێتە ئیتاڵیا.

محەممەد گوتی "قاچاخچییەکە لە ئیستانبوڵ نووسینگەیەکی پارە گۆڕینەوەی هەبوو. کەسێکی لەو شوێنە دانابوو، ڕۆژانە دەچووین بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی کاتی بەڕێکەوتنمان بزانین. 35 کەس کۆبووینەوە، هەموومان کورد بووین، تەنیا خێزانێکی عەرەبمان لەگەڵ بوو. قاچاخچییەکە سەرەتا 2000 دۆلاری لێ وەرگرتم. سەرەتا چووین بۆ ئیزمیر و لەوێ 13 ڕۆژ لە شوقەیەک ماینەوە".

### مۆبایلەکانیان بۆ خواردن دەفرۆشن

قاچاخچییەکە تا ئەوەندە خۆی لەو 35 کەسە کردووەتە خاوەن کە گەیشتوونەتە ئیزمیر، دوایی بۆ ماوەی 13 ڕۆژ بەلایاندا نەهاتووە. محەممەد باسی ڕەوشی خۆیان لە ئیزمیر دەکات و دەڵێت "ڕەوشمان زۆر خراپ بوو، پارەمان پێنەمابوو بە خواردنی بدەین. من تەنیا هاندێکی مۆبایلم پێبوو، ئەویشم فرۆشت. زۆربەی کۆچبەرەکان ناچاربوون هاندی مۆبایلەکەیان بفرۆشن".

دوای 13 ڕۆژ لە چاوەڕوانی، کاتی ڕۆیشتنی محەممەد و هاوڕێکانی هات "کاژێر 11ی شەو قاچاخچییەک هات و گوتی خۆتان ئامادە بکەن دەڕۆین. نزیکەی دوو کاژێر بە پاسێکی بچووک ڕۆیشتین. چووینە سەر ئاوێک لەنێوان تورکیا و یۆنان. لەوێ ڕادەستی چەند قاچاخچییەکی تورکیان کردین. قاچاخچییە تورکەکە بەلەمێکی شەش مەتریی هێنا. گوتیان 35 خولەک بەو بەلەمە دەڕۆن، چونکە کەشتی ناتوانێت بێتە کەناری دەریا. دواتر دەتانبەینە نێو کەشتییەکە. 35 کەسەکە چووینە نێو بەلەمەکە. هیچمان بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە هەڵخەڵەتێنراوین، دواتر زانیمان".

پێدەچێ محەممەد و هاوڕێکانی چانسیان هەبووبێ کە لەلایەن پاسەوانانی دەریاوە دەستگیرکراون. محەممەد گوتی "کاژێرێک و 40 خولەک بە بەلەمەکە ڕۆیشتین، بەڵام لە ڕێگا ئاو هاتە نێو بەلەمەکەمان، تاوەکو دەهات ئاوەکە زیاتر دەبوو. لە ناکاو پاسەوانی دەریا لێمان پەیدابوون و دەستگیریان کردین".

ئەو شەوە لەنێو کەشتییەکی پاسەوانەکانی دەریا دەمێننەوە. ڕۆژی دواتر ڕادەستی پۆلیسی ئیزمیر دەکرێن. ناو و پەنجەمۆر و زانیاریان لێوەردەگیرێ، بەڵام هەموویان دەڵێن خەڵکی سووریاین. محەممەد دەڵێت "ئەگەر وامان نەگوتبا هەر هەموومان دیپۆرت دەکراینەوە".

محەممەد لە ئیزمیرەوە دەگەڕێتەوە ئیستانبوڵ و سۆراخی قاچاخچییەکە دەکات. گوتی "جانتایەکم لێ ونبوو، 1500 دۆلار و و پاسپۆرتەکەمی تێدابوو، یەکێک لەوانەی لەگەڵم بوو پارەی گەڕانەوەی پێدام. لە ئیستانبوڵ ویستمان پەیوەندی بە قاچاخچییەکەوە بکەین، بەڵام تەلەفۆن و فەیسبووکەکەی داخرابوو، چووینە نووسینگەکەشی، ئەویش داخرابوو".

محەممەد دوو شەو لە ئیستانبوڵ دەمێنێتەوە و لە نێو باخچەکان ڕۆژ دەکاتەوە. دینارێکی لەگیرفاندا نەمابوو پێی بگەڕێتەوە کوردستان، لەوێ کۆچبەرەکان پارەی گەڕانەوەی بۆ کۆدەکەنەوە.

محەممەد گوتی "هاتمەوە سلۆپی، لەوێ شەوێک گیرام، باری تەندروستیم تێکچوو و بردمیان بۆ نەخۆشخانە. دواتر کە باش بووم هێنایانمە سنووری زاخۆ و تەسلیمیان کردمەوە و هاتمەوە هەولێر".

دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، محەممەد سۆراخی قاچاخچییەکەی کردووە و دەڵێت "قاچاخچییەکە خەڵکی هەولێرە و دوو ژنی هەیە. ماڵێکی لە بەردەڕەشە و ماڵێکیشی لە گەڕەکی دۆلاراوەی شاری هەولێرە، بەڵام مۆبایلەکەی داخراوە و ناتوانین بیدۆزینەوە".

ئێستا نزیکەی مانگێکە گەڕاوەتەوە هەولێر، بەردەوام لە ماڵەوەیە. بەدەست نەخۆشی و خەمی خوراندنی پارەکەی داهاتووی خێزان و منداڵەکانییەوە گۆشەگیر بووە "لەماوەی ئەو مانگەی هاتوومەتەوە تەنیا سێ جار لە ماڵ دەرچووم. هەموو شتێکم لەدەستداوە، باری دەروونیم خراپە. لەڕووی تەندروستیشەوە خراپم، چونکە بەهۆی نەمانی گورچیلەکەمەوە دەبێت چوار مانگ جارێک پشکنینی گشتی جەستەم بکەم و بچمەوە لای ئەو پزیشکەی نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووم، بەڵام ناتوانم، چونکە تەنانەت پارەی تەکسیشم نییە پێی بچم".

محەممەد دەڵێت منداڵەکانی پێویستیان بە پارە بووە بۆ ئەوەی پێداویستی قوتابخانەی پێ بکڕن، بەڵام ئەو هیچ پارەیەکی لە گیرفاندا نەبووە. تەنیا موبەڕیدەیەکی شک بردووە، ئەویشی بە 30 هەزار دینار فرۆشتووە. محەممەد گوتی "ئەگەر هیچ کارێکم دەست نەکەوێت، یان کەسێک یارمەتیم نەدات، ناچارم منداڵەکانم لە قوتابخانە دەربێنم".

محەممەد هێندە نائومێدە لە باشبوونی گوزەرانی دەڵێت "بریا لە ئاودا خنکابام".

ئەو دەڵێت تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەمدا ماوە: "یان ئەوەتا قاچاخچییەکە بدۆزمەوە و پارەکەی لێ وەربگرمەوە. یان خۆم بکوژم".

داعش کچ و ژنە ڕفێنراوەکان دەگوازێتەوە ڕەققە

# کوردی ئێزدی داوای گرتنی ڕێگەی نێوان ڕەققە – مووسڵ دەکەن

ناسر عەلی
ڕووداو – دهۆک

نورا خەڵەف، کوردێکی ئێزدیی دانیشتووی شنگالە، ئومێدی ڕزگاربوونی کەسوکارەکەی لە دەستی داعش لەسەر ئۆپەراسیۆنی مووسڵ هەڵچنیبوو، بەڵام خەریکە لەو ئۆپەراسیۆنەش بێ ئومێد دەبێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانیویەتی داعش ژمارەیەکی زۆر لەو ئێزدیانەی ڕفاندبوونی، لە مووسڵەوە بەرەو ڕەققە بردوون.

نورا، 12 کەسی خێزانەکەی لە کاتی هێرشەکەی سێی ئابی 2014 بۆ سەر شنگال، لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون و هیچ لەبارەی چارەنووسیان نازانێ.

ئەو ژنە تەمەن 50 ساڵە، کراسێکی سپی پۆشیوە و لەبن خێوەتێکی کەمپی شاریا دانیشتووە، بە نائومێدییەوە باس لە چارەنووسی کەسوکاری دەکات و دەڵێت "کە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەستی پێکرد، وامانزانی هەموو ڕێگایەک لە داعش دەگرن و کەسوکاری ئێمە ڕزگار دەکەن، بەڵام ئەوەتا داعش بە ئارەزووی خۆی لە نێوان مووسڵ و ڕەققە هاتوچۆ دەکەن، لەوە دەترسێین وەکو فەللوجە و ڕومادی و گەیارە، مووسڵیش ڕزگار بکرێ و یەک ئێزدیش نەدۆزرێتەوە".

زیاتر لە مانگێکە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بەردەوامە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە 100 کوردی ئێزدی ڕزگارکراون، بەڵام هیچیان لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکەوە نەبووە، بەڵکو بە ڕێگەی تایبەت ڕزگارکراون.

چەکدارانی داعش ڕۆژی 2014/8/3 هێرشیان کردە سەر شنگال و بەگوێرەی ئامارەکان 6413 کوردی ئێزدییان ڕفاند. ژمارەیەک لەوانە بە ڕێگەی جۆراوجۆر ڕزگارکراون، بەڵام هێشتا 3659 کەس لە چنگی داعشدا ماون، بۆیە ئێزدییەکان لە هەموو کەس زیاتر پەرۆشی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بوون.

ئێستا کوردی ئێزدی داوا دەکەن خێرا ڕێگەی نێوان مووسڵ و ڕەققە کۆنترۆڵ بکرێتەوە. بۆ ئەوەی چیدی داعش، کەسوکارە ڕفێنراوەکانیان لە مووسڵەوە نەگوازێتەوە شاری ڕەققەی سووریا.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

## بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکرنی کوردی ئێزدی: شوێنی کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی ئێزدی لە حەمام عەلیل بووە

حوسێن کورو، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوەکان لەبارەی ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی تاوەکو ئێستا لە دەستی داعشدا ماون، دەڵێت "لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، توانای خۆمان خستەگەڕ بۆ ڕزگارکردنی ڕفێنراوەکان، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا یەک ئێزدی لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی مووسڵەوە ڕزگار نەکراوە". گوتیشی "ئێمە پێشبینیمان دەکرد لەو شوێنانەی هەتا ئێستا هێزەکانی عێراق ڕزگاریان کردووە، بە دەیان ئێزدیش ڕزگار بکرێن، بەڵام ژووری ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی مووسڵ هیچ پلانێکی بۆ ڕزگارکرنی ئێزدییەکان نییە".

حوسێن کورو ئاشکرای کرد کە لە دوای ئۆپەراسیۆنی مووسڵ توانیویانە 100 ژن و منداڵی ئێزدی ڕزگاربکەن، بەڵام هیچیان لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکەوە نەبووە، بەڵکو بە ڕێگەی تایبەتی خۆیان لە مووسڵ و ڕەققە و تەلەعفەر ڕزگارکراون.

نووسینگەی ڕزگارکرنی کوردانی ئێزدی بەفەرمی داوای گرتنی ڕێگای مووسڵ – ڕەققەیان کردووە. کورو دەڵێت "ئێمە ئەزموونمان هەیە، کاتێک هێرش کرایە سەر فەللووجە و ڕومادی و گەیارە و حەمدانیە و حەمام عەلیل، زانیاریمان هەبوو بە سەدان ئێزدی لەو ناوچانەن، بەڵام کاتێک لە داعش پاککرانەوە یەک کوردی ئێزدیش لەوێ نەدۆزرایەوە، چونکە داعش هەموویانی گواستبووەوە سەنتەری مووسڵ. ئێستاش زانیاریمان هەیە لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا چەندین کوردی ئێزدی لە مووسڵەوە گواستراونەتەوە بۆ ڕەققە. بۆیە داوامان کردووە ڕێگەی نێوان ڕەققە و مووسڵ بگیرێ".

کورو دەشڵێت "دوای ڕزگارکردنی حەمام عەلیل، بۆ سۆراغی ڕفێنراوەکان چووینە ناوچەکە. خەڵکی ناوچەکە دوو خانوویان نیشان داین و گوتیان داعش لەو دوو خانووە کڕین و فرۆشتنی بە کچان و ژنانی ئێزدی دەکرد. زانیاریمان هەبوو بەشێک لە ڕفێنراوەکان لە حەمام عەلیل و حەمدانییەن، بەڵام دوای ڕزگارکردنی ئەو دوو ناوچەیە داعش ئێزدییەکانی بردبووە نێو سەنتەری مووسڵ".

### عەرەبێکی شنگالی: 300 کوردی ئێزدی لە هوتێلی ئوبرا بوون

عەرەبێکی خەڵکی شنگال کە لە مووسڵ رایکردووە، هەندێک زانیاری لەبارەی ڕفێنراوەکان ئاشکرا کرد و گوتی "دوای هاتنی داعش بۆ شنگال، دوو مانگ لە شنگال مامەوە، دواتر چوومە مووسڵ. لەنێو شاری مووسڵ چەند جارێک ئێزدیم بینین، بەڵام زۆربەیان ئافرەتی بە تەمەن بوون.

سالم تامر، تەمەن 55 ساڵ کە خۆی لەدەستی داعش ڕزگار کردووە و ئێستا لە کەمپێکی ئاوارەکانە لە هەرێمی کوردستان، گوتی "کە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەستیپێکرد، لە نێو خەڵک وا بڵاوکرایەوە کە زیاتر لە 300 کوردی ئێزدی گواستراونەتەوە نێو هوتێلی ئوبرا، کە شەڕ گەیشتە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، گوتیان هەندێکیان بەرەو سووریا بردوون".

دوای ڕزگارکردنی حەمام عەلیل لە دەستی داعش، چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵ لەوێ دۆزرانەوە. حوسێن کورو بەدووری نازانێ ئێزدییە ڕفێنراوەکان لەو گۆڕانەدا بن. حوسێن کورو گوتی "لەو باوەڕەدایین کوردی ئێزدیش لەنێو ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا هەبن، بۆیە داوامان کردووە بەزووترین کات گۆڕەکان هەڵبدرێنەوە و پشکنینان بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە لە ناسنامەی تەرمەکان".

## سەربازانی تورک داوای مافی پەنابەری دەکەن

**ڕووداو- برۆکسل**

سکرتێری گشتیی ناتۆ ڕاگەیاند ژمارەیەک سەربازی تورکیا کە لە ناتۆ کاردەکەن، داوای مافی پەنابەرییان لە چەند وڵاتێک کردووە، بۆیە داوای لە تورکیا کرد ڕێز لە سەروەری یاسا بگرێت. یەنس ستۆڵتنبێرگ، سکرتێری گشتیی ناتۆ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئەو هەواڵانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لەوە دەکەن ژمارەیەک ئەفسەر و سەربازی تورکیا، داوای مافی پەنابەرییان لە چەند وڵاتێک کردووە. یەنس بەبێ ئاماژەکردن بە زانیاری زۆرتر لەبارەی ئەو ئەفسەر و سەربازانەوە ڕایگەیاند، دەبێت دەسەڵاتدارانی نیشتمانی بابەتەکە تاوتوێ بکەن.



حکومەت دیپۆرتیان ناکاتەوە

# کۆچبەرانی کورد لە ئەڵمانیا بە ویستی خۆیان دەگەڕێنەوە



ڕێکخراوی جیهانیی کۆچکردن 700 یۆرۆ دەداتە هەر کۆچبەرێک کە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی

زنار شینۆ
ڕووداو- بەرلین

مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو، ڕێژیار ڤیزایەکی تورکیای وەرگرت و خۆی گەیاندە ئیستانبوڵ، لەوێ قاچاخچییەکی پەیدا کرد کە بە 11 هەزار دۆلار ڕێژیاری گەیاندە ئەڵمانیا، ئێستا پاش ئەوەی حکومەتی ئەڵمانیا نائومێدی کرد، دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

ڕێژیاری تەمەن 26 ساڵ، کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی دهۆکی تەواو کردووە. ئەو دەڵێت "حەزم دەکرد بچمە ئەوروپا و ژیانێکی دیکە تاقی بکەمەوە". دوای ئەوەی داواکاری بۆ مافی مانەوە لەو وڵاتە پێشکەش دەکات، لە ڕۆژی 2015/11/20 چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ، بەڵام داواکەی بۆ مافی پەنابەرێتی ڕەتدەکرێتەوە. ئەو هەرچەندە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی بۆ دەرنەچووە، بەڵام ئێستا دەیەوێ بە ویستی خۆی بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.

حکومەتی ئەڵمانیا هۆشداری داوەتە کۆچبەرانی خەڵکی وڵاتانی باکووری ئەفریقا و لەوانەش تونس، مەغریب و جەزائیر کە بە زووترین کات ئەو وڵاتە جێبهێڵن. ئەو وڵاتانەش ڕەزامەندییان نیشانداوە کە کۆچبەرانیان وەربگرنەوە. کۆچبەرانی وڵاتانی مەسەدۆنیا، سربیا، ئەلبانیا و کۆسۆڤۆش لەو کۆچبەرانەن کە شانسی وەرگرتنی مافی مانەوەیان لە ئەڵمانیا کەمە. هەرچی کوردی باشووری کوردستانە، ئەگەر مافی مانەوەشیان نەدرێتێ، بەزۆر دیپۆرت ناکرێنەوە، تەنیا ئەو کۆچبەرانە نەبێ کە کاری نایاسایی دەکەن.

هەندێک لە کۆچبەران سەرەڕای خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لە ڕێگەی کۆچدا، بەڵام بە ویستی خۆیان دەگەڕێنەوە.

حەمید مەجید، خاوەنی نووسینگەیەکی گەشتوگوزارە لە ئەڵمانیا، دەڵێت تاوەکو هاوینی ئەمساڵ هەفتانە زیاتر لە 80 کۆچبەر لە ڕێگەی نووسینگەکەیانەوە گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان و عێراق.

حەمید بە (ڕووداو)ی گوت "هەفتەی ڕابردوو 25 کۆچبەرمان هەبوو کە بە حەز و ویستی خۆیان گەڕانەوە کوردستان کۆچبەرەکان کورد و عەرەب بوون".

زۆربەی کۆچبەران لە ڕێگەی ڕێکخراوی جیهانیی کۆچکردن (IOM) دەگەڕێنەوە. ئێستا ئەو ڕێکخراوە ئاسانکاریی زۆر دەکات بۆ گەڕانەوەی کۆچبەران بۆ وڵاتەکانیان، کاروباری گەڕانەوەیان لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆ ڕێکدەخات و بڕی 700 یۆرۆش دەداتە کۆچبەری گەڕاوە. بەڵام کۆچبەران پێشتر دەبووایە نزیکەی سێ مانگ چاوەڕێی مامەڵەی گەڕانەوە بکەن.

ڕێکخراوی جیهانیی کۆچ پرۆگرامێکی هاوکاریکردنی گەڕانەوەی کۆچبەرانی لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان و عێراق هەیە. ڕێکخراوەکە لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆی ڕێنمایی و فۆرمی تایبەت بە گەڕانەوەی کۆچبەرانی بە زمانی کوردی و عەرەبی داناوە. هەر لە ماڵپەڕەکەیاندا چیرۆکی گەڕانەوەی چەند کۆچبەرێکی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق داناوە. ڕێکخراوەکە دەڵێ ئەو کۆچبەرانە بە بڕە پارەیەک هاوکاریی کراون بۆ ئەوەی پرۆژەی بچووک لە کوردستان و عێراق جێبەجێ بکەن و لە ڕووی ئابوورییەوە بکەونەوە سەر پێی خۆیان.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران داوای ئەو هاوکارییەی ڕێکخراوەکەیان کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان لە هاوکارییەکانی ئەو ڕێکخراوە سوودمەند بوون.

بەشێک لە کۆچبەران ئامادەن ئەڵمانیا جێبهێڵن و بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، ئەگەر حکومەت ئەو پارەیەیان بۆ بگەڕێنێتەوە کە لە ڕێگەی کۆچدا خەرجیان کردووە.

ئاسۆ، 24 ساڵ، گەنجێکی خەڵکی سلێمانییە، ساڵێک و سێ مانگە لە ئەڵمانیایە، ئێستا لە کەمپێکی کۆچبەرانە لە بەرلین. حکومەت مانگانە 160 یۆرۆی دەداتێ. ئاسۆ پەنجەمۆری لێ وەرگیراوە و دەمێکە چاوەڕێی چاوپێکەوتنە.

ئەو کە تاوەکو قۆناغی ناوەندی خوێندووە بە (ڕووداو)ی گوت "ژیانم لێرە زۆر ناخۆشە، چوار کەس لە یەک ژووردا دەخەوین، لە ناخۆشترین کەمپی ئەڵمانیایین. ئەگەر حکومەتی ئەڵمانیا ئەو پارەیەم بداتەوە کە بە قاچاخچیم داوە، یەک ڕۆژ لێرە نامێنمەوە". ئاسۆ بە گوتەی خۆی 9800 دۆلاری داوەتە قاچاخچی بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئەڵمانیا.

کۆچبەران تەواو بێزار بوون لە ژیانی کەمپ، چونکە زۆربەی کەمپەکان مەرجەکانی ژیانیان تێدا نییە. هەندێک لە کەمپەکان گۆڕەپانی قوتابخانەی کۆنن، پڕکراون لە قەرەوێڵەی دوو قات و نێوان قەرەوێڵەکانیش بە پارچە قوماشێک جیاکراوەتەوە. ئەو کۆچبەرەی کامپەکەی لە گوندێکی دوورە شار بێت، شانسی هەیە، چونکە هەر هیچ نەبێت لە خانوودا دەژی.

بەشێکی زۆر لە کۆچبەران پەشیمانن لە کۆچکردن و هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، بەڵام بەشێکیان ئامادەنین بگەڕێنەوە، مەگەر بە زۆر دەربکرێن.

دلێر گەنجێکی تەمەن 22 ساڵە، لە مانگی ئابی 2015 گەیشتووەتە ئەڵمانیا. چوار مانگە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە، بەڵام هێشتا وەڵامی نەدراوەتەوە. دلێر دەڵێت "چوار مانگە چاوەڕێی وەڵامم، نە بە بەڵێ نە بە نەخێر وەڵامم نەدراوەتەوە. بەڵام مەگەر بە زۆر دەرم بکەن، ئەگەرنا حەز ناکەم بگەڕێمەوە کوردستان".

بەپێی ئامارەکانی حکومەتی ئەڵمانیا، ساڵی ڕابردوو ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی بەویستی خۆیان ئەو وڵاتەیان جێهێشتووە 32 هەزار و 700 کۆچبەر بووە. بۆ ئەمساڵیش ئامارێکی ورد نییە، بەڵام مەزەندە دەکرێ ئەوانەی بە ویستی خۆیان و بە ڕێگای تایبەت یان IOM ئەڵمانیا جێدێڵن، بگاتە 70 هەزار کۆچبەر کە لانیکەم نیوەیان خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراقن. ئەوانی دیکەش زۆربەیان ئەفغانین.

ڕێژیار کە ڕۆژی 2016/11/20 بە ویستی خۆی گەڕایەوە هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەنیازم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ئەڵمانیا، بەڵام ئەمجارە بە ڕێگەی فەرمی دەگەڕێمەوە، چونکە هاوسەرگیریم لەگەڵ کچێکی کورد کردووە کە وڵاتینامەی ئەڵمانیای هەیە و ئێستا مامەڵەی ڕاکێشانی من بۆ ئەڵمانیا دەکات".

## هەندێکیان پێیان حەرامە لە تاراوگە بنێژرێن

# کوردی تاراوگە دڵیان بۆ گۆڕستانەکانی کوردستان لێدەدات

### کارمەندی کۆمپانیایەک: کوردی باکووری ئەوروپا ساڵانە 300 هەزار دۆلار بۆ گواستنەوەی تەرم خەرج دەکەن

### پەنابەرێکی کورد: 500 پەنابەری کورد لە فینلاند جەستەی خۆیان بەخشیوە

### پەنابەرێکی کورد: وەسیەتم کردووە تەرمەکەم بسووتێنن

ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێلسنکی

سینان لەگەڵ کچێکی سوێدی خێزانی پێکەوەنابوو، خاوەنی دوو منداڵ بوو، بەڵام لە تەمەنی 48 ساڵی بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد. هاوژینەکەی تەرمەکەی سووتاند و بەشێک لە خۆڵەمێشەکەی لە ماڵەوە هێشتەوە و ئەوەی دیکەشی خستە نێو شووشەیەک و لەژێر خاکی نا.

بەڵام ئەوە کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ بنەماڵەکەی سینان بۆ نایەوە، چونکە کەسوکاری کۆچکردووەکە ئەوەیان پێ قبوڵ نەکرا و حەزیان دەکرد تەرمەکەی ببەنەوە کوردستان، بەڵام ژنە سوێدیەکەی قبوڵی نەکردووە.

شەوکەوت موراد، ئامۆزای سینان دەڵێت "ئەگەر پۆلیس نەهاتبا نێو کێشەکەوە دوور نەبوو خوێن بڕژێ". گوتیشی "سووتاندنی تەرمی سینان ئازارێکی گەورەی هەبوو بۆ خوشک و براکانی و قەت لە یادی ناکەن. لەلای خەڵک و کەسوکار شەرمەزار بووین و گوناهباری هەردوو دنیا بووین".

بەشێکی زۆر لە کوردی سکەندنافیا و باکووری ئەوروپا کە ژمارەیان لە سەرووی 200 هەزار پەنابەر دەبێ، ئاوێتەی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە بوون، بەڵام حەز دەکەن دوا وێستگەی ژیانیان لە کوردستان بێت، یان هیچ نەبێت لەوێ بنێژرێن.

حەمەئەمین سەڕاج، 72 ساڵ کە 30 ساڵە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج دەژی، دەڵێت "پێموانییە ئەوەندەم لە ژیاندا مابێت، بۆیە دەچمەوە کوردستان و حەز دەکەم لە سەیوان بنێژرێم".

حەمەئەمین بڕێک پارەی پاشەکەوت کردووە بۆ خەرجیی بردنەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان کە دەتوانێ بەو بڕە پارەیە چەند ساڵێک بە خۆشی بژی، بەڵام دەڵێت "هەست دەکەم ڕۆحم ئارام دەبێت، ئەگەر لە شارەکەی خۆم بنێژرێم".

بەشێک لە کوردی ئەوروپا پێیانوایە گوناه دەکەن ئەگەر لە وڵاتێکی بیانی بنێژرێن "ئێمە موسوڵمانین و بە شاردنەوەمان لە خاکی ئەم وڵاتە، تووشی گوناهێکی گەورە دەبین، هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی لە سوێد بنێژرێین"، ناجی ڕەشید دانیشتووی سوێد وایگوت.



ساڵانە زیاتر لە 100 تەرم لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیاوە دەنێردرێنەوە کوردستان

بەڵام مامۆستایەکی ئاینی ئەوە ڕەتدەکاتەوە. حاجی عەلی بناوی ئیمامی یەکێک لە مزگەوتەکانی سوێد بە (ڕووداو)ی گوت "ناشتن لەم وڵاتانە گوناه نییە، ئەگەر بەپێی نەریت و واجبی ئیسلامی بکرێت. لێرەش ڕێگەپێدراوە و هەموو کەسێک بۆی هەیە بەو شێوەیە مردوو بنێژێ کە خۆی دەیەوێت". بەڵام دەڵێت "ناشتنی خۆڵ و پاشماوە، ئەوە سەد دەر سەد حەرامە".

(خۆڵ و پاشماوە) مەبەستی لەو کەسانەیە کە لەسەر داوای خۆیان یان کەسوکاریان دەسووتێنرێن و بەیادگاری هەڵدەگیرێن، یان لە نێو کووپێکی بچووک دەنێژرێن و ئەوکات تەرمەکەیان ڕووبەرێکی بچووکتر دەگرێت و خەرجییەکی کەمتریشی دەبێت. ئەمە نەریتی بەشێک لە ئەوروپییەکانە.

ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمتر لە تاراوگەنشینان وادەکەن، بەڵام جەمال ئەمین کە لە شاری هێلسنکی دەژی بە (ڕووداو)ی گوت "من خۆم پێشنیازم کردووە کە مردم، کەسوکارم یان کۆمۆن بمسووتێنن. پێویست ناکات بەو شێوەیە بمنێژن کە لای خۆمان عادەتە".

ئەمین یەکێکە لەو کوردانەی فینلاند کە ناوی خۆی تۆمار کردووە بۆ ئەوەی دوای مردنی، سوود لە ئەندامانی جەستەی وەربگیرێ "خۆم بەخشیوە و هیچ پارەیەکیشم لە بەرامبەری وەرنەگرتووە". گوتیشی "ئەوەندەی زانیاریم هەبێ، تەنیا لە فینلاند زیاتر لە 500 کورد جەستەی خۆیان بەخشیوە".

مامۆستا ئاینییەکەی سوێد لەبارەی بەخشینی جەستەوە دەڵێت "بەخشینی ئەندامی جەستە نەک حەرام، بەڵکوو خێرێکی گەورەیە بۆ خۆی و کەسوکاری، بەمەرجێک لەبەرامبەردا پارەی وەرنەگرتبێ".

لە وڵاتانی سکەندنافیا خەرجیی ناشتنی تەرمێک نزیکەی 4000 دۆلاری تێدەچێ، خەرجییەکەش لە ئەستۆی کەسوکاری مردووەکەیە. ئەگەر کەسوکاری مردووەکە نەداربوون، ئەوە دەوڵەت خەرجییەکانی لە ئەستۆ دەگرێت. بەڵام لەو کاتەدا زیاتر پابەندی ڕێساکانی خۆی دەبێت، نەک وەک ئەوەی کەسوکاری مردووەکە دەیخوازن.

(F.I.N) ناوی ئەو کۆمپانیایەیە کە کاری گواستنەوەی تەرم لە وڵاتی سوێد و فینلاند و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپیەوە دەکات. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەو کۆمپانیایەوە بە (ڕووداو) دراون، کوردی باشوور (هەرێمی کوردستان) زیاتر لە هەموو کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، خواستی ناردنەوەی تەرمیان هەیە.

ئێڤا جۆنسۆن کە لەو کۆمپانیایە کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵانە زیاتر لە 100 تەرم لە وڵاتانی سوێد و نەرویج و فینلاند و دانمارکەوە بۆ کوردستان دەنێرینەوە، خەرجییەکانیان 300 هەزار یۆرۆی تێپەڕاندووە".

بەپێی زانیارییەکان جگە لە خەرجییە ناوخۆییەکانی کە بەشێکی لەسەر دەوڵەت خۆی و ئەوی دیکەش لەسەر خێزانەکانە، ناردنەوەی تەرمێک بۆ باشووری کوردستان 7 هەزار یۆرۆی تێدەچێ.

ئێڤا گوتی "نەک ئەوانەی تازە دەمرن، زۆر لەو کەسانەی ساڵانی ڕابردوو مردوون، لەلایەن کەسوکاریانەوە لە گۆڕ دەردەهێنرێن و دەبرێنەوە کوردستان".

### ڕۆتین.. کێشەی گەورە

ئەمجەد ناسیح لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم وەستاوە و چاوەڕوانی تەواوبوونی ڕێکارەکانی گواستنەوەی تەرمی باوکی دەکات بۆ هەولێر. ئەو دەڵێت "تەواو بێزار بووم و ڕەوشێکی دەروونی زۆر ناخۆشیان بۆ دروست کردووین". گوتیشی "وا دەبێتە دوو هەفتە باوکم کۆچی دوایی کردووە. ئەوە 11 ڕۆژە سەردانی باڵیۆزخانە دەکەم، بۆ مامەڵەی ناردنەوەی تەرمی باوکم، هێشتا کارەکانم تەواو نەبووە".

مامەڵەی گواستنەوەی تەرم لە باڵیۆزخانەی عێراق دەکرێ، بەڵام پەنابەرانی کورد گلەییان لە ڕۆتینی زۆری باڵیۆزخانەکان هەیە و دەڵێن جاری وا هەیە تەرم نزیکەی مانگێک دەمێنێتەوە".

### دڵنیایی وەهمی

هەر کەسێک کە ڤیزا وەردەگرێت، سەرەتا لەلایەن کونسوڵگەرییەکان مەرجی دڵنیایی تەندروستی لەسەر فەرز دەکرێت کە لە کوردستان 60 بۆ 300 دۆلاری ئەمریکییە بۆ ماوەی یەک تا سێ مانگ. ئەگەر کەسەکە لە گەشتەکەیدا گیان لەدەست بدات، ئەوا تێچووی گواستنەوەی تەرمەکەی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای دڵنیایی. بەڵام ڕووداو زانیویەتی هیچ یەکێک لەو کۆمپانیایانەی لە کوردستانەوە دڵنیایی دەکەن، ئەو کارە ناکەن. ئێڤا جۆنسۆن کە لە کۆمپانیایەکی گواستنەوەی تەرم کار دەکات، دەڵێت "کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئەو کارە ناکەن، چونکە زۆربەیان وەهمین".

## یارەکەی شوان هاتەوە

**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ شوان قەرەداغی نوێترین گۆرانی لەگەڵ گرووپی موزیکی لووڕ تۆمار کردووە و چاوەڕێی سپۆنسەرە بۆ کلیپکردنی. هاتەوە یارم، ناوی بەرهەمە نوێیەکەی شوانە قەرەداغییە. ئەو بەرهەمە ئاوازی هونەرمەندی کۆچکردوو حەسەن کامکارە و پێشتر لەلایەن هونەرمەند فەتانەی وەلیدی گوتراوە، ئێستاش لەلایەن نزار زێوەیی، سەرپەرشتیاری گرووپی موزیکی لووڕ دابەشکردنی موزیکی نوێی بۆ کراوە.

شـوان قەرەداغی بە (ڕووداو)ی گوت، جگە لەو گۆرانییە، گۆرانی سـلێمانی بە هاوکاری کۆمپانیای بابیلۆن کلیپ دەکاتەوە. شـوان قەرەداغی ئەو گۆرانییەی 14 سـاڵ لەمەوبەر تۆمار کردووە.



هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 433 ) – دووشەممە 2016/11/21

### هونەرمەند حەمید بانەیی بۆ (ڕووداو):

# لەناو هونەرەکاندا، گۆرانی لەڕووی دەروونییەوە چێژم پێ دەبەخشێ



دەمێکـە گۆرانی دەڵێت و لەنێو خەڵکی کوردسـتاندا دەنگێکی ئاشـنایە، بەڵام تاوەکو ئێسـتا خاوەنی تەنیـا تاکە ئەلبوومێکە. حەمیـد بانەیی هۆکاری کەمیی بەرهەم بۆ باری دارایی دەگێڕێتەوە و بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانی پشت بە گیرفانی خۆی دەبەستێ، چونکە باوەڕی بە سپۆنسەر نییە.

حەمید عەبدوڵڵا، ناسـراو بە حەمید بانەیی ساڵی 1960 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانییە بەنێوی لێواری شـەو لەگەڵ چەند گۆرانییەکی دیکە. لـەم هەڤپەیڤینەدا لەگـەڵ (ڕووداو) زۆرتر لەبارەی خۆی و کارە هونەرییەکانی دەدوێ.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

### بەهۆی کەمپینێکەوە لە زانکۆ فەسڵ کرام

### لە دامەزرێنەرانی کەناڵی کوردسات بووم

### ئاوازی گۆرانیی شەوی هیجران بۆ هونەرمەندێکی دیکە دانرابوو

**ڕووداو: بەپێی پاشناوەکەت بێ، خەڵکی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، بەڵام لە سلێمانی لەدایک بووی. خەڵکی بانەی یان سلێمانی؟**

**حەمید بانەیی:** باپیرم (باوکی باوکم) لە شاری بانە لەدایک بووە و لە شەش ساڵییەوە هاتووەتە سلێمانی، بەڵام هەر بە حەمە بانەیی ناسرا بوو، لەوەوە ناسناوی بانەمان بۆ ماوەتەوە. خۆم چەند جارێک چوومەتە بانە، بەڵام بۆ ناسـناوەکەم، لە نەوەتەکانـدا بە ناوی حەمیـد عەبدوڵڵا وتارم بۆ ڕۆژنامەی ئیتیحاد دەنووسی، گوتیان وەکو ئەوەیە خەڵکی شـارێکی عێـراق بی، پێشـنیازیان کرد ناوێکی کوردی دابنێم، منیش ئەو ناوەم دانا.

**ڕووداو: چیت خوێندووە؟**

**حەمید بانەیی:** ساڵی 1983 کاتێک دەچوومە قۆناغی سێی بەشی فیزیا لە زانکۆی سەلاحەددین، لەگەڵ چەند خوێندکارێک کەمپینمان کرد بۆ ئەوەی خوێندکاران نەڕۆنە نێو جەیشی شەعبییەوە، دواتر بڕیاری فەسڵکردنمان بۆ دەرچوو، بۆیە خوێندنم پێ تەواو نەکرا. پاشـان دۆخەکە ناخۆشتر بوو، دواتریـش تاقەتی خوێندنم نەما، خۆیشـم حەزم لەو بەشـە نەبوو، دەستم دایە گۆرانیگوتن، پێش ئەوەی فەسڵ بکرێم، لە ساڵی 1982 لەگەڵ تیپی شیلان سێ گۆرانیم تۆمار کرد.

**ڕووداو: بە شـانۆ دەستت پێکرد، بەڵام زۆرتر وەکو گۆرانیبێژ ناسـرای، بۆچی لە کاری شانۆیی بەردەوام نەبووی؟**

**حەمیـد بانەیی:** کاتی خۆی لەگەڵ مامۆسـتا فوئـاد مەجید میسـری بـۆ شـانۆییەکان وەکو دیکۆر کارم دەکرد و لە شانۆیی دیکەش زیاتر لە دیکۆرەوە بەشدار بووم، بەڵام خۆیان دەیانویست وەکو ئەکتەر بەشدار بم و ڕۆڵەکانیش کەم بوون،

### هۆنراوەی گۆرانی نانوێت بۆ کچی شاعیرێک نووسراوە

بەڵام خۆم زیاتر حەزم لە گۆرانیگوتن بوو.

**ڕووداو: کەی یەکەم بەرهەمت تۆمار کرد؟**

**حەمیـد بانەیـی:** سـاڵی 2002 لەنێـو 87 هونەرمەند لە فێسـتیڤاڵێکی هوتێل چوارچرا لە هەولێـر، بە گۆرانیـی بێدارییەک پلـەی یەکەمم بەدەسـتهێنا. سـێ سـاڵ لەمەوبەریـش فەرهاد حەمەسـاڵحی موزیسـیان سـیدییەکی بۆ شەش هونەرمەند ئامادە کرد، گۆرانییەکیان بۆ من بوو.

**ڕووداو: بۆچی گۆرانیگوتنت بەسەر هونەرەکانی دیکەدا فەرز کرد؟**

**حەمید بانەیی:** لە سـاڵی 1980وە خۆم فێری موزیک کـردووە و بوومە ژەنیاری ئامێری گیتار، تائێسـتاش لە ماڵەوە گیتار دەژەنـم و ئاوازیش دادەنێـم. گۆرانـی لـەڕووی دەروونییـەوە چێژم پێدەبەخشێ، ڕەنگە هەر ئەوە هۆکارەکە بێ.

**ڕووداو: تـۆ دەڵێـی لە هەشـتاکانەوە گۆرانی دەڵێـی، بـەڵام بۆچی تاوەکـو دوو هـەزارەکان بەرهەمت نەبووە؟**

**حەمیـد بانەیی:** پێشـتر هەندێـک کارم کرد، بەڵام نەچووە نێو خەڵک. دەتوانم بڵێم خراپترین کاتـی هونەریـم بـوو. جگە لـەوەش بەڕاسـتی بەهیچ شـێوەیەک هونەر نەبووەتە سـەرچاوەی بژێـوی ژیانم. ئـەوەی خەرجم کردووە، دەسـتم نەکەوتووەتەوە.

**ڕووداو: گۆرانیی شەوی هیجران دەنگدانەوەیەکی باشی لەناو خەڵک هەبوو، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**حەمیـد بانەیـی:** ئـەو گۆرانییـە ئاوازەکەی مامۆسـتا عەبدوڵـڵا جەمـال سـەگرمە دایناوە. بەڕێکـەوت وەرمگرت، چونکە بـۆ گۆرانیبێژێکی دیکـەی دانابوو، بەڵام خۆیشـی نەیزانی بۆ کێی داناوە، ئەو هونەرمەندەش داوای لێ نەکردبووەوە. مامۆستا عەبدوڵڵا کۆپلەیەکی تۆمار کردبوو، داوام کرد و ئەویش قبووڵی کرد.

**ڕووداو: گۆرانیـی تۆ نانویـت، چیرۆکێکی لە پشتە. ئەو چیرۆکە چییە؟**

**حەمید بانەیی:** شـەوێکی ساڵی 2000 لەگەڵ شاعیری کۆچکردوو عیرفان ئەحمەد دانیشتبووین، ئـەو هۆنراوەیـەی نیشـاندام کـە بـۆ کچەکەی

### ئەوەی لە هونەر خەرجم کردووە، دەستم نەکەوتووەتەوە

نووسیبوو، بەلامەوە جوان بوو، وەرمگرت و دوای چەند سـاڵێک دۆزیمەوە و پێم باش بوو بیکەمە گۆرانی.

**ڕووداو: دەڵێن شیعریش دەنووسی؟**

**حەمیـد بانەیی:** زۆرم نووسـیوە، بەڵام حەزم نەکردووە بڵاوی بکەمەوە، هۆنراوەیەکیشم کردووە بـە گۆرانی، بەڵام تۆمارم نەکردووە، هۆنراوەم بە عەرەبییـش بڵاوکردووەتـەوە. ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسـیم زۆر خوێندووەتـەوە، ڕایەکم هەیە کە ڕەنگـە زۆر کـەس لەگەڵم نەبن، شـیعر زۆر لـەوە گەورەتـر و قورسـترە کە شاعیرەکانی ئێمە دەینووسن. ئەوەی خۆشم دەینووسم بە شیعری نازانم.

**ڕووداو: گوتـت هیچـت لـە هونەر دەسـتنەکەوتووە، ئـەی چەنـدت خـەرج کردووە؟**

**حەمیـد بانەیی:** ئەلبوومێکـی گۆرانیم هەیە، نزیکـەی 10 هەزار دۆلاری تێچـوو کە دوو هەزار نوسـخەی لـێ چاپ کـرا. ئـەوەش زۆر کەمە و نزیکـەی 3 هـەزار دۆلارم لـێ دەسـتکەوتەوە. هەندێجار بەهۆی کۆنسێرتەکانەوە پاداشت کراوین کە ئەوەش دەسـتکەوت نییـە. بەڵام هونەرمەند هەیە بەهۆی هونەرەوە بووەتە خاوەنی شـوقە و زەوی و ئۆتۆمبێل.

**ڕووداو: داوای سپۆنسـەر بـۆ بەرهەمەکانـت ناکەی؟**

**حەمیـد بانەیـی:** قەت بـاوەڕم پێـی نییە و لەڕووشـم نایـەت داوای بکـەم، چونکە هەندێک کەس هەیە لە حاڵەتی داواکردنی سپۆنسەر لێیان لەوانەیە بە بچووکی سـەیری هونەرمەند بکەن و قسەش لەسەر زۆر هونەرمەند کراوە کە لە دەرگای شـوێنیان بۆ سپۆنسەر داوە. لەم ماوەیەدا چەند سـەرمایەدارێک گوتیان بۆچـی بەرهەمت نییە، گوتـم بەهۆی بـاری دارایی، گوتیان پاڵپشـتیت دەکەین، گوتم سوپاستان دەکەم، بەڵام دەنگیان نەما و منیش وازم لێ هێنا.

**ڕووداو: ماوەیەک لە کەناڵی کوردسات بوویت، بۆچی وازت هێنا؟**

**حەمید بانەیـی:** لە دامەزرێنەرانی ئەو کەناڵە بووم، بـەڵام دوای نزیکەی چوار سـاڵ بەهۆی هەندێک کێشـەوە نەمتوانی بەردەوام بم. پاشان چوومـە خاک و لەوێش لە دەسـتەی نووسـینی ڕۆژنامەی سۆما بووم کە بە ئینگلیزی دەردەچوو،

### باوەڕم بە سپۆنسەر نییە و لەڕووشم نایەت داوای بکەم

دواتر لەوێش وازم هێنا.

**ڕووداو: ئێستا چی دەکەیت؟**

**حەمید بانەیی:** لە کۆمپانیایەک کار دەکەم.

### هونەرمەند نیان عەبدوڵڵا بۆ (ڕووداو):

# لە سلێمانی بە هەڵە هێلکەدانیان دەرهێنام



ئاواتم ئەوەیە بە کۆنسێرتێک داهات
بۆ نەخۆشخانەی هیوا کۆبکەمەوە

پزیشـکەکانی نەخۆشـخانەی چاریتـە لـە ئەڵمانیـا قسـەیەکی ئومێدبەخشـیان بە خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ نیان عەبدوڵڵا گوتووە کە 90% مەترسـی نەخۆشیی شـێرپەنجەی لەسـەر نەماوە، بەڵام دەبێت ئاگاداری خۆیشی بێت، ئەویش ئێستا جگە لە بەسەربردنی ژیانی ئاسایی خۆی، کار بۆ دوو بەرهەمی نوێ دەکات.

لە سەرەتای ئەمسـاڵەوە نیان عەبدوڵڵا تووشی نەخۆشیی شـێرپەنجەی هێلکەدان بـوو، دوای وەرگرتنی چارەسـەر لە نەخۆشـخانەی هیوا لەشاری سلێمانی، ماوەیەک لەمەوبەر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ڕووی کردە ئەڵمانیا.

نزیکـەی 20 ڕۆژ لەوێ چارەسـەری وەرگرت و مانگی ڕابـردوو گەڕایـەوە سـلێمانی، لـەم هەڤپەیڤینـەدا لەگەڵ (ڕووداو) زانیاری نوێ سـەبارەت بە چارەسـەری نەخۆشییەکەی و کارە هونەرییەکانی ئاشکرا دەکات.

پشتیوان جەمال
ڕووداو – سلێمانی

### 90 % مەترسیی شێرپەنجەم لەسەر نەماوە

### بەهۆی باری داراییم نەمتوانی نەشتەرگەرییەک لە ئەڵمانیا بکەم

### لە ئەڵمانیا نەشتەرگەرییەکیان بۆ کردم بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی پزیشکەکانی کوردستان

### دوو گۆرانی نوێم بەدەستەوەن

### ئێستا ژیانێکی ئاسایی دەژیم

**ڕووداو: بۆ چارەسەری نەخۆشـی سـەردانی ئەڵمانیاتـان کـرد، پزیشکەکانی ئەوێ چییان پێگوتن؟**

**نیـان عەبدوڵـڵا:** دوای دەرکەوتنی نەخۆشـییەکەم سەرەتا لە نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانی چارەسەرم وەردەگرت. لێرەوە بە دەرفەتی دەزانـم زۆر سوپاسـیان بکەم کـە هەوڵـی تەواویـان بۆ چارەسـەرکردنم دا، بـەڵام ڕۆیشـتنم بـۆ ئەورووپـا لەبـەر ئـەوە بـوو کـە نەخۆشـییەکەم زۆر سـەختە. لەو نەخۆشخانەیە لەگەڵ پرۆفیسۆرێک قسەم کرد و پشـکنینەکانم زۆر باش بوون، لەبەرئەوەی پێشـتریش ئـاگام لە تەندروسـتیم بـووە و وەرزشیشـم دەکرد. ئەوانیـش نەیانتوانی بە وردی هـۆکاری تووشـبوونی شـێرپەنجەکەم بزانـن، هەروەها پێیانگوتم کە ناتوانن 100% کۆنترۆڵی نەخۆشییەکەم بکەن، چونکە تازە تووشـی نەخۆشـییەکە ببووم، بەڵام گوتیان شانسـت هەبووە کە شـێرپەنجەکە بەتەواوی بڵاونەبووەتەوە.

**ڕووداو: چەند نەشتەرگەرییت بۆ کرا؟**

**نیـان عەبدوڵـڵا:** دوای دەرکەوتنـی نەخۆشییەکە لە هەردوو هێلکەدانم، دەبوو بە نەشتەرگەری هێلکەدانەکانم دەربهێنرێن، بەڵام بەداخەوە لە سلێمانی لە کاتی نەشتەرگەریدا بە هەڵـە دەریانهێنـان و نەشـتەرگەرییەکە بـە سـەرکەوتوویی نەکـرا. لـە ئەڵمانیا دوو نەشتەرگەریم کرد یەکێکیان بۆ چاککردنەوەی ئەو هەڵەیە و ئەوەی دیکەش بۆ لێکردنەوەی گۆشت لە چەند شوێنێکی لەشم بۆ پشکنین، دەبوو نەشـتەرگەریی سێیەمیش بکەم، بەڵام بەهۆی باری دارایی و تەواوبوونی ڤیزاکەمەوە دەبوو بگەڕێمەوە.

**ڕووداو: پزیشـکەکان ئومێدی باشبوونیان پێدای؟**

**نیـان عەبدوڵـڵا:** گوتیـان لەبەرئـەوەی خۆشبەختانە نەخۆشـییەکە بڵاونەبووەتەوە، 90% ژیانـم پارێـزراوە و مەترسـیم لەسـەر نەماوە، بەڵام لەبەرئەوەی نەخۆشییەکەم تێدا دروسـت بووە دەبێت تا سێ ساڵی دیکە هەر سـێ مانگ جارێک بۆ چاودێریی تەندروستیم سەردانی پرۆفیسۆرەکەم بکەمەوە.

**ڕووداو: ئێستا باری تەندروستیت چۆنە؟**

**نیان عەبدوڵڵا:** لەبەرئەوەی چارەسـەرێکی باشم لە ئەڵمانیا وەرگرت، ئێستا زۆر باشم و ژیانی ئاسایی بەسەر دەبەم و دەوام دەکەمەوە و دەچمە کۆنسێرتیش، بەڵام دەبێت بەردەوام ئـاگام لە خۆم بێت بۆ ئەوەی نەخۆشـییەکە دروسـت نەبێتەوە. جگە لـەوەش خۆم ورەم بەرزە و هەوڵ دەدەم زۆر بیر لە نەخۆشییەکەم نەکەمـەوە، بۆ ئەوەی لـە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەرم نەبێ.

**ڕووداو: ئەگەر پێویستیت بە پشکنین بێت، لە کوردستان دەیکەیت یاخود لە ئەڵمانیا؟**

**نیـان عەبدوڵـڵا:** تـا ئێسـتا پشـکنینم نەکردووەتەوە، لە حاڵەتی پێویستبوونیش بۆ پشکنین، دەبێت لە دەرەوە بیکەم. هیواداریشم بە حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان و هەموو لایەک بتوانن هاوکاریم بکەن، بەڵام ئەگەر زۆر ناچار بم دەبێت لێرە پشکنین بکەم.

**ڕووداو: لە کاتێکدا تووشی ئەو نەخۆشییە بوویت، کاری هونەریت نەوەستاندووە، توانای کارکردنت ماوە؟**

**نیـان عەبدوڵـڵا:** پێـش ئەوەی تووشـی نەخۆشـییەکە ببـم بەرهەمێکم لەبەردەسـت بوو، مامۆسـتا بورهانی موفتیزادە ئاوازەکەی بۆ دانابووم، بەڵام نەخۆشییەکە ڕێگری کرد، بەنیازم کاری تێدا بکەمـەوە. لەبەرئەوەی لە نەخۆشـخانەی هیواش نەخۆشـی زۆرم بینی ئاواتم ئەوەیە کۆنسـێرتێک بکـەم بۆ ئەوەی لـەو ڕێگەیـەوە داهاتیان بـۆ کۆبکەمەوە. لە ئەڵمانیاش موزیسـیان بڕیار ڕەشیدم بینی و بڕیاریداوە بەرهەمێکم بۆ ئامادە و تۆمار بکات، ئێستا سەرقاڵی ئەو بەرهەمەشم.




LEGACY
CONSTRUCTION



## ژنێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سلێمانی**

لە گەڕەکی مەجیدبەگی شاری سلێمانی ژنێکی تەمەن 39 ساڵ بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. د.محەممەد نووری، لە پەیمانگەی دادپزیشکیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/11/19 تەرمی ژنێکیان هێناوەتە پەیمانگەکەیان، دوای پشکنین، دەرکەوت گوللەیەک بەر سەری کەوتووە. بە قسەی کەسوکاریشی، ئەو ژنە باری دەروونی باش نەبووە و خۆی کوشتووە. دوای توێکاری، تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو ژنە لە گەڕەکێکی دیکەی سلێمانی نیشتەجێن، بەڵام لە ماڵی باوکی خۆی کوشتووە و خاوەنی دوو منداڵیشە.

# ژنە فەرمانبەرێکی ئەوقاف خۆی دەسووتێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

جوان، پێش ئەوەی لە نەخۆشخانە گیان بسپێرێ، تا ڕادەیەک کاری تیمەکانی لێکۆڵینەوەی ئاسان کرد کاتێک گوتی "لە ڕقی مێردەکەم و خوشکەکەی خۆم سووتاند، چونکە مێردەکەم لەگەڵم خراپ بوو، خوشکەکەشی دەستی خستبووە نێو کاروباری ئێمە".

(جوان.س) 31 ساڵ، فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف بوو. ڕۆژی 2016/11/9 لە ماڵی باوکی لە گەڕەکێکی شاری هەولێر ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. چەند ڕۆژێک دواتر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو. جوان بەر لەوەی بمرێ، هاوژینەکەی و خوشکی هاوژینەکەی بە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی ناوبردبوو.

موقەدەم ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنە لە ئیفادەی نەخۆشخانەدا گوتوویەتی "لەبەرئەوەی لەلای مێردەکەی دڵی توند بووە، بۆیە چووەتەوە ماڵی باوکی. لەوێش خۆی سووتاندووە".

موقەدەم ژیلەمۆ زانیاری زیاتر لەبارەی قسەکانی ئەو ژنە ئاشکرا دەکات کە لە ئیفادەکەیدا بە تیمی لێکۆڵینەوەی گوتووە.



موقەدەم ژیلەمۆ گوتی "ئەو ژنە لە ئیفادەی نەخۆشخانەدا گوتوویەتی لە ڕقی مێردەکەی و خوشکی مێردەکەی، خۆی سووتاندووە. لەبەرئەوەی مێردەکەی لەگەڵ خۆی و منداڵەکانی مامەڵەی خراپ بووە. خوشکی مێردەکەشی دەستی وەرداوەتە ژیانیان". هەروەها گوتی "ژنەکە پێش ئەوەی بمرێ سکاڵای لەسەر مێردەکەی و خوشکی مێردەکەی تۆمار کردووە، بەڵام لەلایەن دادوەرەوە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرنەچووە، بەڵکو داوای ئامادەبوونیان لێکراوە بۆ وەرگرتنی قسەیان".

**ژنەکە: لە ڕقی مێردەکەم و خوشکەکەی، خۆم سووتاند**

هاوڕێیەکی ئەو فەرمانبەرە کە لە وەزارەتی ئەوقاف پێکەوەن و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جوان ژنێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، دایکی دوو منداڵ بوو، هەندێجار بۆی باس دەکردم کە لەگەڵ مێردەکەی کێشەیان هەیە. منیش پێم دەگوت ئەگەر بەلاتەوە ئاساییە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەت دەدەم، بەڵام دیار بوو پێی باش نەبوو، چونکە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی جیاببێتەوە.. ئەوەندەی زانیاریشم هەبێت دۆسیەی جیابوونەوەیان لە دادگا بوو".

ئەو هاوڕێیەی هەروەها گوتی "ماوەیەکی کەم پێش خۆسووتاندنی، زانیمان ئەو ژنە سێ مانگە لە مێردەکەی تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، بەڵام نازانین خۆسووتاندنەکەی پەیوەندی بە کێشەکەی لەگەڵ مێردی هەبووە یاخود نا".

### سکاڵای تۆمار نەکردووە

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، لە ساڵی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای هەولێر 52 ژن خۆیان سووتاندووە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 16 ژن خۆیان سووتاندووە.

موقەدەم ژیلەمۆ، بەڕێوبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، خۆسووتاندنی ئەو ژنەی بە کارێکی هەڵە ناوبرد و بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ژنە بە خۆسووتاندنی، کارێکی هەڵەی کردووە، چونکە ئەگەر کێشەی هەبووایە، دەبوو لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکات و ئێمە کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەین، نەک پەنا بۆ خۆسووتاندن ببات".

# دوو هەفتە دوای مارەکردنی خۆی سووتاند

**ڕووداو- هەولێر**

ئەو ڕۆژەی ئاگر لە جەستەی بەربوو، بڕیار بوو ڕۆژی دواتر بچێتە دادگا لە دەزگیرانەکەی جیاببێتەوە. کەسوکارەکەی دەڵێن بە قەزا و قەدەر سووتاوە، بەڵام زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی گومانی دروست کردووە.

(فاتیمە.ن)، 19 ساڵ، دانیشتووی گوندێکی سەر بە ناحیەی پیرمامی شاری هەولێر بوو. کاژێر هەشتی شەوی 2016/11/11 لە ماڵی خۆیاندا ئاگر لە جەستەی بەربوو. دوو ڕۆژ دواتر لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای شاری هەولێر گیانی دەرچوو. فاتیمە دەزگیراندار بوو، تەنیا دوو هەفتە بوو مارە کرابوو.

ڕائید سەفین تاهیر، بەرپرسی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە شەقڵاوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ڕاپۆرتی سەرەتایی پزیشک، ڕێژەی سووتانەکەی 88% بووە، ئەو کچە لە نەخۆشخانە گوتوویەتی بەهۆی تەباخی غازەوە ئاگر لە جەستەی بەربووە، بەڵام بەهۆی پرسەکەیەوە هێشتا لێکۆڵینەوە و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە نەکراوە بۆ ئەوەی بزانین ئەو ژنە خۆی سووتاندووە یان سووتاوە".

فاتیمە قوتابی ئامادەیی بوو. یەکێک لە هاوڕێکانی کە چووەتە پرسەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "فاتیمە قوتابییەکی زیرەک و ڕێکوپێک بوو. بە خواستی خۆی شووی بە کوڕێک کرد، بەڵام وەکو باس دەکرێت دوای ماوەیەکی کەم پەشیمان بووەتەوە و داوای جیابوونەوەی کردووە، سەرەتا کەسوکارەکەی ڕازی نەبوون، دواتر بڕیاریان دا تێچووی مارەبڕین و ئاڵتوون بە ماڵی زاوا بدەنەوە".

هەرچەندە فاتیمە لە ئیفادەی نەخۆشخانە گوتوویەتی سووتاوە، بەڵام هاوڕێکەی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "لەنێو پرسەکەدا دراوسێکانی دەیانگوت، ئەو شەوە فاتیمە لە حەوشەی ماڵەکەیان نەوتی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە و بە ئاگرەوە ڕایکردووەتە کۆڵان. هەروەها دەیانگوت پێشتریش هەوڵی خۆسووتاندنی دابوو". ئەو هاوڕێیەی گوتیشی "هەر لەنێو پرسەکەدا دەیانگوت ئەو ڕۆژەی فاتیمە خۆی سووتاندووە، بڕیار بووە ڕۆژی دواتر بچێتە دادگا لە دەزگیرانەکەی جیا ببێتەوە".

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە کەسوکاری فاتیمە، ڕەتیکردەوە فاتیمە خۆی سووتاندبێت و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە کاتی ڕووداوەکەدا فاتیمە لە مەتبەخ بووە، غاز کراوەتەوە و تەباخەکەش داگیرساوە. سۆندەی غازەکە تەقیوە، بەو هۆیەوە فاتیمە گڕی تێبەربووە و سووتاوە".

لەبارەی هۆکاری جیابوونەوەشی لە دەزگیرانەکەی، خزمەکەیان دەڵێت "فاتیمە نزیکەی 20 ڕۆژ بوو دەزگیراندار بوو، لەگەڵ دەزگیرانەکەشی هیچ کێشەی نەبوو، تەنانەت دەزگیرانەکەی بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنی فاتیمەشی کرد".

ڕائید سەفین بەپێی ئەزموونی لە بواری ڕووداوەکانی سووتان، گوتی "بەشێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە ڕووداوانە کە ڕێژەی سووتانیان بەرزە دەچنە چوارچێوەی خۆسووتاندنەوە، ڕەنگە حاڵەتی ئەو ئافرەتەش خۆسووتاندن بێت، بەڵام هێشتا ڕووداوەکە لە لێکۆڵینەوەدایە".



# باوکێک لەشفرۆشی بە کچەکەی دەکات



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- گەرمیان**

بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان دەڵێت دوو کچ لە دوو کەمپی ئاوارەکاندا لەلایەن کەسوکاریانەوە لەشفرۆشییان پێکراوە. بەڕێوەبەری کاروباری مرۆییش لە ئیدارەی گەرمیان ئەو زانیاریانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت یەکێک لەو کچانە لەلایەن باوکییەوە لەشفرۆشی پێکراوە.

بەهۆی شەڕی داعش، ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە شارەکانی عێراق و سووریاوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. هەندێک لەو ئاوارانە لە ڕەوشێکی ئابووریی خراپدان. ڕەنگە ئەمە وای لە باوکێک کردبێت کە لەشفرۆشی بە کچێکی خۆی بکات.

لە سنووری ئیدارەی گەرمیان چوار کەمپ بۆ ئاوارەکان دروستکراون. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، دوو کچ لەو کەمپانە لەلایەن کەسوکاریانەوە بازرگانییان پێوە کراوە.

خەبات ڕەشید، بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی ڕێکخراوەکان لەناو ئیدارەی گەرمیان سەبارەت بە دوو حاڵەتی بازرگانیکردن بە دوو کچ یاداشتێکیان داوەتە ئیدارەی گەرمیان، دواتریش لەلایەن سەلاح کوێخا، سەرپەرشتیاری ئیدارەوە داوا لە نووسینگەکەی ئەوان کراوە لێکۆڵینەوە لەو دوو کەیسەدا بکەن.

خەبات ڕەشید گوتی "لیژنەمان دروستکرد. دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت هەردوو حاڵەتەکە ڕاستن. ئەو دوو کچە تەمەنیان لە نێوان 10 تاوەکو 15 ساڵیدا بووە. یەکێکیان لەلایەن باوکی. ئەوەی دیکەش لەبەرئەوەی باوک و دایکی نەبووە، لەلایەن مامییەوە لەشفرۆشیی پێکراوە".

خەبات گوتیشی "وەڵامی ئیدارەی گەرمیانیشمان داوەتەوە کە ئەو دوو حاڵەتە ڕاستن. یەکێکیان بۆ ئەو مەبەستە براوەتە دەرەوەی کەمپەکە".

بەڵام بێستوون ژاڵەیی، بەڕێوەبەری کاروباری مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان دەڵێت هەردوو کچەکە لەلایەن یەک کەسەوە لەشفرۆشیان پێکراوە، ئەو کەسەش باوکی یەکێک لە کچەکان بووە.

ژاڵەیی بە (ڕووداو)ی گوت "هەردوو کەیسەکە لە کەمپێکدا بووە. پیاوەکە باوکی یەکێک لە کچەکانە، کچەکانیش تەمەنیان لە خوار 18 ساڵی بوو. گومان هەبوو ئەو پیاوە ڕۆژانە کچەکانی بردبنە دەرەوەی کەمپەکە و لەشفرۆشی پێ کردبن". گوتیشی "هەرچەندە پیاوەکە ڕەتیکردبووەوە لەشفرۆشیی پێوەکردبن، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەرکەوت ڕاست بوو".

سەبارەت بە چارەنووسی کچەکان، بێستوون ژاڵەیی گوتی "ئەو پیاوە خەڵکی ناوەڕاستی عێراقە، وەکو ئاوارە لەلای ئێمە تۆمار نەکرابوون، لەو ماوەیە شارەکەیان ئازادکرا و گەڕانەوە شاری خۆیان. کچەکەی دیکەشمان ڕادەستی کەسوکارەکەی کردەوە".

هەر سەبارەت بە بازرگانیکردن بە کچانی ئاوارە، ڕێکخراوی هارتلاندی ئەمەریکی لە مانگی تشرینی یەکەمی 2014ەوە دەستیان بە پڕۆژەی بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان کرد، ئامانجێکی پڕۆژەکەش کارکردن بوو لەنێو کەمپەکاندا.

لە هاوینی ئەمساڵدا، مەیس مساعدە، بەڕێوەبەری ئەو پڕۆژەیەی هارتلاند بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕێکخراوەکەیان سەردانی کامپەکانی بەحرکە و هەرشەمیان لە شاری هەولێر کردبوو. لەنێو ئەو دوو کەمپەدا لەلایەن خێزانەکانەوە پێیانگوترابوو کە دوو تاوانیان بەرامبەر دەکرێت، یەکێکیان لەلایەن بازرگانەکانەوە بە زۆر لەشفرۆشی بە کچەکانیان دەکرێ، ئەوەی دیکەش چەند حاڵەتێکی فرۆشتنی گورچیلە بووە لە کەمپەکان.

مەیس گوتبووی "بەشێکی زۆر لەو ژنانەی لە کامپەکانی بەحرکە و هەرشەم قسەمان لەگەڵ کردوون جەختیان کردووەتەوە لەوەی کە داوای لەشفرۆشی لە خۆیان یان منداڵەکانیان کراوە و هەندێکیان بۆ ئەو مەبەستە براونەتە دەرەوەی کەمپەکان".



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 433 ) - دووشەممە 2016/11/21

## بانگبێژێک خۆی دەخنکێنێ



**ڕووداو- هەولێر**

بانگبێژێکی شاری هەولێر لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیدا بەپەت خۆی خنکاندووە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، کاژێر چواری پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/11/19 پۆلیس لە ڕووداوێک لە گەڕەکی شادی ئاگادار کراونەتەوە و دوای گەیشتنیان دەرکەوتووە "یەکێک لە بانگبێژەکانی شاری هەولێر بەناوی بارزان غازی عەزیز تەمەن 33 ساڵ، لە ماڵەکەی خۆی لە نهۆمی دووم خۆی بە پەتێک هەڵواسیوە و کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە". بارزان غازی لە مزگەوتی حاجی جەمال لە گەڕەکی موفتی بانگبێژ بووە، بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی پۆلیس، دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە.

### 11 کەس بە تۆمەتی کوشتنی گیراون

# ئەحمەد لە شەڕی نێوان هاوڕێکانیدا کوژرا





**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

زەنگی مۆبایلەکەی لێدەدات، ئەحمەد ڕوخسەت لە خێزانەکەی وەردەگرێ و دەچێتە دەرەوە، بەڵام دوای پێنج خولەک کەسوکارەکەی لە کوژرانی ئاگادار کرایەوە. ئەحمەد لەلایەن کەسێکەوە کوژراوە، بەڵام 11 کەس بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیرکراون.

ئەو شەڕەی لەنێوان دوو قوتابی قوتابخانەی گەڕەکەکەیان لە هەولێر ڕوویدا، تۆزەکەی گەیشتە بەر دەرگای ماڵی ئەحمەد. شەڕەکە لەنێوان چەندین قوتابی مێرمنداڵدا بوو، بەڵام ئەحمەدی تێدا بووە قوربانی.

ئەو ڕووداوە شەوی 2016/11/6 لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شاری هەولێر لەنێوان چەند گەنجێکدا ڕوویدا، بەو هۆیەوە گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی ئەحمەد نووری، بە چەقۆ کوژرا.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕووداوە سەرەتا بەهۆی کێشەی دوو قوتابی لە قوتابخانەیەکدا ڕوویداوە. دواتر لە دەرەوەی قوتابخانە بەشەڕهاتوون و هەر یەکێکیان برادەرەکانی خۆی بانگ کردووە. لەو شەڕەدا گەنجێک کوژراوە. دوای ڕووداوەکەش پۆلیس 11 کەسی بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە دەستگیر کردووە. یەکێک لە تۆمەتبارەکان دانی بەوەدا ناوە کە ئەو گەنجەکەی کوشتووە". ئەو 11 کەسە بەپێی ماددە 405 لە یاسای سزاکانی عێراق دەستگیرکراون.

مامۆستایەکی قوتابخانەکە بێئاگایی خۆی نیشاندا لەو شەڕەی نێوان قوتابییەکانی. ئەو مامۆستایە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ڕووداوەکە قوتابییەکان باسی کوژرانی ئەو گەنجەیان کرد، دواتر هێزە ئەمنییەکان لە ڕووداوەکە ئاگاداریان کردینەوە".

ئەحمەد وازی لە خوێندن هێنابوو، لەگەڵ برایەکی دیکەی ئیشی سەقفی سانەوی دەکرد. سەباح نووری، برای ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2016/11/6 دوو قوتابی قوتابخانەیەکی گەڕەکی هاوکاری بووەتە شەڕیان. دواتر شەڕەکەیان گواستووەتەوە بۆ گەڕەکەکەی ئێمە، گەڕەکی فەرمانبەران".

سەباح باسی تێکەڵبوونی براکەی بە شەڕەکە دەکات و دەڵێت "ئەحمەد لە ماڵەوە بووە، هاوڕێیەکی تەلەفۆنی بۆ کردووە و ئەویش چووەتە دەرەوە، دوای پێنج خولەک هاوڕێکانی تەلەفۆنیان بۆ کردین و گوتیان ئەحمەد کوژراوە".

سەباح گوتی کە دوو چەقۆ لە سینگ و پشتی براکەی درابوو.

کەسوکاری ئەحمەد تائێستا نازانن کوڕەکەیان یەکێک بووە لە شەڕکەرەکان یان نا، تەنیا ئەوەندە دەزانن کە بەهۆی هاوڕێیەکییەوە کوژراوە. سەباح گوتی "بکوژ دانی بە تاوانەکەدا ناوە و گوتوویەتی ئەحمەد هاوڕێی یەکێک لە دوو قوتابییە بەشەڕهاتووەکە بووە، بەڵام تەنیا چەقۆیەکی لە ئەحمەد داوە کە بەر سنگی کەوتووە". گوتیشی "دوای ڕووداوەکە کەسوکاری بکوژەکە پەیوەندییان پێوەکردین و ویستیان بێنە پرسەکەوە، بەڵام ئێمە ڕێگەمان پێ نەدان".

# خۆی بە تاپڕ دەکوژێ



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

ئەو نەخۆشییەی شیرازەی خێزانەکەی ئەحمەدی تێکدابوو، دواجار سەری خۆیشی خوارد. کەسوکاری ئەحمەد ترسیان لەوە هەبوو کەسێک بکوژێ و تووشی دوژمندارییان بدات، بەڵام ئەحمەد بە گوللەیەکی تاپڕ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی 2016/11/12 تەرمی ئەحمەد حوسێنی تەمەن 36 ساڵ، لە سنووری ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ دۆزرایەوە کە بە گوللەیەکی تاپڕ خۆی کوشتبوو. ئەحمەد دانیشتووی ناحیەی شۆڕش و باوکی دوو منداڵ بوو.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەسە بە گوللەی تاپڕ کوژراوە، بەڵام هێشتا چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەین تا بزانرێت بە ئەنقەست یان بە هەڵە خۆی کوشتووە. تاوەکو ئێستا کەسوکاری نەهاتوون ئیفادە بدەن".

کەسوکاری ئەحمەد دەڵێن خۆی کوشتووە، هۆکارەکەشی بۆ نەخۆشیی دەروونی دەگەڕێننەوە.

لەتیف حوسێن، برای ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت، براکەی چەند ساڵێک بوو تووشی نەخۆشیی شیزۆفرینیا ببوو. بۆ چارەسەر بردوویانەتە لای پزیشکیش، بەڵام چارەسەر نەبووە.

لەتیف گوتی "هەر بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی چارەسەر بکرێت، خانوومان بۆ فرۆشت و ڕەوانەی بەریتانیامان کرد، 10 ساڵ و پێنج مانگ لەوێ مایەوە، بەڵام هەر چارەسەر نەبوو. ئەحمەد نزیکەی پێنج ساڵ بوو گەڕابووەوە کوردستان".

هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە، ئەحمەد بەختی لە پێکەوەنانی خێزان نەبووە. لەتیف گوتی "سەرەتا کچی خزمێکی خۆمان بۆ خواست، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەحمەد نەخۆش بوو، دەزگیرانەکەی بەر لەوەی بگوازرێتەوە داوای جیابوونەوەی کرد، ئەویش تەڵاقی دا".

ئەحمەد دواتر ژنێکی دیکەی هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەش هەڵسوکەوتی باش نەبووە، بۆیە ژنەکەی داوای جیابوونەوەی لێ کردووە. لەتیف گوتی "ئەحمەد نەخۆش بوو، چەند جارێک بە دار و چەقۆ و دەرنەفیز لە ژنەکەی دابوو. ژنەکەی چەند جارێک تۆرابوو، چەند مانگێک لەمەوبەر داوای جیابوونەوەی لێ کردبوو، بەبیانووی ئەوەی نەخۆشە. دادوەر داوای ڕاپۆرتی پزیشکیی کرد، ئێمەش ڕاپۆرتەکانی بەریتانیامان بۆ کوردی وەرگێڕا و پێشکەشی دادگامان کرد".

بە گوتەی لەتیف، براکەیان دوای گەڕانەوەی لە بەریتانیا و لە کاتی پێکەوەنانی خێزانی دووەمدا ماڵی جیابووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە نەیتوانیوە کار بکات، بەڵکو مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەتی هەبووە و خەڵکیش هاوکارییان کردووە.

لەتیف گوتی "براکەم زۆرجار هێرشی دەکردە سەر خەڵک و دەستی دەوەشاند. دوای گەڕانەوەی لە بەریتانیاش چەکی کڕیبوو دەیگوت دەتانکوژم. ئەگەر فریای نەکەوتینایە و دەرمانی بەکارنەهێنایە خۆی و خەڵکیشی دەکوشت".

ئەو ماوەیەی خێزانەکەی تۆراوە و چاوەڕێی بڕیاری دادگا بووە بۆ ئەوەی جیاببنەوە، ئەحمەد لەگەڵ دایکی ژیاوە. لەتیف گوتی "شەوی پێش ڕووداوەکە دایکم لە ماڵەوە نەبوو. ئەحمەد چووەتە دەرەوە، بۆ بەیانییەکەی تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەک دۆزرایەوە".

گوتیشی "ئەحمەد هەر بەهۆی نەخۆشییەکەوە خۆی کوشتووە".

### قورسترین نەخۆشیی دەروونی

**لە زۆربەی ئەو خۆکوشتنانەدا کە ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدەن، نەخۆشیی دەروونی هۆکارێکی بەهێزی پشت خۆکوشتنەکانە.**

**هاوڕێ عوسمان، توێژەری دەروونی سەبارەت بە خۆکوشتنی ئەحمەد حوسێن بەهۆی نەخۆشیی شیزۆفرینیاوە بە (ڕووداو)ی گوت: "شیزۆفرینیا قورسترین جۆری نەخۆشیی دەروونییە. نەخۆشەکە هێرش دەکاتە سەر خەڵکانی دیکە. جگە لەوەش هەوڵی خۆکوشتن و کوشتنی کەسانی دیکەش دەدات. بۆیە ڕێی تێدەچێ ئەحمەد بەهۆی تووشبوون بەو نەخۆشییە خۆی کوشتبێ".**

# ماددە هۆشبەرەکان.. بازرگانییەکی پارێزراو لە عێراق*



حاجی حوسێن ئەلغەڕاوی، تەمەن 66 ساڵ، سەری سوڕما کاتێک خاوەنی ئەو خانووە گەورەیەی ناسی کە خەریکە لە بیناکردنی دەبنەوە. ئەوە، بە سادەیی بڵێین، خانووی هەمان دراوسێ دەستکورتەکەی جارانیەتی کە ساڵەها زگی پێی سووتاوە. غەڕاوی کە لەو گەڕەکەی شاری سەدری هەژارنشیندا بە یارمەتیدانی کەسانی دەستکورت و لێقەوماو ناسراوە، جەخت دەکاتەوە کە دراوسێیەکەی تا ساڵانێکی کەمیش لەمەوبەر، هیچ پیشەیەکی نەبووە، بەکرێی ڕۆژانە ئیشی کردووە کە تەنانەت بەشی خۆراکی ڕۆژانەی خێزانەکەشی پەیدا نەکردووە، هەر لەبەر ئەوەش ناچار بوو خانووەکەی بداتە کرێ و خۆی بچێ لە سەربازگەیەکی چۆڵکراودا نیشتەجێ ببێ.

غەڕاوی سەرەڕای سەرسوڕمانی، خۆشحاڵ ببوو بەو دەرگای ڕزقەی لەسەر جیرانەکەی کرابووەوە، بەڵام خۆشییەکەی زۆری نەخایاند، پاش ئەوەی زانیی کە سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونەکەی ماددە هۆشبەرەکانە. غەڕاوی بە (العربی الجدید)ی گوت کە یەکەمجار سەیارەیەکی گرانبەهای بینیوە ناوەکەی نەزانیوە، ئەبو حەیدەری دراوسێ کۆنەکەی لێی دابەزیوە. هەر ئەو دراوسێیەی کە سوپاسی کردووە بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی نەبوونیدا یارمەتیی داوە، خۆی پێی گوتبوو کە ئێستا بازرگانی ماددەی هۆشبەرە. غەڕاوی دەڵێت: "پێی گوتم کە پەشیمان نییە لەو کارەی، چونکە کەسی ناچار نەکردووە لێی بکڕێ، هەروەها باسی ئەوەی کرد کە هیچ ترسێکی لە لێپرسینەوە نییە، ئەسڵەن لەسەر جادە بووین کە ئەو قسانەی دەکرد، بەبێ ئەوەی دەنگیشی نزم بکاتەوە. پێیگوتم دڵنیابە حاجی من ناگیرێم.. خەڵکێک هەن دەمپارێزن".

بازرگانیی مادەی هۆشبەر لە عێراق بەگوێرەی پسپۆڕان و چاودێران، خەریکە ڕەواج پەیدا دەکات. بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لە دەزگایەکی ئەمنیی هەستیاری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کە قسەی بۆ (العربی الجدید) کرد، ڕاوەدوونانی بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەر تەنیا ئەرکێکی ڕواڵەتییە و لەوە زیاتر نییە، چونکە وەک ئەو گوتی "ئەوانەی لەپشتی ئەو بازرگانیەن کەسانی بەرپرسی ناو دەوڵەتن" بێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێکی دیاریکراو بهێنێ، بەڵام گوتی کەسانی دیارن و میلیشیا چەکدارەکانیان لەپشتن.

ئەو سەرچاوەیە کە داوای کرد ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرێ، دەڵێت "بازرگانیی مادەی هۆشبەر ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار زیادی کردووە. بەگوێرەی زانیاریی پشتڕاستکراوی وەزارەتی ناوخۆش، ئەو مادەی هۆشبەرەی کە لە دەرەوە دەگاتە عێراق، هەندێکی دووبارە بە قاچاخ دەبردرێ بۆ وڵاتانی دراوسێ، تەنانەت دەگاتە ئەورووپاش".

ئەبو ئەحمەد ئەلشممەری یەکێکە لە چەندین ناو کە پیاوێکی تەمەن 30 ساڵان ناسنامەی خۆی لەپشتییەوە حەشار دەدات. ئەو دەڵێت لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەو بازرگانانەی هۆشبەری حەشیشە دابەش دەکەن. ئەم وەکو دابەشکارێکی ناسەرەکی کاردەکات، کاڵاکە لەوانە وەردەگرێت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بازرگانە سەرەکییەکانەوە هەیە و ئەمیش بە بازرگانە بچووکەکانی دەفرۆشێتەوە.

شممەری ئاشکرای دەکات کە ڕێژەی بەکارهێنانی حەشیش لە بەغدا زیادی کردووە، ئەو گەنجانەی کە لەدوای کەیف و خۆشی دەگەڕێن، خەریکە هێواش هێواش جۆرە جیاوازەکانی مادەی هۆشبەر دەناسن. دەشڵێت: "حەشیشە زۆرتر لە شارەکانی باشووری عێراقدا بڵاو بوو، چونکە گەنجانی بەغدا زۆر حەزیان لەم جۆرە نەدەکرد، بەڵام بازرگانەکان هاتن و لەگەڵ گیراوەی نێرگیلە تێکەڵیان کرد، بەوەش خەڵکێکی زۆر ئالوودەی بوون".

شممەری دەڵێت کە لەم بازرگانییە قازانجێکی باش دەچنێتەوە، لەماوەی تەنیا دوو ساڵدا توانیویەتی خانوویەکی گەورەی گرانبەها لە ناوەڕاستی بەغدا بکڕێ. جگە لەوەش لەبواری خانووبەرە دەستی بە وەبەرهێنان کردووە.

سەرەڕای خۆحەشاردانی لەپشت چەندین ناوی خوازراوەوە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کڕیارەکانی، بەڵام شممەری وەکو خۆی دەڵێ لە دڵنیاییەکی تەواودا دەژی. ئەو دەڵێت: "کارەکە خۆی لەسەر متمانە ڕاوەستاوە و ئەوەش شتێکی پێویستە، ئەو کەسەشی کە من کاری بۆ دەکەم، ئەوەندە بەهێزە کە هەست بە دڵنیایی بکەم". هەروەها دەڵێت: "نهێنیی ئیشەکە میلیشیایە، ئەوەی میلیشیای هەبێ، یان سەر بە میلیشیایەک بێت پارێزراوە، ئەمڕۆ هێز و دەسەڵات لە عێراق لەدەستی میلیشیایە، ئەوانەی منیش کاریان لەگەڵ دەکەم سەر بە میلیشیایەکی زۆر دەسەڵاتدارن".

میلیشیا لە عێراقدا پاش داگیرکردنی لەساڵی 2003 و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن دەرکەوت. ئەم دەرکەوتنەشی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وڵات هەبوو، لە ساڵی 2005 بەدواوە توندوتیژیی تائیفی پەرەی سەند و ژمارەی میلیشیاکانیش بۆ نزیکەی 50 گرووپ زیادی کرد.

عەلی سمێدعی، شرۆڤەکاری سیاسی دەڵێت: "زۆر کەسایەتی گەورە هەن لەناو دەوڵەتدا کە خەمیان تەنیا ئەوەیە سامانێکی گەورە بەڕێیەکی ئاسان پێکەوە بنێن، ئەمانە ئەمڕۆ پشت بە میلیشیای چەکدار دەبەستن، لەلایەک بۆ بازرگانی بە شتی قەدەغەکراو و هێزێکیش کە خۆیانی پێ بپارێزن و بشتوانن لەڕێیەوە دەست بەسەر پرۆژە و کارە حکومییەکاندا بگرن لەلایەکی دیکە".

گوتیشی: "لە کەس شاراوە نییە کە ئەمڕۆ میلیشیاکان پارە لە پرۆژەکانی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی دەکێشنەوە و بڕێک پارەی ئەو پرۆژانە بە زەبری هەڕەشەی چەک دەبەن، ئەگەرنا ناهێڵن پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن. بازرگانی بە مادەی هۆشبەر یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی قازانج کە میلیشیاکان دەیگرنە بەر، هەروەها پرۆژەی تری نائەخلاقی وەکو لەشفرۆشی. ئێستا زۆر نووسینگەی لەشفرۆشی لە بەغدا و پارێزگاکانی تر لەژێر ناوی دامەزراوە و کۆمپانیای بازرگانی کار دەکەن".

ئەمڕۆ زۆر خێزانی عێراقی بەتەواوی تۆقیون لەوەی بەهۆی مادە هۆشبەرەکانەوە منداڵەکانیان لەدەست بچێت. عادل زوهەیری توانی کوڕە گەنجە 19 ساڵانەکەی خۆی لە ئالوودەبوون ڕزگار بکات. ئەو دەڵێت: "کوڕەکەم تازە دەستی دابووە کێشانی حەشیش. گومانم لە هەڵسوکەوتی کرد و پاش چاودێریکردنی ئەوەم بۆ دەرکەوت. لەشولاری هەروا لاواز دەبوو، زۆر کەم دەدوا و گۆشەگیر بووبوو. دوایی زانیم کە سەرەتا نزیکەی سێ مانگ حەبی وڕێنەی بەکارهێناوە و پاشان دەستی کردووە بە کێشانی حەشیش، بەڵام سوپاس بۆ خوا ڕزگارم کرد". ئەو دەڵێت پەنای بۆ پزیشکێکی پسپۆڕ بردووە، لەدیار کوڕەکەی بووە تا لەسەرخۆ چارەسەرییەکانی وەرگرتووە و پاش مانگێک چارەسەر بووە.

***سەرچاوە: العربی الجدید**



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## براکەی ژیانی لێ تێکدا

ئافرەتێک داوای تۆمار کردبوو لەسەر مێردەکەی و خوشکی مێردی، بە تۆمەتی ئەوەی لێیانداوە و لە ماڵ دەریانکردووە و منداڵی لێ سەندراوەتەوە. بەڵام چیرۆکەکە شتێکی دیکەیە.

ئەو ژنە شەش ساڵ بوو مێردی کردبوو، دوو منداڵی هەبوو، خۆی دەڵێت هیچ کێشەیەکی نەبووە تاوەکو ئەو ڕۆژەی برایەکی، خوشکێکی مێردەکەی دەخوازێت. ئیدی شووکردنەکەی وەکو ژن بە ژنەی لێهات. ئەو دەڵێت لە ماڵی خەزووریدا هیچ کێشەی نەبوو، ئەوان زۆر باش بوون لەگەڵی. بەهۆی مامەڵەی باشی ماڵە خەزوورانی، برایەکی ئەو ژنە بڕیار دەدات کچێکی ئەوان بخوازێ. بەڵام نێوانی برا و ئەو بڕازنەی تێکدەچێ، بڕازنەکەی تەڵاق دەدرێ و هەموو مافێکی خۆی لە مێردەکەی وەردەگرێ و دێتەوە ماڵی باوکی.

ئەو ژنە دەڵێت پێشتر هیچ کێشەی لەگەڵ مێردەکەی نەبوو، بەڵام دوای تەڵاقدانی بڕازنەکەی ئیدی نەهامەتی ڕووی تێکردووە و ماڵە خەزووانی بە مێردەکەشییەوە دژایەتیان کردووە و بەردەوام تیر و توانجیان لێداوە. هەموو هەڵسوکەوتێکی مێردەکەی ناردنی ئاماژە بووە بۆ جیابوونەوە. هەرچەندە مێردەکەی هیچ گلەیی لێی نەبووە، بەڵام گوێی بە لۆمەی خەڵک داوە کە چۆن خوشکەکەی تەڵاقدراوە، بەڵام ئەو ژنەکەی خۆی تەڵاق نادات.

بۆ ئەوەی هێلانەی بەختەوەریی لێ تێکنەچێ، ژنەکە چەند جارێک داوای ماڵی جیا لە هاوژینەکەی دەکات، بەڵام ئەو نەک ماڵی جیای بۆ دانانێ، بەڵکو لێی دەدات و لە ماڵیش دەریدەکات. ئەو ژنە بە هیچ جۆرێک نەیدەویست لە مێردەکەی جیاببێتەوە، تەنیا دەیویست بانگی بکەین و ناچاری بکەین ماڵی جیای بۆ دابنێ.

بانگی مێردی ژنەکە و دشە تەڵاقدراوەکەی کرا. پیاوەکە گوتی شەش ساڵە ئەو ژنەی هێناوە و هیچ کێشەیان نییە، بەڵام لەوەتەی خوشکەکەی تەڵاقدراوە، ژنەکەی هیچ قسەیەک لە کەس قبوڵ ناکات، چەند جارێکیش ئامۆژگاری ژنەکەی کردووە کە قسەکانی خەزوور و خەسووی و دشەکانی بە حەساسیەت وەرنەگرێ و وەڵامیان نەداتەوە، بەڵام ئەو بۆ بچووکترین شت کاردانەوەی هەیە.

دشی ژنەکەش هەموو ئەو قسانەی ڕەتکردنەوە کە ئەو بووبێتە هۆکاری پشێویی نێو خێزانی براکەی و گوتی بڕازنەکەی ڕاست ناکات، هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی بۆ ئەوەیە کە ماڵی جیای بۆ دابنرێ، ئەگەرنا بۆ شەش ساڵە هیچ کێشەی نەبووە.

دۆسیەکەیان ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، ئەویش پێش ئەوەی دۆسیەکە بنێرێ بۆ دادگا، ڕەوانەی لیژنەی ئاشتەوایی کردن. لیژنەکە ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاریی ژنەکەی کرد کە ڕەنگە ماڵی جیا چارەسەری کێشەکەیان نەکات، ئەگەر خۆیان بڕیار نەدەن کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن، گوتیان "ئەگەر مەسەلە دشەکەت بێ، ماڵی جیاشت هەبێ هەر دەست وەردەداتە ژیانت، بۆیە باشترە بگەڕێیتەوە ماڵی مێردت، بەڵام ژنە بە هیچ جۆرێک ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە ماڵی مێردی. دواجار ڕێنمایی کرا کە بچێتە دادگای باری کەسی و سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار بکات بۆ ئەوەی ماڵی جیای بۆ دابنێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# ترەمپ و چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران

رووداو- هەولێر



پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا، یەکێک لە پرسە گەرمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە چارەنووسی ڕێککەوتنی ئەتۆمییە لەگەڵ ئێران. ڕاپۆرتە میدیاییەکان لە زاری بەرپرسانی ئەوروپییەوە ئاشکرایان کرد کە بەرپرسانی ئەوروپی و کەنەدی لە کۆبوونەوە داخراوەکانیاندا لەگەڵ ڕاوێژکارانی ترەمپ، داوایان کردووە ئەمریکا پابەند بێ بە ڕێککەوتنەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5 + 1.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی)ی ئەمریکی، جەیمز کارافانۆ، ڕاوێژکاری باڵای ترەمپ بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە، لەگەڵ شاندێکی وڵاتانی ئەوروپی، کەنەدی و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکادا کۆبووەتەوە، یەکێک لە مژارە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەش (لە پاڵ کێشەی ڕووسیا و ناتۆ) شێوازی مامەڵەی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بووە.

یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە کە "من بە ناوی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکاوە قسە ناکەم". بەڵام بە گوتەی بەشداربووەکە زۆربەی ئەندامانی شاندەکە زانیویانە کارافۆن لە ئیدارەی داهاتووی دۆناڵد ترەمپدا شوێن و پێگەیەکی تایبەتی دەبێ.

بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لێدوانی جیاوازی سەبارەت بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هەبووە، لەوانەش "ڕێککەوتنێکی خراپە"، "ئەگەر بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرێم ڕێککەوتنەکە دەدڕێنم" و "دەبێ دووبارە دانوستاندنی لەسەر بکرێتەوە". ئەگەرچی ترەمپ لە دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردن هیچی لەبارەی ڕێککەوتنەکەوە نەگوتووە، بەڵام ئەورپییەکان دەترسێن لەوەی ترەمپ یەکێک لەو سێ لێدوانەی سەرەوە جێبەجێ بکات.

هەفتەی پێشوو، فێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا ڕایگەیاند ئەمریکا ناتوانێ تاکلایەنە ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ڕێککەوتنەکە "دوو لایەنە نییە، بەڵکو فرەلایەنە و بەهۆی بڕیارنامەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتگیریی لێدەکرێ". مۆگرینی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پاراستنی ڕێککەوتنەکە "لە بەرژەوەندی یەکێتیی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکانە".

ڕادیکاڵترین بژارەی ترەمپ ئەوەیە لە پاش چاودێرییەکی توند لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەم وڵاتە بەوە تۆمەتبار بکات کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی پێشێل کردووە. هەڵبەت لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئێران دووجار بە کردەوە ڕێککەوتنەکەی پێشێل کردووە، کاتێک دەرکەوت ڕێژەی ئاوی قورسی ئەم وڵاتە ئەو ئاستەی تێپەڕاندووە کە لە ڕێککەوتنەکەدا ڕێگەی پێدراوە. هەردوو جارەکەش ئیدارەی کۆشکی سپی بێ هەڵوێست بووە.

داریل کیمبڵ، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کۆنترۆڵی چەک، پێیوایە ئەم هەنگاوە "ریسکێکی گەورەیە، چونکە لە لایەکەوە دەرگا بۆ ئێران دەکاتەوە دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم بکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا تەواو ئاڵۆز دەکات". بەرپرسانی ئەوروپی هۆشداریشیان داوە لەوەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە دەستی میانڕەوەکانی ئێران لاواز دەکات.

کۆمارییەکان خۆشیان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی مانگی تەمووزی 2015 نییە. ژمارەیەک لە موحافەزەکارانی ئەمریکا سوورن لەسەر ئەوەی پێویستە ترەمپ ڕێککەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە، ژمارەیەکی دیکەشیان، کە پێشتر دژی ڕێککەوتنەکە بوون، پێیانوایە دەکرێ ڕێککەوتنەکە هەموار بکرێتەوە یان بەهۆی سیستەمی مووشەکی باڵستیک، پشتیوانی تیرۆریزم و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، سزای نوێ بە قەبارەی گەورە لەسەر تاران دابنرێ.

ریچارد نیفیو، لێکۆڵەر لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکا، لە وتارێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە سزا ئەتۆمییەکان خۆیان بە تەنیا نەیاندەتوانی ئێران بە چۆکدا بهێنن، ئەگەر سیستەمی سیاسی، ئابووری و بازرگانیی ئێران لەلایەن سوپای پاسدارانەوە قۆرخ نەکرابا. نیفیو کە ئەندامی تیمی دانوستاندنکاری ئەمریکا بووە لەگەڵ ئێران، دەڵێت "سزاکان پشتیان بە فەشەلی سیستەماتیکی دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێران دەبەست"، بە بۆچوونی نیفیو سەختبوونی سزاکان و پاشماوە زۆرەکانی ئەو سزایانە لە پاڵ کێشە سیستەماتیکەکانی ئابووریی ئێران کرانەوەی ئەم وڵاتەیان بەڕووی بازاڕی جیهانی دواخستووە و "ئێران ڕەنگە پێویستی بە چەند ساڵێک بێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەرگای بازاڕەکانی جیهانی لێ بکرێتەوە".

ئەم دوو خاڵە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئیدارەی کۆشکی سپی هێشتا بواری دیکەی لەبەردەستە بێئەوەی لەبری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، لە بواری دیکەدا گوشار لەسەر ئێران دروست بکات، لەوانەش سیستەمی مووشەکیی باڵستیکی، لەم حاڵەتەدا ئیدارەی کۆشکی سپی لە لایەکەوە گوشاری قورسی لەسەر ئێران دروست کردووە و لەلایەکی دیکەوە دڵی هاوپەیمانەکانی خۆی، واتە ڕۆژئاوای ڕاگرتووە و ناچاریش نابێ بۆ ڕازیکردنی ڕووسیا لە ئۆکراینا باج لە مۆسکۆ بدا. جودا لەمە مادام ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و بازاڕەکانی جیهان کاتی دەوێ، کەواتە دۆناڵد ترەمپ و تیمەکەی کاتیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی بیر لە ڕێگەچارەی دیکە بکەنەوە و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیشی دابنێن.

بۆب کۆرکەر، سیناتۆری کۆمارییەکان و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا، یەکێک بووە لەوانەی هەر لەسەرەتاوە دژی ڕێککەوتنەکە بووە، بەڵام لە دوایین لێدوانیدا دژایەتی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دەمودەستی ڕێککەوتنەکە دەربڕیوە، هۆکاری دژایەتییەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ئێران لە دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە چەندین ملیار دۆلار لەو پارەیەی وەرگرتووەتەوە کە لە چوارچێوەی سزا ئەتۆمییەکاندا دەستیان بەسەردا گیرابوو.

کۆرکەر لەوبارەیەوە بە تەلەفزیۆنی (MSNBC)ی ڕاگەیاند "کاتێک ئەو پارەیەمان ڕادەستی ئێرانییەکان کردەوە، لە هەمانکاتدا دەستمان لەو دەسەڵاتەش هەڵگرت کە بەسەر ئەوانەوە هەمانبوو، ئێستاش ئەوان (واتە ئێرانییەکان) لە پێگەی دەسەڵاتن". بەڕای سیناتۆرە کۆمارییەکە "حاڵی حازر خاڵی دەستپێک ئەوەیە ئێران ناچار بکەین بە تەواوەتی پابەند بێ بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پشتگیری ئەوروپییەکان و ئەواندیمان لەگەڵ بێ".

هەفتەی پێشوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا سزاکانی سەر ئێرانی بۆ ماوەی 10 ساڵی دیکە (واتە هەتا کۆتایی 2026) درێژ کردەوە، ئەم هەنگاوە سزای نوێی بەسەر تاراندا نەسەپاندووە، بەڵام سزاکانی ئێستا نوێ دەکەنەوە کە پەیوەندییان بە پاڵپشتی ئێران لە تیرۆریزم و سیستەمی مووشەکی باڵستیکەوە هەیە، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی نوێشی داناوە بۆ ئەو حاڵەتانەی ئێران ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا پێشێل دەکات، بۆیەش کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی دانراوە بۆ ئەوەی لە حاڵەتانەدا ژمارەیەک لە سزا ئەتۆمییەکان زیندوو بکرێنەوە. ئەو سزایانەی ئێستا کاریان پێدەکرێ لە دوایین ڕۆژی ئەمساڵدا ماوەی کارپێکردنیان تەواو دەبێ. ئەم پرۆژەیە دەبێ لەلایەن ئەنجوومەنی پیران و باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکاش پەسند بکرێن، بۆ ئەوەی کاریان پێبکرێ.



## دوای ماڵئاوایی بەریتانیا و سەرکەوتنی ترەمپ

# ئەوروپا بیر لە گردبوونەوەیەک لە دەرەوەی ناتۆ دەکاتەوە

رووداو- هەولێر

وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا سەرقاڵی دارشتنی پلانێکن بۆ ئەوەی پەرە بە هاوکارییە سەربازییەکانی نێوانیان بدەن، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە دوو هەفتە لەمەوبەر دۆناڵد ترامپ توانی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا سەربکەوێ و لە مانگی حوزەیرانیشدا بەریتانیا بڕیاری دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپای دا.

پلانە نوێیەکەی یەکێتیی ئەوروپا پێکهێنانی ناوەندێکی پلاندانان لەخۆدەگرێ کە سەرپەرشتی هەڵمەتەکانی مەشق و ڕاهێنانی هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی یەکێتییەکە دەکات.

وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لە چەند مانگی ڕابردوودا هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی فەرماندەیی سەربازی - پزیشکی، پەرەپێدانی لۆجستیکی سەربازی و هاوکارییە هەواڵگرییەکان چڕکردووەتەوە. پلانەکە لەلایەن ئەڵمانیا و فەرەنساوە پێشنیاز کراوە و بەریتانیا و ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دژایەتی دەکەن.

جودابوونەوەی بەریتانیا دەستی یەکێتیی ئەوروپای واڵاتر کردووە لەوەی هەنگاوەکانیان گەورەتر و خێراتر بکەن. بەریتانیا هەموو کات دژی هەر چەشنە پلانێکی سەربازی هاوبەشی ئەوروپی بووە، لەوانەش پێکهێنانی سوپای ئەوروپا. بەبۆچوونی بەریتانییەکان ئەوروپا دەبێ هەموو کات و وزەی سیاسی و سەربازی خۆی بۆ بەهێزترکردنی ناتۆ تەرخان بکات، نەک لە پاڵ ناتۆدا دامەزراوە یان ڕێککەوتنێکی سەربازیی نوێ پێکبهێنێ.

هەفتەیەک بەر لە گشتپرسیی جودابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا، مایکڵ فالۆن، وەزیری بەرگریی بەریتانیا، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی هەموو چەشنە پێشنیازێک بۆ پێکهێنانی سوپای ئەوروپا یان بەرزکردنەوەی بودجەی بەرگریی یەکێتیی ئەوروپا ڤیتۆ دەکات.

بەڵام بڕیاری دەرچوونی بەریتانیا لە ڕوویەکی دیکەشەوە ئەوروپییەکانی بەرەو پێکهێنانی دامەزراوە یان ناوەندێکی سەربازیی ئەوروپی هانداوە، چونکە بە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، بۆشاییەکی گەورە لە توانای بەرگریی یەکێتیی ئەوروپادا دروست دەبێ، ئەمەش لە کاتێکدا لە دوای جەنگی ساردەوە، یەکێتیی ئەوروپا هیچکات هێندەی ئێستا پێویستی بە هێزی سەربازی و ئەمنیی بەهێز نەبووە.

ئەوروپا لەلایەکەوە لەگەڵ کێشەی فراوانخوازی و جموجۆڵە سەربازییەکانی ڕووسیا لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و ناوچەی باڵتیک ڕووبەڕووبووەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەرەنگاربوونەوەی لێشاوی کۆچبەران و هێرشی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان پێویستی بە توانا و هاوکاریی سەربازیی گەورەتر هەیە.

بۆیە لە پاش گشتپرسییەکەی بەریتانیا کە بە (برێکزت) ناسراوە، گەورەترین پرسیار کە لای بەرپرسانی سەربازی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا دروست بوو، ئەوە بوو چۆن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە بەهۆی دابڕانی بەریتانیا لە یەکێتییەکە دروست دەبێ.

ئەڵمانیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە نیاز بووە 7000 سەرباز زیاد بکاتە سەر هێزەکانی. بەڵام شارەزایانی بواری سەربازی پێیانوایە بەرزکردنەوەی ژمارەی سەربازەکان لێرە و لەوێ بەس نییە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بۆشاییە. ئیان کێرنز، سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی سەرکردایەتیی ئەوروپا، پێیوایە جگە لە ئەڵمانیا هیچ وڵاتێکی دیکەی یەکێتییەکە ناتوانێ دامەزراوەی سەربازیی خۆی فراوان بکات، بۆیەش "چارەسەری ڕاستەقینە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم بۆشاییە زیادکردنی خەرجییە سەربازییەکان و ژمارەی هێزە چەکدارەکان نییە، بەڵکو پێویستە شێوازی خەرجکردنەکان بگۆڕدرێن". بۆ ئەم مەبەستەش "لە لایەکەوە پێویستە خەرجییەکان بە هەماهەنگی نێوان وڵاتەکان بن، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە سەرمایەیەکی زیاتر بۆ توێژینەوە سەربازییەکان و ژێرخانی سوپای وڵاتان تەرخان بکرێ".

بەم پێیەش دەرچوونی بەریتانیا لە دوو سەرەوە هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەکات بە پێویستی: لەلایەکەوە وڵاتێکی دژبەری پلانی سەربازیی هاوبەشی ئەوروپی لە یەکێتییەکە دەردەچێ، ئەمەش بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پلانەکە لادەدات. لەلایەکی دیکەوە دەرچوونی بەریتانیا بۆشاییەکی سەربازیی و ئەمنی گەورە دروست دەکات کە بەرزکردنەوەی بودجەی سەربازیی وڵاتان بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی، بەڵکو پێویستی بەوەیە ئەندامانی یەکێتییەکە پەرە بە هاوکاری و هەماهەنگییە سەربازییەکانیان بدەن، بۆیەش وڵاتە زلهێزەکانی یەکێتیی ئەوروپا هەستیان بەوە کردووە کە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە دامەزراندنی ناوەندێکی فەرماندەیی سەربازیی هاوبەشی ئەوروپی هەیە.

### بە سەرکەوتنی ترامپ، ناتۆ لەرزی لێ هاتووە

هەفتەی پێشوو، یەنس ستۆڵتنبەری، ئەمینداریی گشتی ناتۆ، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی ئۆبزەرڤەری بەریتانی، هۆشداری دا کە لە ڕەوشی ئەمنیی ئێستای جیهاندا "کاتی ئەوە نییە گومان بخرێتە سەر بەهای هاوبەشێتی (سەربازی و ئەمنی)ی نێوان ئەوروپا و ئەمریکا". گوتارەکەی ستۆڵتنبەری چوار ڕۆژ دوای سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بوو.

لە دوای سەرکەوتنی ترامپ دوو خاڵی سەرەکی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپایان نیگەران کردووە: یەکەمیان پەیوەندی بە هەڵوێستی نێگەتیڤی ترامپ بەرامبەر بە ناتۆوە هەیە، خاڵی دووەمیشیان بۆ ئەگەری نزیکبوونەوەی ترەمپ و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆک کۆماری ڕووسیا، دەگەڕێتەوە.

سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا هیچکات نەیشاردووەتەوە کە ئەو ناتۆ بە ڕێکخراوێکی "کۆن و لەکارکەوتوو" دەزانێ، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکیشدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە ئەمریکا پێویستە "بۆ پاراستنی ئەو وڵاتانەی مەترسییان لەسەرە و پێویستیان بە پشتگیری ئەمریکا هەیە" داوای قەرەبوو بکاتەوە، چونکە "زۆربەی ئەو وڵاتانە دەوڵەمەندن". سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا هەروەها داوای لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ کردووە بودجەی سەربازییان بەرزبکەنەوە، بۆ ئەوەی زۆرینەی قورساییەکە لەسەر ئەمریکا نەمێنێتەوە. حاڵی حازر ئەمریکا 70%ی بودجەی ناتۆ دابین دەکات.

لە لایەکی دیکەوە ترەمپ هەر لە سەرەتاوە ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا جارێکی دیکە ئاسایی بکاتەوە، بۆیەش ترەمپ بەر لەوەی تەلەفۆن بۆ هیچ هاوپەیمانێکی خۆی بکات، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بە پوتینەوە کرد. ترەمپ پێشتر ڕایگەیاندبوو ئامادەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە چەکدارییە توندڕەوە ئیسلامییەکان (لەوانەش داعش) هاوکاری ڕووسیا بکا، بەڵام کەسانی نزیک لە ترەمپ ئاماژەیان بەوە کردووە کە دۆسیەی نیمچەی دوورگەی کریمیا و ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی گفتوگۆی نێوان ترەمپ و پوتین بووە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم لێدوانانە سەیر نییە کە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا چەند ڕۆژێک دوای هەڵبژادنی سەرۆکایەتی ئەمریکا دوو کۆبوونەوەیان لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە و بەرگری لە بروکسل ڕێکخست، کە تێیدا باس لەوەکرا چۆن یەکێتیی ئەوروپا بتوانێ هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی هەماهەنگی سەربازی و ئەمنی لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا خێراتر بکات، بە جۆرێک یەکێتییەکە بتوانێ توانای بەرگری و ئەمنی خۆی بەهێزتر بکا، واتە بە بێ گەڕانەوە بۆ زلهێزەکان هەنگاوە سەربازییە پێویستەکان بهاوێژن.

لێدوانەکانی ترەمپ سەبارەت بە ناتۆ، نزیکبوونەوەی لە پوتین و هەوڵەکانی ئەوروپا بۆ دروستکردنی ناوەندێکی فەرماندەیی سەربەخۆ لە ناتۆ ئاماژەن بەوەی ئەمریکا و ئەوروپا لە یەکدی دووردەکەونەوە. ئەمەش تەنیا کاریگەری لەسەر پرسە ئەمنییە نێوخۆییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دانانێ، بەڵکو دەشێ کار لە هاوکاری و هەماهەنگی هێزەکانی ناتۆ لە ڕۆژهەڵات و باشووری ئەوروپا و هەموو ئەو وڵاتانە دابنێ کە هێزەکانی ناتۆی لێیە. ئەم ناکۆکییە دەکرێ سەرەتای دروستبوونەوەی جیهانێکی فرە جەمسەر بێ کە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمارییەکانی ئەمریکای نیگەران کردووە.

## کاردانەوەی حکومەتی عێراق چی دەبێت؟

# سیناریۆکانی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق



ئەگەر هەولێر و بەغدا لە رێگەی دانوستاندن لە یەکدی جیا ببنەوە، ئەگەری کەمترە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی سەربەخۆیی کوردستان بێ. (فۆتۆ: AFP)

ڕووداو– هەولێر

دامەزراوەی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان (RAND) لێکۆڵینەوەیەکی تەرخان کردووە بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان و لە بەشێکی ئەو لێکۆڵینەوە 179 لاپەڕەییەدا فۆکەس خراوەتە سەر ئەو رێگایانەی کە هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە بەغدا لەپێشیەتی، هەرکام لە رێگاکان چ کاریگەرییەک لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێن. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، پوختەی ئەو بەشەی راپۆرتەکەیە کە سیناریۆ و ئەگەرەکانی جیابوونەوە و کاردانەوە چاوەڕوانکراوەکان تاوتوێ دەکات.

### بەغدا و هەڵوێستی لە کوردستانێکی سەربەخۆ

لە ماوەی 13 ساڵی رابردوودا حکومەتی عێراق گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، لە حکومەتێکی سەرکوتکارەوە بە سەرکردایەتی عەرەبە سوننەکان گۆڕاوە بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو. بەگوێرەی راپۆرتەکە، سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە، سیاسەتی حکومەتی ناوەندی لەهەمبەر سەربەخۆیی کوردستان هێشتا سیاسەتی دژایەتییە.

لە ماوەی یەک دەیەی رابردوودا مەودای ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستان خاڵی بنەڕەتی ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بووە، لە لایەکەوە کورد کە ئاواتەخواز بوو کۆتایی دەسەڵاتی بەعس رێگە بۆ سەربەخۆییان لە عێراق خۆش بکات، پێشوازی لە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بەغدا بەسەر کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ناکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەغدا هەست دەکات ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە دەسەڵات و سەروەریی عێراق کەم دەکاتەوە.

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە هەرچەندە بەغدا دژی فراوانبوونەوەی مەودای ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام "پێگەی بەغدا (لەڕووی ئەمنی، دارایی و سیاسی) زۆر لەوە لاوازترە بتوانێ رێ لە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بگرێ".

ساڵانی 2004 و 2005 (کاتی ئامادەکردنی رەشنووسی دەستووری عێراق)، کورد توانی کۆمەڵێک خاڵی گرنگ لە دەستووری عێراقدا جێگیر بکات. بەپێی راپۆرتەکەی (رەند) ئەم دەستکەوتە دەستوورییانە دواتر مشتومڕی سیاسییان تێکەوت، حکومەتی ناوەندی لە ساڵی 2004ەوە دەسەڵاتی خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییانە دوابخات کە دەسەڵاتی بەغدا بەسەر هەرێمی کوردستانەوە لاواز دەکەن.

بەگوێرەی (رەند) ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر سێ خاڵی بنەڕەتی چڕبوونەتەوە کە بریتین لە: "حوکمی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان"، "مافی هەناردەکردن و بەکارهێنانی داهاتی نەوتی کوردستان" و "داهاتی هەرێمی کوردستان".

### حوکمی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە سنوورەکانی ئێران و عێراقەوە بۆ سنوورەکانی سووریا و عێراق درێژ دەبنەوە، بەڵام کەرکووک بە گرنگترین ناوچەی کێشە لەسەر دادەنرێ کە بەپێی دەستووری عێراق چارەنووسی ئەویش لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووردا یەکلایی دەکرێتەوە. بەگوێرەی راپۆرتی پەیمانگای ئاشتیی ئەمریکی "لە نێوان ساڵانی 2005 بۆ 2010 کورد بە جیاوازییەکی کەمەوە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە پێکدەهێنێ".

راپۆرتەکەی (رەند) بایەخی کەرکووک بۆ دوو خاڵ دەگەڕێنێتەوە، یەکەم: کەرکووک یەدەکێکی گەورەی نەوتی هەیە و دووەم گەورەترین پارێزگای بەرهەمهێنی نەوتی عێراقە. دووەم: شاری کەرکووک وەکوو ناوەندێکی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردی دەبینرێ.

بۆیەش بەغدا پێیوایە ئەگەر کورد حوکمی کەمینەی عەرەب و تورکمانی ئەو شارە بکات، ئەوە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەسەر پارێزگاکەدا کەم دەبێتەوە. کێڵگە نەوتییەکانی ئەم پارێزگایەش توانای دارایی هەرێمی کوردستان بەرز دەکەنەوە. بە کورتییەکەی "دەسەڵاتی کورد بەسەر کەرکووک ئارگۆمێنتی سیاسی و ئابووریی کورد بۆ سەربەخۆیی بەهێزتر دەکات".

راپۆرتەکە باس لە هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ خۆدزینەوەی لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی 140 و ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک و کۆنترۆڵکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەلایەن پێشمەرگەوە لە 2014 دەکات. بەبۆچوونی ئامادەکارانی راپۆرتەکە ئەگەر کوردستان بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق بدات، ئەوە چۆنیەتی یەکلابوونەوەی چارەنووسی کەرکووک بڕیار دەدات کە ئایا سەربەخۆیی کوردستان شەڕوپێکدادانی نێوان بەغدا و کوردستانی لێدەکەوێتەوە یان نا.

### ناکۆکییەکان لەسەر نەوت

مادەی پەیوەندیدار بەم پرسە لە دەستووری عێراقیدا ئاڵۆزە، تێیدا باس لەوە کراوە کە حکومەتی ناوەندی، پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و هەرێمەکان کاری دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان بەڕێوەدەبەن. "لە روانگەی کوردەوە ئەم مادە دەستوورییە (مادەی 112) مافی بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگانە بە حکومەتی ناوەندی نادات کە دوای دەرچوونی یاساکە دۆزراونەتەوە"، بەڵام حکومەتی عێراق بڕوای وایە کە مادەکە مافی چاودێریکردنی هەموو کێڵگە نەوتییەکانی عێراق بە حکومەتی ناوەندی دەدات.

لەم بەشەی راپۆرتەکەدا باس لە هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق دەکرێ بۆ رێگریکردن لە هاتنی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت، رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کڕیارەکان و ئەو بەندەرانەی کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان بۆ دەگوازرێتەوە. راپۆرتەکە هەروەها باس لە کاریگەرییەکانی ئەم هەوڵانەی بەغدا لەسەر پیشەسازی نەوتی کوردستان دەکات کە لە لایەکەوە راکێشانی کۆمپانیا بیانییەکانی سەختکردووە و لە لایەکی دیکەشەوە پرۆسەی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانی بۆ دەرەوە قورس و ئاڵۆزکردووە.

### کێشەی بودجە

بەڕای ئامادەکارانی راپۆرتەکە، لەم پرسەشیاندا جیاوازی لێکدانەوەی مادەی 121ی دەستوور لە نێوان هەولێر و بەغدا وای کردووە بەردەوام کێشە هەبێ. لە لێکدانەوەی ئەم مادە دەستوورییەدا بەغدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەولێر دەبێ لەو 17%ەی وەکوو پشک بۆی دانراوە مووچە و خەرجییەکانی پێشمەرگە دابین بکات، بەڵام کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مادام پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق، کەواتە مووچە و خەرجییەکانیشی پێویستە لە بەغداوە دابین بکرێ.

بەشێکی دیکەی کێشەکە پەیوەندی بە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگەوە هەیە "بە گوێرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەغدا دەبێ مووچەی 100 هەزار پێشمەرگە و 90 هەزار خانەنشینی پێشمەرگە بدا، بەڵام بەغدا جەخت لەسەر دانی مووچەی 30 هەزار پێشمەرگە دەکاتەوە، مووچەی خانەنشینەکانیش دەبێ لەلایەن هەولێر خۆیەوە دابین بکرێ".

کێشەیەکی دیکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا پەیوەندی بە چۆنیەتی و رێژەی بودجەی حکومەتی هەرێمەوە هەیە. لە روانگەی بەغداوە حکومەتی ناوەندی یەکەمجار خەرجیە سیادییەکان لە بودجەکە دەردەکات و لە پاشماوەی ئەمە 17%ی بودجەی هەرێمی کوردستان دەنێرن، بەم پێیەش بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ 10% یان 13% لە بودجەی گشتی عێراق کەم دەبێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو رێگەی بۆ بەغدا داناوە:

یەکەم: بەغدا لە پاڵ خەرجیە سیادییەکانی عێراق خەرجیە سیادییەکانی هەرێمی کوردستانیش بدات، ئینجا لە پاشماوەکەی 17%ی بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێ.

دووەم: بەغدا لە بودجەی گشتی یان بەرایی 17%ی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێ، چونکە هەرێمی کوردستانیش دەبێ خەرجی سیادی تایبەت بە خۆی لێ جیابکاتەوە.

ئەگەرچی لە قۆناغی عەبادیدا ژمارەیەک هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی مافی بەرهەمهێنانی نەوت نران و تەنانەت هەتا سەر لێواری جێبەجێکردنی رێککەوتنێکیش لەم بوارەدا چوون، بەڵام ناکۆکییەکان لەسەر ئەم پرسە و کێشەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بەردەوامن.

### سیناریۆکانی جیابوونەوە

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە سێ سیناریۆ بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هەن:

**سیناریۆی یەکەم:** راگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکلایەنە سەربەخۆیی رابگەیەنێ، ئەمەش دەکرێ لەپڕ یان لە ئەنجامی گشتپرسییەوە بێ. بە گوێرەی (رەند) ئەم سیناریۆیە "چاوەڕێی توندترین کاردانەوەی بەغدای لێدەکرێ، بە تایبەتی ئەگەر کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە بەشێک لە دەوڵەتە نوێیەکە بن".

کاردانەوەی بەغدا لەم ئەگەرانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئامانج لە هەموویان بەرزکردنەوەی نرخی سەربەخۆیی لەسەر کوردستانە:

**یەکەم:** لەگەڵ راگەیاندنی سەربەخۆیی، بەغدا کۆتایی بە هەرچەشنە ئیمکانێکی پێدانی بەشە بودجەی کوردستان دەهێنێ. ئەم رەوشە لە هی ناوەڕاستەکانی ساڵی 2015 دەچێ، کاتێک کوردستان ناچار بوو خۆی هەموو خەرجییەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی دابین بکات. بەپێی راپۆرتەکە لەرزۆکبوونی ئابووریی کوردستان وادەکات ئەم سیناریۆیە لەڕووی ئابوورییەوە لە قازانجی کورد نەبێ.

**دووەم:** حکومەتی عێراق دەکرێ رێگەی هەناردە/ هاوردەکردن لە باشووری عێراقەوە لە کورد بگرێ. ئەم هەنگاوە وا دەکات کورد زیاتر وابەستەی تورکیا و ئێران ببێ. ئەمە کاریگەری لەسەر ئەو کۆمپانیایانەش دەبێ کە سەرمایەگوزارییان لە باشووری عێراق هەیە، لەوانەش ئاسیاسێڵ و کۆڕەک. هەروەها ئەو کۆمپانیایانەش کە کاری گواستنەوەی کەلوپەل لە تورکیاوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکەن. ئەمە کاریگەری لەسەر ئەو کۆمپانیایانەش دەبێ کە لە باشوورن و لە کوردستان وەبەرهێنانیان کردووە.

**سێیەم:** حکومەتی عێراق دەشێ گوشار لەسەر کوردی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دروست بکات، بۆ نموونە لەوانەیە کوردەکانی ئەو ناوچانە دەربکات.

**چوارەم:** بژارەی سەربازی، توانای حکومەتی عێراق بۆ ئەم سیناریۆیە سنووردارە، چونکە تەنانەت ئەگەر جەنگی داعشیش تەواو بێت، عێراق ئەولەویەتی ئەمنی هێندە زۆرە کە ئەستەمە بتوانێ هێزی پێویست بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە.

**پێنجەم:** راگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەی تاکلایەنە بژارەکانی بەردەستی حکومەتی عێراق بۆ دژایەتی دەوڵەتە نوێیە کوردییەکە زیاتر دەکات. لەوانەیە وڵاتانی دیکە ئەم بڕیارەی کورد بە بڕیارێکی بەپەلە و نابەرپرسیارانە بزانن کە ئاڵۆزییەکی نوێ زیاد دەکاتە سەر کۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە.

**سیناریۆی دووەم:** لاوازبوونی بەغدا و راگەیاندنی سەربەخۆیی

ئەم سیناریۆیە کاتێک روودەدات کە حکومەتی ناوەندی بە تەواوەتی لاواز بووبێ، هۆکاریش بۆ ئەمە دەکرێ زۆر بن، لەوانەش جیابوونەوەی بەسرە، کودێتای سەربازی، یان حکومەتی عێراق چیدی نەتوانێ خزمەتگوزارییەکان بۆ ناوچەکان دابین بکات. لەم حاڵەتەدا حکومەتی عێراق هێندە لاواز بووە کە ناتوانێ باجی سیاسی و دارایی سەربەخۆییەکە لەسەر هەرێمی کوردستان بەرزبکاتەوە.

کاردانەوەکانی بەغدا بەرامبەر سیناریۆی دووەم لەوانەی سیناریۆی یەکەم دەچن، بەڵام کاریگەرییان کەمتر دەبێت.

**یەکەم:** بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەببڕدرێ، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی بەغدا وای دەوێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی توانای دانی بودجەکەی نییە.

**دووەم:** توانای سەربازیی حکومەتی عێراق تەرخان دەکرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق، بۆیەش ناتوانێ تەرکیز بخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** دەسەڵاتی بەغدا بۆ ئاراستەکردنی رای نێودەوڵەتی لەدژی سەربەخۆیی کوردستان کەم دەبێتەوە، چونکە سەربەخۆیی کوردستان ئاکامی شکستی حکومەتی عێراقە نەک خواستی تاکلایەنەی کورد.

**سیناریۆی سێیەم:** جیابوونەوەی هەنگاو بە هەنگاو

بەپێچەوانەی دوو سیناریۆکەی دیکە، لەم سیناریۆیەدا بەغدا رۆڵی دەبێ لە دیاریکردنی چۆنیەتی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق. ئەم سیناریۆیە دەکرێ بەهۆی شکستی دانوستاندنەکان رووبدات، لەم حاڵەتەشدا چاوەڕێی چەند کێشە و ئەگەرێک دەکرێ کە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە قۆناغی دانوستاندن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێرەوە هەیە.

**یەکەم:** بەغدا رازی بێت بەوەی کوردستان لە عێراق جیا ببێتەوە، چونکە بەغدا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی جیابوونەوەی کوردستان بۆ پێشکەوتنی عێراق باشترە.

**دووەم:** ئەگەر بەغدا ببینێ هیچی لەبەر دەست نەماوە بۆ ئەوەی رێگە لە سەربەخۆیی کوردستان بگرێ، ئەوە هەوڵدەدات ئاکامەکانی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر خۆی سووک بکات. ئەمەش کاتێک روودەدات کە یەکەم: هەرێمی کوردستان توانیبێتی پیشەسازییەکی پێشکەوتووی نەوت دامەزرێنێ و لەم رێگەیەوە سەربەخۆیی دارایی لە بەغدا وەربگرێ. دووەم: هێزەکانی پێشمەرگە هێندە بەهێز بووبن کە بەبێ پشتبەستن بە یارمەتی دەرەکی توانای پاراستنی ئاسایشی هەموو هەرێمی کوردستانیان هەبێ. لەم حاڵەتەدا بەغدا ناتوانێ وەرەقەی دارایی و ئاسایش لەدژی کورد بەکاربهێنێ.

**سێیەم:** سەبارەت بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەغدا و هەولێر دەتوانن بە نێوبژیوانی لایەنی سێیەم و لە چوارچێوەی کۆمەڵێک میکانیزمی هاوبەش لەسەر کۆمەڵێک هێڵی سنووری نوێ رێکبکەون، کە نە ئەوەیە کوردستان لە ساڵی 2014ەوە کۆنترۆڵی کردووە و نە ئەوەشە کە پێش 2014 بەغدا بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی دەزانی.

**چوارەم:** سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتی نەوت، حکومەتی عێراق و کوردستان دەتوانن لەسەر رێگەچارەیەکی مامناوەند سازش بکەن کە بریتییە لە دابەشکردنی داهاتی کەرکووک. بەگوێرەی (رەند) ئەم رێگەچارەیە سوودی بۆ هەردوو لا هەیە، بەغدا داهاتێکی لە نەوتی هەرێمی کوردستان دەستدەکەوێ، کوردستانیش دوای چەند ساڵ چاوەڕوانی دەتوانێ ئازادانە و بەگوێرەی نۆرمە نێودەوڵەتییەکان نەوتی خۆی بفرۆشێ، بەمەش قازانجی فرۆشی نەوتی خۆی بەرزبکاتەوە.

**پێنجەم:** چارەسەرکردنی کێشەی ئەو عەرەبانەی لە کوردستان دەژین و ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراقدا دەژین.

**شەشەم:** گەڕانەوەی هێزە کوردییەکانی سوپای عێراق بۆ نێو هێزی پێشمەرگە. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە شێوازێکی ئاشتیانە ئەگەری هاوکاریی سەربازی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە داهاتوودا زیاتر دەکات، بە تایبەتیش ئەگەر کوردستان و عێراق رووبەڕووی هەڕەشەیەکی هاوبەش ببنەوە.

**حەوتەم:** ئەگەر هەولێر و بەغدا لە رێگەی دانوستاندن و بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ لە یەکدی جیا ببنەوە و بەغدا رەزامەند بێ لەسەری، ئەگەری کەمترە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی سەربەخۆیی کوردستان بێ.

### کاریگەریی سەربەخۆیی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان

بەپێی راپۆرتەکەی (رەند)، هەر سێ سیناریۆکە جۆرێک لە بزووتنەوەی پان ـ کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لێدەکەوێتەوە، هەروەها بەهۆی وەرگرتنی سەربەخۆیی "پێگەی سیاسیی مەسعود بارزانی لەچاو سەرکردە سیاسییەکانی دیکەی کوردی وڵاتانی دیکە بەرزتر دەبێتەوە"، بۆیەش "ئەگەر بارزانی، بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست، ناسیۆنالیزمی کوردی لە نێوان کوردی ئێران، تورکیا و سووریا زیندوو بکاتەوە، ئەمە کێشە بۆ جیابوونەوەیەکی سەرکەوتووانەی کوردستان لە عێراق دروستدەکات".

ئامادەکارانی راپۆرتەکە پێیانوایە "تورکیا و ئێران ئەو دوو وڵاتەن کە زیاتر لە هەموو وڵاتێکی دیکە هەست دەکەن سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمی پان ـ کوردی هەڕەشەیە بۆ سەریان"، هەر دوو وڵاتەکەش هەوڵی زۆریان بۆ سەرکوتکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سنوورەکانی خۆیاندا داوە.

وەکوو پێشتر باسکراوە لە دوو سیناریۆی یەکەمدا بژارە سەربازییەکانی بەردەم عێراق زۆر لاوازن، بەڵام لە سیناریۆی یەکەمدا "عێراق دەتوانێ (بە قۆستنەوەی نیگەرانی ئەنقەرە و تاران) داوای یارمەتی سەربازی لە ئێران یان تورکیا بکات"، ئەم ئەگەرە لە سیناریۆی دووەمدا زۆر کەمە، چونکە لەو سیناریۆیەدا حکومەتی عێراق بە کردەوە رووخاوە.

بەگوێرەی (رەند) حکومەتی عێراق لە سیناریۆی یەکەم و دووەمدا دەتوانێ پشت بە گوشارە ئابوورییەکانی تورکیا و ئێران لەسەر کوردستان ببەستێ، بۆیەش "ئەگەر تورکیا سەربەخۆیی کوردستان وەکوو هەڕەشەیەکی نێوخۆیی بۆ سەر سەقامگیری نێوخۆیی خۆی ببینێ، ئەوە بەغدا و ئەنقەرە دەشێ پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە گۆشەگیر بکەن"، کە یەکێک لە رێگاکانیشی بەستنی رێگاکانی گواستنەوەی نەوتی کوردستانە.

تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە پێیانوایە ئەگەر کورد لە چوارچێوەی سیناریۆی سێیەمدا لە عێراق جیابێتەوە، لە ئاکامدا "کاردانەوەی بەغداش بەرامبەر دژایەتی ئێران و تورکیا لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان جیاواز دەبێ، واتە بەغدا دەشێ هاوکاری کوردستان بکات، بۆ ئەوەی کاریگەری هەڵوێستی نیگەتیڤی ئێران و تورکیا لەسەر کوردستان کەم بێتەوە".

> **دامەزراوەی (RAND):**
> **پێگەی بەغدا لەوە لاوازترە رێ لە سەربەخۆیی کوردستان بگرێ**

> **دەسەڵاتی کورد لەسەر کەرکووک ئارگۆمێنتی سیاسی و ئابووریی کورد بۆ سەربەخۆیی بەهێزتر دەکات**

# کوردستان بۆ منداڵانی ناکام شوێنێکی گونجاو نییە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

پاقـۆ، لە تەمەنی 28 هەفتەیـی لەدایک بوو، پزیشکەکان سەرەتا گوتیان ڕەنگە چەند سەعاتێک بژی. بەڵام پاقۆ چانسی هەبوو کە باوکی پزیشک بـوو، ئەو توانی منداڵەکەی لە قۆناغی سـەختی ناکامی تێپەڕێنێ.

نیگەرانییەکانی دکتۆر حەسەن بەگزادە، باوکی پاقۆ هــەر بۆ سـاتەکانی سـەرەتا و تێپەڕاندنی مـاوەی مردن و ژیان نەبوو، بەڵکوو بۆ ماوەیەکی درێـژ بـەردەوام بوو "هەمیشـە نیگەرانـی ئەوە بووین کە لەوانەیە تووشـی ناتەواویی عەقڵی یان جەستەیی ببێت. بەهۆی ئەوەی کە خۆم پزیشک بووم، پێدەچێ نیگەرانییەکانم لە هی خەڵکی دیکە زیاتر بووبن".

هاتنـی پاقـۆ، واتـای هاتنی بڕیاری سـەخت و چارەنووسسـاز بـوو لـە ژیانی د.حەسـەن کە دانیشـتووی قەزای ڕانیەیە "ئەوەی زۆر نیگەرانی کردین ئەوە بوو کە هێشـتا پاقۆ کێشـی نەبووە کیلـۆ و نیوێـک، بەبیانـووی کەمیـی شـوێن لە نەخۆشـخانە، دەریانکرد و ناچاربووین خۆمان لە ماڵــەوە ژوورێک و هەموو ئەو ئامێرانەی بۆ دابین بکەین کە منداڵەکە پێویسـتی بوو. تا دوو مانگ خۆمـان لەماڵــەوە بە سـۆندەی گەدە شـیرمان داوەتـێ. جارێک خوێنمان تێکـردووە. جارێکیش بە ئەمبولانس بردوومانە بۆ نەخۆشـخانە بەهۆی هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەی. دیارە ئەو کارەش بە هەموو کەس ناکرێ".

شـارەزایەکی سیسـتمی تەندروسـتی دەڵێ، تەندروستیی منداڵانی ناکام ئاماژەیەکی گرنگە بۆ تەواوی سیستمی تەندروستی لە هەر وڵاتێک.

"بوونی منداڵی ناکام ئاماژەیە بۆ بوونی گرفت لـە خانمانی دووگیانـدا، چونکە بەرزەپەسـتانی خوێن، شەکرە، جگەرەکێشان، قەڵەوی و چەوتیی شـێوازی ژیانی خانمان لە هـۆکارە بەرچاوەکانی لەدایکبوونـی منداڵـی ناکامـن". ئـەوە قسـەی د.عەبدولفەتاح هەورامییە کە دکتۆرای لە پزیشکیی کۆمەڵدا هەیە.

ڕێکخـراو و دامـەزراوە جیهانییـەکان ژمارەی منداڵانـی ناکام و بەردەوامبوونیـان لە ژیان وەک پێوەرێکی پێشـکەوتوویی سیستمی تەندروستی دیاری دەکەن.

بەرپرسـانی وەزارەتـی تەندروسـتی دەڵێـن ئەگـەر منداڵـی نـاکام بکەنە پێوەر، سیسـتمی تەندروسـتی لە کوردستان لە ئاسـتی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندایە.

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت "لە ئاستی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانداین، چونکە لە کوردستان مردنی منداڵی خوار یەک سـاڵ، 29 یە لە هەزار منداڵ، ئەوە لەکاتێکدا لەسـەر ئاستی جیهان دەگاتە 40 و لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش کەمترە لە 10".

وادیـارە د.خاڵـس لـەو ئاسـتەی ئێسـتای کوردسـتان ڕازی نییە، بۆیـە دەڵێت پرۆگراممان هەیە بۆ باشترکردنی سەنتەرەکانی منداڵانی ناکام، بـەڵام قەیرانـی دارایی ڕێگرە لە کڕینـی ئامراز و ڕاهێنانی کادیر و ڕێکخستنی شوێنی گونجاو.

## باوکی منداڵێکی ناکام:
## بەهۆی نەبوونی جێ منداڵەکەمیان لە نەخۆشخانە دەرکرد



### دایک و باوکیان فێر دەکرێن

پزیشکێکی پسپۆڕی منداڵان دەڵێ سەرەتا منداڵی نـاکام لە نەخۆشـخانە دەهێڵدرێتەوە و کـە نێردرایـە ماڵـەوە، ڕێنمایـی تایبـەت دەدرێتە دایک و باوکی سەبارەت بەو شێوازی مامەڵەیەی منداڵەکە پێویستی پێیەتی "دەبێ ژینگەیەکی بۆ دروسـت بکـرێ کە زۆرتر وەک منداڵدانـی دایکی بێ، تاوەکو دەگاتە تەمەنی منداڵێک لەکاتی ئاسـایی لەدایکبووندا". ئەوە گوتـەی د.کۆیان زاهیر، پزیشـکی پسـپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵانە.

دکتۆر کۆیان دەڵێ، نابێ منداڵی ناکام لەنێو قەرەباڵخی بێ، چونکە کۆئەندامی بەرگری لاوازە و ڕەنگە تووشـبوون بە پەتایەکی گواسـتراوە لـە کەسـانی چواردەورییـەوە، ژیانـی بخاتە مەترسییەوە، بۆیە باشترە لە ماڵەوە ژوورێکی تایبەتـی بۆ تەرخان بکرێ. هەروەک دەبێ ئەو کەسـەی خزمەتـی دەکات بنەماکانی خاوێنی جێبەجێ بکات، بەتایبەت لەڕووی شووشـتنی دەست و دووربوونی لە پەتا و نەخۆشی.

منداڵانی ناکام پێسـتێکی تەنکیان هەیە کە چینە چەورییەکەی ئێجگار تەنکە، بۆیە دەبێ لە ژینگەیەکـی گەرمتردا بژین بەراورد بە منداڵانی ئاسایی. هەروەها دەبێ بزانرێ کە ئەم منداڵانە کەمتـر دەخۆن، نابێ وەک منداڵێکی ئاسـایی شیریان پێ بدرێ.

پزیشکە پسـپۆڕەکەی منداڵان دەڵێ دەبێ زۆر بە وریاییەوە دەسـت بدرێتە ئەم منداڵانە و هەڵبگیرێـن "ئەندامەکانـی جەسـتەیان بەگشـتی نـاکام و پێنەگەیشـتوون، دوور نییـە هەڵگرتنێکی کتوپـڕ و توند ببێتە هۆی خوێنبەربوونی مێشکیان".

منداڵـی ناکام دەبێ زۆر بـە کەمی لەنێوان ژوورەکانـی ماڵـدا بگوازرێتـەوە و زۆر کـەم بشۆردرێ، چونکە جەستەی توانای ڕێکخستنی پلەی گەرمیی کەمە.

### تەمەنیان ڕێکدەکرێتەوە

هــەر منداڵێک 37 هەفتە لە سـکی دایکیدا مایەوە، ئەوە منداڵێکی ئاساییە، ئەوانەی زووتر لەوە لەدایک دەبن، ناکامن. بەپێی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروسـتی جیهانی، ناکامیی سـێ پلـەی هەیـە. ئێجگار نـاکام (کەمتـر لە 28 هەفتــە). زۆر ناکام ( 28 هەفتە تاوەکو کەمتر لـە 32 هەفتە). ناکامی مامناوەند (32 هەفتە تاوەکو کەمتر لە 37 هەفتــە). تاوەکو ڕاددەی ناکامییەکە زۆرتر بێ، ئەگەری زۆرترە منداڵەکە تووشـی نەخۆشی و مردن ببێ و پێویستی بە چاودێرییەکی وردترە.

ئەگـەر منداڵێکـی ئاسـایی (تەمەن 37 هەفتــە) دوای چوار هەفتە شـتێک فێر ببێ، ئـەوە منداڵێکی ناکامی تەمـەن 30 هەفتە، لـەدوای 11 هەفتە فێری هەمان توانا دەبێ، چونکـە تاوەکـو تەمەنی 37 هەفتـە ناگاتە ئاستی منداڵێکی ئاسایی تازە بوو.

سـاڵانە دەوروبەری 15 ملیـۆن منداڵ کە لەسەر ئاستی جیهان لەدایک دەبن، ناکامن و ساڵی ڕابردووش، ناکامی هۆکاری سەرەکیی مردنی ملیۆنێـک منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵان بووە.

ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهانـی دەڵـێ ئەگەر بەشـێوەیەکی ڕێکوپێک و زانستییانە مامەڵـە لەگەڵ منداڵانی نـاکام بکرێ، ئەوە 75%یـان دەژین. بـەڵام لە کەیسـی پاقۆدا دەردەکەوێ کە کوردستان بۆ منداڵانی ناکام ژینگەیەکی نالەبارە.

# ئەو چوار خۆراکی تووشبوون بە شەکرە زیاد دەکەن

ڕووداو- هێڵسلاین

توێژینەوەیەک کە لەسـەر 20 هەزار کەس لە هۆڵەندا کراوە و لە جۆرناڵی زانستی European Journal of Nutrition بڵاوبووەتەوە، پەیوەندیی نێوان خۆراک و شەکرە ڕوون دەکاتەوە.

بەپێی توێژینەوەکە چوار گرووپ خۆراک هەن کە سەلمێنراوە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ تووشبوون بە شەکرەی جۆری دوو:

**1- کاربۆهێدراتە دەستکاریکراوەکان:**

ئاردی سـفر، شەکری سپی و برنجی سپی. ئەمانە بۆ جوانکردنی ڕەنگ و دەرکەوتەکانی دیکەیان، سۆس، ڕیشاڵە خۆراکییەکان، کانزا و ڤیتامینەکانیان لێ جیاکراوەتەوە. ئەم خۆراکانە بە وزە دەوڵەمەند و بە ڕەگەزە خۆراکییەکان هەژارن. ئەمانە زۆر بەخێرایی هەرس دەبن و شەکرە زۆرەکەیان دەگاتە خوێن و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کتوپڕی شەکری خوێن و هەڵکشانی ئینسۆلین. دووبارە و چەندبارەبوونەوەی ئەم پرۆسەیە، دەبێتە هۆی تووشبوون بە شەکرە.

**2- خواردنەوە شیرینکراوەکان:**

سـۆدا، شـەربەتە دەسـتکردەکان و خواردنـەوە گازییـەکان و هاوشێوەکانیان، کالۆرییەکی زۆر دەدەن و دەبنە هۆی قەڵەوی و دواتر شەکرەی جۆری دوو.

توێژینەوەیـەک کـە لـە جۆرناڵـی زانسـتی Diabetes Care بڵاوبووەتەوە، دەریخستووە ئەوانەی ڕۆژانە دوو دانە لەم خواردنەوانە دەخۆنەوە، ئەگەری تووشـبوونیان بە شـەکرە بە ڕاددەی 26% زیاد دەکات، بـە بـەراورد بەوانـەی مانگانە یەک دانە یـان کەمتری لێ دەخۆنەوە.

**3- چەورییە تێرەکان و ترانزەکان:**

شـەکرە ترانزەکان لـە ئامادەکردنـی خواردنە لە قوتوونـراوەکان، خێراکان و خواردەمەنیی ڕێستۆرانتەکاندا بەکاردێن. چەورییە تێرەکانیش ئەوانەن کە لە بەرهەمە ئاژەڵییەکاندا هەن. ئەمانە کۆلیسترۆڵی خوێن بەرز دەکەنەوە و ئەگەری تووشبوون بە شەکرەش زیاد دەکەن. پسپۆڕان ڕێنماییتان دەکەن زۆرتر سوود لە ڕۆنی زەیتوون وەربگرن بۆ ئامادەکردنی ژەمەکان و بۆ بەرکوڵ و سووکەژەمیش سوود لە چەرەسەکان وەربگرن کە پڕن لە چەوریی بەسوود و ناتێر.

**4- گۆشتی سوور و دەستکاریکراو:**

گۆشـتە لەقوتوونـراوەکان بەهـۆی بەرزیـی سـۆدیۆم و نیتـرات لە پێکهاتەیاندا، ئەگەری تووشبوون بە شەکرە زیاد دەکەن.

توێژینەوەیەک کە ساڵی 2011 لە جۆرناڵی زانستی The American Journal of Clinical Nutrition بڵاوبووەتەوە، دەریخستووە ئەوانەی ڕۆژانە 85 گرام گۆشـتی سـوور دەخۆن، ئەگەری تووشـبوونیان بە شـەکرە بە ڕاددەی 19% زیاد دەکات، بەڵام ئەگەر ڕۆژانە گۆشـتی لەقوتوونـراو و دەسـتکاریکراو بخۆی، ئەوە ڕەنگە مەترسـییەکە بگاتە 50%. بۆیە پسپۆڕان ڕێنماییتان دەکەن پشت بە سەرچاوە تەندروسـتەکانی پرۆتین ببەسـتن، وەکوو ماسـی، هێلکە و گۆشتی پەلەوەرەکان، بەڵام نابێ بە یەکجاریی لە گۆشتی سوور دووربکەونەوە.



# نێرەموک کچە یان کوڕ؟

د.شادمان محەممەدئەمین

هەنـدێ منـداڵ کـە لەدایـک دەبـن، ڕەگەزیـان ناڕوونـە، ناتوانرێـت بـە ئاسـانی بڕیـار بدرێت کە منداڵەکـە کچـە یان کـوڕە. ئەوانە لـە کۆمەڵگەی کوردیدا پێیاندەگوترێ نێرەموک.

بۆ جیاکردنەوەیان پێویسـتە بزانیـن منداڵەکە کرۆمۆسـۆمی چۆنە (نێرXY ) یـان (مێ XX)؟ توخمە ڕژێنیان چۆنە (گون) یان (هێلکەدان)؟ ئەندامی زایندەی دەرەوەی چۆنە (چووک/گون) یان (زێ/ لێواری زێ)؟

بابەتی منداڵی ڕەگەزناڕوون بابەتێکی باسنەکراو، ئاڵۆز و فرەلایەنە. بابەتێکە پەیوەندی هەیە بە لایەنی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیی تاکەوە.



## جۆرەکانی:

**1 - مێیـەی نیمچـە تێکەڵ:**

- لە بنچینەدا مێیە بەڵام وەک نێر دەردەکەوێ.
- **بۆماوەیی:** کرۆمۆسۆمی مێینەیە (XX).
- شێوە: مێینەیە.
- **توخمە ڕژێن:** هێلکەدانی هەیە.
- **ئەندامـی زایـنـدە:** وەکـو نێرینـە وایـە (گەورەبوونـی میتکـە، وەک چـووک دەردەکەوێـت. گەورەبوونـی لێواری زێ و یەکگرتنی، وەک گون دەردەکەوێ).
- **هـۆکار:** زۆریی هۆرمۆنـی نێرینە (ئەندرۆجیـن). ئەویـش بەهـۆی دوو هۆکارە.

* گەورەبوونی ڕژێنی سـەر گورچیلە. کۆمەڵێـک نەخۆشـی هەن کـە وا دەکەن هۆرمۆنـی نێرینـە (ئەندرۆجیـن) زیـاد دەربدرێت لەلایەن ڕژێنی سەرگورچیلەوە..
* بەرکەوتـن بـە ئەندرۆجیـن لە سـکی دایکدا: بە دەرمان یان نەخۆشیی دیکە.

**2- نێرەی نیمچە تێکەڵ:**

- لـە بنچینـەدا نێـرە، بـەڵام وەک مـێ دەردەکەوێت.
- **بۆماوەیی:** کرۆمۆسۆمی نێرینەیە (XY)
- **شێوە:** نێرینەیە.
- **توخمـە ڕژێـن:** بەپێـی هـۆکار دەگۆڕێـت، دەگونجێـت گونـی هەبێـت و بـاش کار نـەکات. هەروەها دەگونجێ گونی نەبێت..
- **ئەندامـی زایندە:** وەکو مێ دەردەکەوێت (چوک بچوکـە و کەلێنـی ژێـرەوەی هەیـە و وەک میتکـە دەردەکەوێت. گون نەهاتووەتە خوارەوە و پێسـتی گون تێکەڵبوون و وەک لێواری زێ دەردەکەوێت)
- **هـۆکار:** کەمیـی هۆرمۆنی نێرینـە (ئەندرۆجین). ئەویـش لەبەر دوو هۆ ڕوودەدات.

* **شێواوی لە گوندا:** گون دروست نەبێت، یان بە تەواوی دروست نەبووبێت، یان خانەکانی تەواو جیانەکرابێتەوە لەڕووی کردارەوە..
* شـێواوی لە هۆرمۆنی نێرینەدا (ئەندرۆجین): دروستنەبوونی، یان تەواو کارەکەی خۆی نەکات لەسەر خانەکان.

**3- تێکەڵی تەواو (ڕەگەزی سێیەم، نێرەموک)**

- زۆر دەگمەنە..
- شێوە: نێر یان مێ..
- ئەندامی زایندە: هەردووکیانی هەیە (چوک و زێ).
- توخمە ڕژێن: هەردووکیانی هەیە (گون و هێلکەدان).
- زیاتـر وەک مێ مامەڵەیـان لەگەڵ دەکرێت دوای ئەوەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ.

## پشکنین

- **پشـکنینی هۆرمۆنـەکان:** دیاریکردنـی ڕێژەی هۆرمۆنی نێرینە یان مێینە.
- **پشکنینی کرۆمۆسـۆمی (کاریۆتایپ):** بـۆ دیاریکردنـی بۆماوەیـی نەخـۆش، ئایا بۆماوەیـی نەخۆشـەکە: کـوڕە (XY) یان کچە (XX)؟
- **پشـکنینی وێنەیی:** سۆنار یان وێنەی تەنووریـی سـک و حـەوز بـۆ دیاریکردنی توخمی نەخۆشەکە، ئایا نەخۆشەکە کوڕە یان کچە؟
- پشـکنینی تیشـکی بە کۆنتراسـت (دەرمانـی ڕەنگـی): بـۆ دیاریکردنـی ڕێڕەوی میز و ڕێڕەوی زاوزێ.
- پشـکنینی وردتـر بەپێـی نەخۆشیەکە..ئەنزیمەکان، ئایۆنەکان.

## چارەسەر:


**1 - بڕیاردان لەسەر ڕەگەزی منداڵەکە:**

* بڕیارێکـی دژوارە و پێویسـتە لیژنەی تایبـەت بڕیاری لەسـەر بدات (ئـەم بابەتە زۆر ئاڵـۆزە، چـۆن بڕیـار بدرێـت لەسـەر ڕەگەزی کەسـێک کە لە بنەڕەتدا نە نێرە بە تەواوی، نە مێیە بە تەواوی).
* **لیژنەکـە پێکهاتـووە لـە:** پزیشـکی منداڵـی تازەبـوو، پزیشـکی منداڵان، پزیشـکی نەشـتەرگەریی گشتی، پزیشـکی نەشتەرگەریی میـزەڕۆی منـداڵان، پزیشـکی نەخۆشـیی کوێرەڕژێنەکان، پزیشـکی بۆماوەزانی، پزیشکی دەروونی، توێژەری کۆمەڵایەتی.

**2 - دەرمـان:** بەکارهێنانـی هۆڕمـۆن بـۆ ڕێککردنەوەی تێکچوونە هۆڕمۆنییەکان.

**3- نەشتەرگەری:** بە مەبەستی چاککردنەوەی شـێوەی دەرەوەی ئەندامی زایـنـدە و گێڕانەوەی توانای سێکسی و زۆربوون.

# لوقمان سەلیم رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی تێکەڵ دەکات



**پشتیوان جەمال / رووداو- سلێمانی**

کلیپێکی دیکەی هونەرمەند لوقمان سەلیم بەم نزیکانە بڵاو دەکرێتەوە.

لوقمان سەلیم بە (رووداو)ی راگەیاند، بەرهەمی (دابڕان) پێشتر تۆمار کراوە، بەڵام لەلایەن عەلی شەریفزادە و ئەفشین شوکری بەشێوەیەکی نوێ دابەشکردنی موزیکی بۆ کراوە و یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەلبوومە نوێیەکەی. لوقمان گوتی "پێشتر گۆرانییەکە بە ئامێرە رۆژهەڵاتییەکان تۆمار کرابوو، بەڵام ئێستا بە ئامێری رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی تازەمان کردووەتەوە، کلیپەکەشی کە بەرهەمی کۆمپانیای بابیلۆنە، بڕیار وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوبکرێتەوە".

مانگێک لەمەوبەر لوقمان سەلیم نوێترین ئەلبوومی بڵاوکردەوە کە لە نۆ گۆرانی پێکهاتووە و تائێستاش چوار گۆرانیی ئەلبوومەکەی کلیپ کردووە.

# پەرواز دەچێتە دوبەی



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

پەرواز حوسێن، خانمە هونەرمەندی کورد و ئەستێرەی وەرزی دووەمی عەرەب ئایدڵ رایگەیاند بەم نزیکانە بۆ سازکردنی کۆنسێرتێک دەچێتە شاری دوبەی لە ئیمارات.

پەرواز حوسێن بە (رووداو)ی راگەیاند، بەنیازی سازکردنی کۆنسێرتێکە لە شاری دوبەی کە گۆران سالحی هاوژینیشی تێیدا بەشدارە.

پەرواز دوای بەشداریکردنی لە وەرزی دووەمی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ، ناوبانگێکی زۆری لەنێو وڵاتانی عەرەبی پەیدا کرد. لەوبارەوە گوتی "بە بەردەوامی لەلایەن بەرهەمهێنەر و کۆمپانیا عەرەبییەکان بەتایبەتی گرووپی ئێم بی سی بانگهێشت دەکرێم و پەیوەندیی بەهێزم لەگەڵیان ماوەتەوە. چالاکییەکانیشم لە کوردستان و وڵاتانی عەرەبی بەردەوام دەبێت".

# خیانەتیان لە دلبەر کرد



**میوا سەلاح**
**رووداو- ئاژانسەکان**

دلبەر جزیری، کچە گۆرانیبێژی کورد، بڕیارە شەوی سەری ساڵ لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا لەگەڵ چەند گۆرانیبێژێکی کورد کۆنسێرتێکی گۆرانی ساز بکەن. لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "شەوی 2016/12/30 کۆنسێرتێکی گەورە لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا لەگەڵ هونەرمەندان کاروان کامل و دڵشاد رۆژئاوا ساز دەکەین و چەندین گۆرانی و پارچە هەڵپەرکێ پێشکەشی ئامادەبووان دەکەین". دلبەر جگە لەو کۆنسێرتە، پرۆژەی دیکەشی بەدەستەوەیە و گوتی "ئێستا ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی ڤیدیۆ کلیپێک لە تورکیا تۆمار بکەم کە گۆرانییەکە بەناوی خائینە و لە نووسینی سەهەر بەدری و ئاوازی خۆمە، رەنگە لەسەرەتای ساڵی نوێ ئەم ڤیدیۆکلیپە تۆمار بکرێت و دواتریش بۆ چەند کارێکی دیکە دەگەڕێمەوە شاری هەولێر".



# سویسرا دەبێتە سپۆنسەری فیلمەکەی پێشڕەو

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی سویسرا بڕیاری داوە سەرجەم خەرجییەکانی فیلمێک بگرێتە ئەستۆی خۆی، کە لەلایەن کۆچبەرێکی کوردەوە دێتە بەرهەم. فیلمەکە بەناوی "رۆژێکی خۆش"ە کە لە دەرهێنانی پێشڕەو نەبەردە. پێشڕەو کە نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر بە رێی قاچاخ گەیشتە سویسرا بە (رووداو)ی گوت "کێشەی سەرەکی لە دەرهێنانی ئەو فیلمە زمان و لەیەکتر تێنەگەیشتن بوو، چونکە زۆرینەی ستافی بەرهەمهێنان و ئەکتەرانی فیلمەکە سویسری بوون، منیش زمانی ئەوان نازانم". گوتیشی بودجەی فیلمەکە لەلایەن حکومەتی سویسراوە دابینکراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لە سویسرا و دواتریش لە دەرەوەی سویسرا نمایش دەکرێت.

# رامبۆ سڵاوی بۆ پێشمەرگە هەیە



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

ئەمڕۆ دووشەممە 2016/11/21 فیلمی سینەمایی "سڵاو پێشمەرگە" لە شاری هەولێر نمایشێکی تایبەت دەکرێ و بڕیاریشە لە دوو رۆژی داهاتوودا رێورەسمی فەرشی سووری فیلمەکە لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک بەڕێوەبچن.

حەسەن عەلی، دەرهێنەری فیلمەکە بە (رووداو)ی گوت "نمایشی فیلمەکە بەئامادەبوونی ژمارەیەک کەسایەتی و بەرپرس و فەرماندەکانی پێشمەرگە بە سپۆنسەریی تۆڕی میدیایی رووداو بەڕێوەدەچێت".

گوتیشی "ئەحمەد رامبۆ لە فیلمەکەدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت، لەگەڵ خانمە ئەکتەرێکی ئەڵمان.

ئەحمەد رامبۆ بەرهەمهێنەر و ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکەیە کە فیلمێکی ئاکشن و رۆمانسییە و لە 24ی ئەم مانگەوە لە هەموو سینەماکانی کوردستان نمایش دەکرێ".

# زارا دەبێتە میوانی سوێدییەکان



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

زارا، کچە هونەرمەندی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ گرووپی وەفای مەهاباد دەبنە میوانی فێستیڤاڵی میوزیکی شیستای نێودەوڵەتی کە تایبەتە بە گۆرانیبێژانی کچ.

زارا بە (رووداو)ی راگەیاند "لەلایەن شارەوانیی ستۆکهۆڵمەوە بانگهێشت کراوین بۆ ئەوەی چەند گۆرانییەکی کوردی پێشکەش بکەین. لە ئێران تەنیا من و کچێکی تارانی لەم فێستیڤاڵەدا بەشداری دەکەین و لە وڵاتانی دیکەشەوە گرووپ و گۆرانیبێژی کچ داوەت کراون".

گوتیشی "رۆژی 25ی ئەم مانگە کۆنسێرتەکە لە هۆڵی Kista kyrka لە ستۆکهۆڵم ساز دەکرێت، بڕیارە بە هاوکاریی چوار ژەنیاری بە توانای گرووپی میوزیکی وەفایی زیاتر لە 10 گۆرانی و مەقامی کوردی پێشکەش بکەم".

زارا ئەلبوومێکی گۆرانیی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە کە لە 9 تراک پێکهاتووە.

# بەختی رووداو



ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
سەرنجێکی زۆرت لەسەر خەڵک و چاودێریکردنی هەنگاوەکانیانە، بۆیە کاتت بۆ خۆت نەماوە. خەمبار مەبە کاتێک دەرگایەک دادەخرێت، دەرگایەکی باشتر دەکرێتەوە.

**گا**
بۆ بڕیاردان تەنیا سەرنجی کەموکورتییەکان مەدە، بەڵکو لایەنە باشەکانیش لەبەرچاو بگرە. رەفتاری هەندێک خەڵک بێزارت دەکەن، بەڵام پێویست ناکات کۆمێنتی لەسەر بدەیت کاتێک پەیوەندی بە تۆوە نییە.

**دووانە**
مەرج نییە هەموو کارێک لە کاتی خۆیدا تەواو ببێت، کاتێک کارەکانت بەرفراوان دەبن پێویستە کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەیت. بڕێک پارە بەدەست دەهێنی و بەشێک لە پێویستیەکانت پڕدەکەیتەوە.

**قرژاڵ**
ئەم هەفتەیە ماندوو دەبیت، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەی. کاتێکی باشە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانت بەرفراوان بکەیت و توانای خۆت تاقی بکەیتەوە.

**شێر**
هەوڵەکانت باش و ژیرانەیە و ئەنجامەکانیشی باشە، بەڵام بەو قەبارە گەورەیە نییە کە چاوەڕوانی دەکەیت، بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنەکانت هەست بە دڵخۆشی ناکەیت. پێویستییەکانی ماڵ پڕدەکەیتەوە.

**فەریک**
بە جددی ئەرکەکەت راپەڕێنە و ئەو بەرپرسیارێتییە لەبەرچاو بگرە کە دەکەوێتە سەر شانت. هەوڵ بدە هەمیشە تووڕەبوونت دەرنەبڕیت، چونکە پاش کەمێک پەشیمان دەبیتەوە. بەڵێنی گەورە مەدە.

**تەرازوو**
بەشێوەیەک بیر لە شکستی رابردوو مەکەرەوە کە خەمبارت بکات، بەڵکو وەک وانەیەک تەماشای بکە بۆ داهاتوو. دەست بە ئەنجامدانی هەر کارێکی نوێ بکەیت لەم هەفتەیەدا بەختت دەبێت.

**دووپشک**
هەتا رادەیەکی باش توانیوتە سوود لە فرسەتەکانی ئەم ماوەیە وەربگریت، بۆ ئێستا بەدواوە پلانێکی باش دیاری بکە بۆ دەستپێکردنی کارێکی نوێ.

**کەوان**
ئەم هەفتەیە تیشکی هەتاو دێتە کەلوەکەت، ئەگەر ئەم دۆخە بێزاری کردوویت هەوڵ بدە بەخۆڕاگرییەوە تێیپەڕێنیت، هەموو ناخۆشییەکان تێدەپەڕن و شوێنیان بە خۆشی پڕدەبێتەوە.


**گیسک**
ناتوانی هەستەکانت کۆنترۆڵ بکەیت، بەتایبەتی لە کاتی رەشبینی، بەڵام خۆت بەدەستەوە مەدە و بەگەڕان و سەردانەکانت فەرامۆشی بکە. هەوڵی سەرکەوتووت دەبێت بۆ زیادکردنی دارایی.

**سەتڵ**
بەردەوام پلانەکانت دەگۆڕیت کە دەبێتە هۆی سەرقاڵی بەهۆی گۆڕین نەک جێبەجێکردن، کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانت بکە و هێمنی خۆت بپارێزە، بەتایبەت لە شوێنی کار. هەست بە تەنیایی دەکەیت.

**نەهەنگ**
هاوسەنگیی نێوان داهات و خەرجی رابگرە بۆ ئەوەی پەنا بۆ قەرز نەبەیت. کارەکان لە شوێنی خۆیان دەوەستن هەتا ئەو کاتەی داوای هاوکاری دەکەیت و هەوڵ دەدەیت گرفتەکان چارەسەر بکەیت.

ڕێگەیەک بەرەو تاراوگە

# یادەوەرییەکانی فیلمسازێکی ناوداری کورد





پیاوێک بەخۆی و کتێبێکی گەورەی باوەشییەوە، لە (ستاندی کوردی) لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە فرانکفۆرت، پرسیاری دەزگای چاپەمەنیی کتێبی کوردیی دەکرد، دواتر کە خۆی ناساند، گوتی ناوی (ئێدی هوپشمید)ە و هاوڕێ و هاوەڵ و بەرهەمهێنەری یەکێک لە ناودارترین فیلمەکانی سینەماکاری بەناوبانگی کورد (یڵماز گوینەی) بووە. ئێدی کەوتە گێڕانەوەی یادەوەری و چیرۆکە غەمگینەکانی خۆی و ئەو فیلمسازە کوردە کە ساڵی 1984 کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ناوداری پاریس (پێر لاشێز) بەخاک سپێردرا. داوامان لێکرد دەرفەتی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیمان بداتێ لەسەر ئەو یادەوەرییانە. بۆ ڕۆژی دواتر، گفتوگۆیەکی درێژمان لەگەڵ سازکرد، خۆی گوتی ئەمە یەکەمجارە لەسەر (یڵماز گوینەی) قسە بۆ میدیایەکی کوردی دەکات.

گفتوگۆ: کامەران سوبحان

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: یوسف مەنتک

**ڕووداو: چۆن بوو پاش چەندین ساڵ لە کۆچی دوایی (یڵماز گوینەی) بیرت کردەوە جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ لای یادەوەرییەکانی ئەو فیلمسازە و کارێکی دۆکیومێنتەریی لەسەر بکەیت؟**

**ئێدی هوپشمید:** ئەوە بەسەرهاتێکی درێژە، بەڵام لەوێوە دەست پێدەکەم کە ساڵی رابردوو هەموو وێنە و دۆکیۆمێنتەکانم کۆکردەوە ئەوانەی پەیوەندییان بە (یڵماز گوینەی) هەبوو، بەپێی کات و شوێن و بەرواری وێنەکان هەموویانم ڕێکخست، چونکە لەڕاستیدا ترسم لە ونبوون و لەناوچوونیان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ نووسەر و سیناریستێکی ئینگلیزی کاری سینەماییم دەکرد، ناوی (پیتەر پالینسن) بوو. پێکەوە دانیشتین بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باسی یڵماز گوینەیم بۆ کرد. چۆن بوو، چۆن کاری دەکرد و ستایلی فیلمەکانی و ژیانی من چۆن بوو لەگەڵی... ئەوە جاری دووەم بوو لەگەڵی دانیشم، پێشتریش لە ساڵی 2001 بیرۆکەی ئەوەم بۆ باس کردبوو کە فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری لەسەر ژیان و کارکردنی خۆم لەگەڵ یڵماز گوینەی پێکەوە دروست بکەین. ئەو نووسەر و سیناریستە بیرۆکەکەی زۆر بەدڵ بوو، لەبەر ئەوەی یڵماز گوینەی سینەماکارێکی بەناوبانگی جیهانییە. ئیدی ڕۆژانە چیرۆکە جیاوازەکانی خۆم لەگەڵ ئەو فیلمسازە کوردە بۆ ئەو دەگێڕایەوە، ئەویش هەموو قسەکانی منی تۆمار دەکرد. بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە فیلمێکی باش دروست بکەین. دواتر من گەڕامەوە بۆ (زیوریخ) بۆ ئەوەی دەرفەت بدەمە (پیتەر پالینسن) دەست بە نووسینی سیناریۆی فیلمەکە بکات. دوای ماوەیەک بۆی باسکردم لە کوێوە و چۆن دەست بە فیلمەکەمان دەکەین و بیرۆکەکە گەیشتە ئەوەی دەست بکەین بەکاری جێبەجێکردن. کۆمپانیای فیلمی (C. Film) بڕیاری دا بەرهەمهێنەری فیلمەکە بێت، خۆیشم لەو کۆمپانیایە کارم دەکرد.

**ڕووداو: فیلمەکە چۆن دەست پێدەکات و بە چی کۆتایی دێت؟**


**ئێدی هوپشمید:** فیلمەکە لە زیندانی (ئەنقەرە)وە لە ساڵی 1976 دەست پێدەکات کە دادوەرەکە لە هۆڵی دادگا بڕیاری دادگا دەخوێنێتەوە، بڕیاری 19 ساڵ بەندکردن بۆ (یڵماز گوینەی) ساتێکی غەمگینە. دوای ئەوەی بە فیلمی (یۆڵ) لە ساڵی 1982 خەڵاتی (کان)ی سینەمایی وەرگرت، پاش خەڵاتەکە من دەگەڕێمەوە بۆ زیوریخ و (یڵمان)یش بۆ پاریس. ئەو ڕۆژە بۆ سەرجەم بەشداربووان ڕۆژێکی مێژووییە. بەمەش فیلمەکە کۆتایی دێت.

**ڕووداو: تۆ یەکەمجار لەکوێ (یڵماز گوینەی)ت بینی؟**

**ئێدی هوپشمید:** ساڵی 1979 فیلمی مێگەلی (یڵماز گوینەی)م بینی لە فێستیڤاڵی کان. دواتر ویستمان ئەو فیلمە، میوانداری بکەین بێتە سویسرا و لەوێ نمایش بکرێت، برادەرێکم لەگەڵ بوو، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆیشت بۆ تورکیا بۆ بینینی (گوینەی) و گرێبەستێکی لەگەڵ کرد بۆ هێنانی فیلمەکە بۆ سویسرا. دواتر لە مانگی 10ی ساڵی 1980 سەردانی یڵماز گوینەیمان کردەوە لە تورکیا، بەداخەوە ئەو کات ئەو لە زیندان بوو. لەژێر چاودێریی پۆلیسدا لە زیندان لەگەڵی دانیشتین و باسی ئەوەمان لەگەڵ کرد کە چۆن بتوانین لە داهاتوودا کاری سینەمایی پێکەوە بکەین. ئەوکات ئەو زۆر بێ تاقەت و بێ ئومێد بوو. بەڵام بڕیارەکەی ئێمەی پێ خۆش بوو. جگە لە فیلمی (یۆڵ) و (مێگەل) فیلمی (دوژمن)ی لە تورکیا دروست کردبوو. هەرچەندە گوینەی خۆی زۆر دڵی بە فیلمی (دوژمن) خۆش نەبوو، چونکە کارە هونەرییەکانی خراپ کرابوون، بەڵام ئێمە پێمان گوت ماتریاڵەکانی ئەم فیلمە بنێرە خۆمان کاری دەنگ و مۆنتاژ و ڕەنگی بۆ دەکەینەوە. ئەوە بوو ناردی بۆمان و سەرلەنوێ مونتاژمان کردەوە و کارێکی ناوازەی لێ دەرچوو.

**ڕووداو: دواتر کارکردنی هونەریی خۆت و یڵماز گوینەی چۆن دەستی پێکرد؟**

**ئێدی هوپشمید:** من بە دیاریکراوی لەساڵی 1980 بۆ 1984 لەگەڵ (یڵماز گوینەی) کارم کردووە. ئەو 10 ساڵ لە من گەورەتر بوو. بێگومان ئەزموونێکی زۆری لەو بوارەدا هەبوو. نزیکەی 100 بەرهەمی هەبوو وەک ئەکتەر و دەرهێنەر و سیناریست، بەڵام من تەنیا چەند ئەزموونێکی کەمم هەبوو. ئیدی لەم سەرەتایەوە دەستمان کرد بە کاری هاوبەشی هونەری.




لەسەرەتاشدا هەموو کەرەستە و سیناریۆی فیلمی (یۆڵ)مان لە تورکیاوە هێنا بۆ سویسرا. ئەو کاتە فرۆکەخانە زۆر توند بوو، بەڵام ئێمە توانیمان دەربازی بکەین و بیگەیەنینە سویسرا. هەر لەو کاتەدا بەهۆی ئەوەی زۆر نیگەران بوو، پلانمان هەبوو خۆی و خێزانەکەی دەرباز بکەین و بگاتە ئەورووپا.

**ڕووداو: چیرۆکی دەربازکردنی لە تورکیاوە بۆ ئەورووپا چۆن بوو، لەکاتێکدا ئەو لە زیندان بوو؟**

**ئێدی هوپشمید:** (بەپێکەنینەوە)، ئەوەش داستانێکی درێژە. لە مانگی ئابی 1980 کە لە زیندان چەند ڕۆژێک وەکو پشوو بەبۆنەی جەژنەوە مۆڵەتی درابوو بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی، ئەوەمان بە دەرفەت زانی و توانیمان خۆی و هاوسەر و دوو منداڵەکەی بە جیا ڕزگار بکەین و هەمووشی لە یەک ڕۆژدا، خۆی لە ڕێگەی دەریای ئیجە، خێزان و هەردوو منداڵەکەشی بە ئۆتۆمبێل کە تابلۆی سویسری لێدرابوو. پاش ئەوەی گەیشتینە سویسرا، ڕۆژی دوایی کارمان لە فیلمی یۆڵ کرد بەڵام گرفتێکمان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو یڵماز گوینەی لە پۆلیسی ئینتەر پوڵ فەرمانی گرتنی هەبوو، دەبوو لەبەر ئەم هۆکارە زۆر بە نهێنی کار بکەین، لەڕێی ڕۆژنامەنووسانی تورکەوە ئێمەیان دۆزییەوە و ناچار خۆمان شاردەوە و درێژەمان بە کارەکە دا. لێرەدا باسی ناکەم کە چۆن و بە چ ڕێگەیەک لە تورکیا دەربازمان کرد. لە فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکە و لەم کتێبەشدا بە وردی ئەوەم باس کردووە، با تامی گێڕانەوەکە بۆ خوێنەران و بینەران جێ بهێڵین.

**ڕووداو: گەیشتە ئەورووپا و لە تورکیا دەربازی بوو، چۆن دەستتان بە کار کرد؟**

**ئێدی هوپشمید:** هەر لە ڕۆژانی سەرەتا کە گەیشتە سویسرا، دەستمان بە وێنەگرتن و کارکردن لە فیلمی (یۆڵ) کرد. بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی و پچڕ پچڕ کارمان دەکرد. لە مانگی 10ی 1981 بۆ مانگی ئایاری 1982 کارە هونەرییەکانی فیلمەکەمان تەواو کرد.

**ڕووداو: لەو کاتەدا کە لە ئەورووپا بوو، لە ژیانی خۆی نەدەترسا؟**

**ئێدی هوپشمید:** بەڵێ زۆریش دەترسا، چونکە پۆلیسی ئینتەرپۆل بەدوایەوە بوو، بۆی دەگەڕان. تەنانەت بۆ بەشداریمان لە فێستیڤاڵی کان، بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ گوتی: من دەتوانم تەنیا ڕۆژانی فێستیڤاڵ (یڵماز گوینەی) بپارێزم ، ئەوەشی کرد.

**ڕووداو: ئەی پاش ئەوە چۆن توانی ژیانی خۆی و خێزانەکەی لە ئەورووپا مسۆگەر بکات؟**

**ئێدی هوپشمید:** دواتر بەهەوڵێکی زۆر دۆستییەکەمان گەیاندە سەرۆک فرانسوا میتێران، سەرۆکی ئەوکاتی فەڕەنسا و چەند سیاسەتوانێکی تری فەرەنسی، ئەوان داکۆکییان لێکرد و مافی ژیانیان لە فەرەنسا پێدا.

**ڕووداو: ئێستا فیلمە دۆکیومێنتەرییەکەت گەیشتووەتە کوێ؟**

**ئێدی هوپشمید:** پاش چەندین ساڵ هەوڵ و کۆشش بۆ پەیداکردنی بودجە و کەرەستەی پێویست، لەڕاستیدا نەتوانرا ئەم فیلمە بەرهەم بهێنرێت لەبەر بودجەی پێویست، منیش بڕیارم داوە هەر دەبێت شتێ لەسەر (یڵماز گوینەی) بکەم. بۆیە بەناچاری بیرۆکەکەم گۆڕی و لەبری ئەو فیلمە بە کتێبێکی گەورە و پڕ زانیاری، ئەو مێژووە دەگێڕمەوە. ماوەی زیاتر لە ساڵێکە کتێبەکەم تەواو کردووە و ناوم ناوە (یۆڵ- ڕێگەیەک بەرەو تاراوگە).

**ڕووداو: بۆ بیرتان لەوە نەکردەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بازرگانی ئەو فیلمە دروست بکەن، بەتایبەتی کە کۆمەڵێ بازرگانی گەورە و کۆمەڵێک فیلمسازی بەناوبانگی تورکیا ئێستا لە ئەورووپا دەژین؟**

**ئێدی هوپشمید:** لەڕاستیدا هەموو ڕێگەکانمان تاقی کردەوە، بەڵام هیچمان دەست نەکەوت.



هەموو هەوڵەکانی خۆمان خستە گەڕ لە وڵاتانی فەڕەنسا و سویسرا و ئەڵمانیا بەدوای پارە و بودجەدا. لە زۆربەی شوێنەکان هاوکارمان نەبوون. بە ناچاری و بەهۆی نەخۆشییەوە من لە فیلمەکە هاتمە دەرەوە و وازم لێ هێنا. بەڵام ڕۆژێک ئەم بەسەرهاتەی من لەگەڵ ئەو سیناریۆیەی فیلمی (یڵماز گوینەی) لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی بڵاوبووەوە. دەرهێنەرێکی بەڕەگەز تورک بەناوی (فاتیح ئاکین) پەیوەندی پێوە کردم و گوتی من لەو سیناریۆیە کار دەکەم. منیش بۆم نارد و بڕیار بوو وەڵامم بداتەوە، لەو ڕۆژەوە بۆم ناردووە تا ئێستا بێ دەنگە و هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوتووە.

**ڕووداو: تەواو؟ لێرەدا ئەو چیرۆکەت لەگەڵ ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتەرییە کۆتایی دێت؟**

**ئێدی هوپشمید:** نەخێر، ساڵی رابردوو ئەم بیرۆکەیە هەر لە مێشکمدا بوو، بۆیە جارێکی دیکە گەڕامەوە بۆ ئەو ئەرشیف و یادەوەرییانەی لەگەڵ (یڵماز گوینەی) تۆمارم کردوون. لە نێوان ئەوەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری یان کتێبێکی مێژوویی و وێنەیی لەسەر بڵاوبکەمەوە، دووەمیانم هەڵبژارد و لە ئەرشیڤی خۆمدا نزیکەی هەزار وێنەم دیاری کرد هی کاتی وێنەگرتن و کارکردن لەگەڵ گوینەی بۆ ئەوەی کات و مێژووی وێنەکان و چیرۆکەکانیان بنووسمەوە. لەو ژمارەیەش جارێکی تر نزیکەی (80) وێنەی زۆر تایبەت و نەبینراوم هەڵبژارد. دەتوانم بڵێم 80 وێنە و 80 چیرۆک و80 بەسەرهات لەو کتێبەدا لەدایک بوون. ڕۆژانە کارم لەم پرۆژەیەدا دەکرد تا بەرێکەوت نووسەر و سیناریستێکم لە زیوریخ ناسی کە لە (فلیکس ئەپڵ) وەک ڕاوێژکاری سیناریۆ کار دەکات. باسی ئەو پرۆژەیەی خۆمم بۆ کرد، پەیمانی دامێ هاوکاریم بکات، منیش هەموو کاتێ کە بەشێکم دەنووسی بۆم دەنارد و سەرنجی خۆی بۆ دەنووسیم و دەستکاریی دەکرد و بۆی دەناردمەوە. تا لەمانگی نیسانی 2016 هەموو کتێبەکەی پێکەوە بینی. لەمانگی 9ی ئەمساڵ کتێبەکە تەواو بوو بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، دەزگای بەناوبانگی چاپەمەنیی کتێب لە سویسرا (Publishing Partuers Gw 6 H) بڕیارە لە مانگی کانوونی دووەمی 2017 بە زمانی ئەڵمانی بڵاوی بکاتەوە، بەو بۆنەیەشەوە لە 2017/1/28 لە پاریس لە ئینستتیوتی کوردی لە پاریس سیمینارێک بۆ کتێبەکەم ساز دەکرێت.

**ڕووداو: گۆڕینی بیرۆکەی ئەم فیلمە بە کتێبێک، ئایا دەتوانێت هەمان ئامانج بپێکێ کە تۆ بیرت لێ کردبووەوە؟**

**ئێدی هوپشمید:** نەخێر ناتوانێ، بەڵام بە ناچاری ئەو کارەم کرد، ئەم کتێبە کە بە وێنە و نووسینە، دەمەوێت بە هەر سێ زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و کوردی چاپ بکرێت. بایەخی ئەم کتێبە لەم ڕۆژگارەدا لە دوو لایەنەوەیە:

یەکەم: گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو مێژووەی تورکیا، بۆ ئەوەی بڵێم لەو سەردەمەوە بۆ ئێستا لە ڕووی ئازادییەوە لە تورکیا چی گۆڕاوە و، دووەم: ئەو قۆناغەی تورکیا کە یڵماز گوینەی تێدا بووە، لەگەڵ ئەم ڕەوشەی ئێستای تورکیا کە ماوەکەی نزیکەی 30 ساڵە، هەمان ڕەوشە بە ڕوخسار و کەرەستەی جیاوازەوە دووبارە دەبێتەوە.


**ڕووداو: چۆن بوو هاتی بۆ پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە فرانکفۆرت؟**

**ئێدی هوپشمید:** کە زانیم پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە فرانکفۆرت هەیە و لەو پێشانگەیەشدا بەشی کتێبی کوردی هەیە، هاتم ویستم بزانم ئایا دەزگایەکی چاپەمەنیی کوردی هەیە بتوانێت ئەم کتێبە مێژووییە لەسەر بەشێکی ونبووی مێژووی سینەما و کولتووری نەتەوەکەیان چاپ بکەن؟

**ڕووداو: ئەی هیچ دەزگایەکی چاپەمەنیی کتێبی کوردیت بینی، تا ڕێکبکەون و ئەو کتێبە وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی؟**

**ئێدی هوپشمید:** بەداخەوە کە هاتمە ستاندی کتێبی کوردی، بینیم زۆر هەژار و چۆڵ و لاوازە. کە قسەم لەگەڵ هەندێ کەس لەو بەشە کرد، گوتیان بەهۆی تەنگژەی ئابوورییەوە لە کوردستان نەمانتوانی لەوە زیاتر بەشداریی ئەم چالاکییە نێودەوڵەتییەی کتێب بکەین. هیچ دەزگایەکی کوردیش نەبوو، ئامادە بێت ئەم کتێبە بکاتە کوردی و بڵاوی بکاتەوە.





ئەو نهێنیانەی تا نەمرین نایانزانین

# ڕاچڵەکینی مرۆڤ لە ڕۆمانی (ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت)*

سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

دەڵێن نووح پێغەمبەر کە هەمیشە وەکو سیمبولی تەمەندرێژیی تەماشا دەکرێت و گوایە 950 ساڵ ژیاوە، کاتێ لێی دەپرسن: پاش ئەو تەمەنە درێژە ژیان چۆن دەبینی؟ دەڵێت: وەکو ئەوەبوو بچمە ناو خانوویەکەوە دوو دەرگای هەبێت، لە یەکێکیانەوە بچمە ژوورەوە و لەوی دیکەیانەوە بێمە دەرەوە.

مرۆڤ کەم جار کاریگەرییەکانی خۆی دەبینێت و هەندێکجار خۆی بە بوونەوەرێکی بەشخوراو دێتەبەرچاو کە سوودێکی ئەوتۆی لە ژیان نەبینیوە، ئەمە نزیکەی بۆ هەموو کەسێک ڕاستە، واتە هەم بۆ ئەو کەسانەی کە کەم دەژین و هەم بۆ ئەوانەشی زۆر دەژین، هەم بۆ ئەوانەی دەوڵەمەندن و وادەردەکەوێ خۆش دەژین و هەم بۆ ئەوانەشی بە هەژاری و نەداری ژیان بەڕێ دەکەن.

(ئێدی)ی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت)، بەرجەستەکەرێکی جوانی ئەم حاڵەتەی مرۆڤە، ئەو هەشتا و سێ ساڵ دەژی، بەڵام پێی وایە هیچ کاتێک سوودێکی نەبووە و ژیانێکی ئەوتۆ نەژیاوە: "بۆیە دڵتەنگ بووم، چونکە هیچ سوودێکم لە ژیانی خۆم نەبینی، چی بووم؟ هیچ نەبووم، هیچم بەدەست نەهێنا، سەرلێشێواو بووم...ل261"، بەڵام ڕۆماننووس لە ڕێگای بەهەشتەوە، یان لە ڕێگای ئەو تارماییە ژیانەی بە ئێدیی داوە و ناوی لێ ناوە (بەهەشت)، بۆی دەردەخات کە کەسێکی چەندە کاریگەر بووە، بۆ نموونە: خزمەتکردنی لە شاری یارییەکە و دڵخۆشکردنی منداڵان، خزمەتی سەربازی بۆ وڵاتەکەی، خۆشەویستییەکەی بۆ مارگرێتی خێزانی و دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆی، بەخێوکردنی دایکی، ژیانی وەک کەسێکی بێ کێشە، تەنانەت تا ئەو ڕادەیە کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە هەبووە کە بووەتە مایەی مردن و لەناوچوونی هەندێ کەس و ڕزگارکردن و بەخشینەوەی ژیان بە کەسانی دیکە.

ئێدی، لە وەرشەی شارێکی یاری کار دەکات، ڕۆژانە کاری ئەوەیە کە یارییەکان بپشکنێ و چەوریان بکات و ئەوانەی تێکچوون چاکیان بکاتەوە. ئێدی ماوەیەک سەرباز بووە و دواتر بووەتە شوفێری تاکسی، پێشتر باوکی ئێدی لەو شاری یارییە کاری کردووە، بەڵام ئێدی هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بچێ لەو شوێنە و لە جێگەی باوکی کار بکات، چونکە زۆر ڕقی لە کارەکەی بووە، کەچی دوای نەخۆشکەوتنی باوکی، ئەو بە ناچاری لە شوێنەکەی کار دەکات و کە باوکیشی دەمرێ، هەر بە تەواوی لەوێ جێگیر دەبێ، تا ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵی و لە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆیدا، ئەوکاتەی دەیەوێ منداڵێک ڕزگار بکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر یەکێک لەو یارییانەی تێکدەچن، خۆی دەکەوێتە ژێری و گیانی دەردەچێت.

دوای مردنی، ئێدی دەچێتە بەهەشت، بەڵام بەهەشت بەو شێوەیە نییە کە لە بیری ئێمەدایە. واتا یەکسەر ناچێتە ئەو شوێنەی کە پێیوایە دەبێ ئارام بێ و ژیانێکی خۆشگوزەرانی بۆ دابین کرابێت، لێرەوە تێدەگات کە "مردن کۆتایی هەموو شتێک نییە، ئێمەین وای دەبینین، ئەوەی لەسەر زەوی ڕوودەدات، تەنیا سەرەتایە... ل122". بۆیەش لەم دەستپێکە نوێیەدا دوای مردنی، یەک بە یەک ڕووبەڕووی پێنج کەس دەبێتەوە کە هەر یەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئەو هەبووە، یان ئەو کاریگەری لەسەر ژیانیان هەبووە، بینینی ئەوان بۆ ئێدی، وەکو لێپرسینەوە و بەخۆداچوونەوە و دیتنەوەی ئەو شتانەیە کە لە ژیانی ئێدیدا هەبوون و خۆی نەیبینیون، یان درکی پێ نەکردوون. ئەوانەی ئێدی لەو بەهەشت و لێپرسینەوەیە دەیانبینێت، بریتین لە، یەکەم: پیاوە شینەکە، کە بەهۆی ئەوەی ئەو کاتەی ئێدی منداڵ بووە، ئەو پیاوە شینە خەریک بووە بە ئۆتۆمبێل خۆی پێدا بکێشێ، بەڵام ئێدی لە بن ئۆتۆمبێلەکە دەرچووە و ڕزگاری بووە. ئەم ڕووداوە کاری کردووەتە سەر دڵی پیاوە شینەکە و ئەوەندە ترساوە کە دواجار بەهۆی کاریگەریی ئەم ڕووداوە دەمرێت، ئەمە بێ ئەوەی ئێدی پێی بزانێت کە کەسێک بەهۆی ئەوەوە مردووە، بە پێچەوانەوە ئێدی دڵخۆشیش بووە، چونکە لە ڕووداوەکە ڕزگاری بووە.

دووەم کەس کە دەیبینێت، ئەو کاپتنەیە کە لەگەڵ ئێدی بەیەکەوە سەرباز بوونە و ئەو کاپتنە لە پێناوی ڕزگارکردنی ئێدی و چەند سەربازێکی دی، خۆی کردووەتە قوربانی و ئێدی ئەوەشی نەزانیوە.

سێیەم کەس (ڕووبی)یە، ئەو کەسەی شاری یارییەکەی بەناوە و یەکەمجار ئەم شاری یارییە لەسەر دەستی ئەو و مێردەکەی دروست کراوە، ئێدی ئەوەندەی ڕق لە کارەکەی بووە، زۆر جار گوتوویەتی: خۆزگە ئەم شارە هەر دروست نەکرابا..! کەواتە ئەم ئافرەتە بە ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێدی هەبووە.

چوارەم کەس کە ئێدی دەیبینێ، (مارگرێت)ی خێزانیەتی کە ئێدی لە ژیانیدا زۆری خۆشویستووە و تا ئەو کاتەشی کە مردووە، ئەو خۆشەویستییەی هەر بۆی ماوە.

پێنجەم کەس، کچێکە بە ناوی تالا، ئەو کچەی کاتی خۆی ئێدی ئەو وەختەی سەرباز بووە، بێ ئەوەی بزانێ بووەتە هۆی سووتاندنی و دواتریش هەرچەند ویستوویەتی ڕزگاری بکات نەیتوانیوە.

بینینی ئەم کەسانە بۆ ئێدی، وەکو ئەوەیە کە خودی ئێدی لە دەرەوەی خۆیەوە نیشانی خۆی بدەن، ئەو بەهەشتەی لەم ڕۆمانەدا وێنا کراوە، ئەوەندە بۆ فەرامۆشکردنی ئەم ژیانەی دنیای نییە، بە قەد ئەوەی شوێنێکە بۆ لەخۆپرسینەوە: "بەهەشتیش هەر بۆ ئەوە دروستکراوە تا لەو ژیانە تێبگەی کە لە دونیادا بەسەرت برد...ل48".. "خەڵک وادەزانن بەهەشت هەر باخ و باخاتی خۆشە، یا شوێنێکە تێیدا دەتوانی بەسەر هەورەکاندا بڕۆی، یان بە کەیفخۆشی لە گوێ ڕووبار و سەرشاخان ڕابوێری، بەڵام دیمەنە جوانەکان، بەبێ ئاسوودەیی ناخ بێمانان، گرنگترین پاداشت کە خودا بتداتەوە، ئەوەیە ئەو شتانەت بۆ ڕوون بکاتەوە و تێتبگەیەنێ کە لە ژیانتدا ڕوویانداوە و تێیاننەگەیشتووی، ئەو ئاسوودەییەی بۆی دەگەڕێی لە ئەوەدایە...ل48".


لێرەوە ئێدی تێدەگات کە ئەو لە دنیادا کەسێکی هێندەش بێ کاریگەری نەبووە، بۆیە دوای ئەم ڕووداوانە و تێپەڕینی بەم قۆناغانە، باوەڕی تەواو دەگۆڕێت و دەگاتە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر یەکتر هەیە و هیچ کەسێک نییە بێ کاریگەری و بێ سوود بێت: "ژیانی هەر یەکەمان کار دەکاتە سەر ژیانی ئەوەی دوای خۆی و ژیانی ئەویش کار دەکاتە سەر ژیانی ئەوەی دواتر...ل268".

ئەم ڕۆمانە لەناو ئەو هەموو لەخۆپرسینەوە و بە بێ سوود تەماشاکردنەی خود، هاندانێکی گەورەی تێدایە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان یەکتریان خۆشبوێت: "هێشتنەوەی تووڕەیی لە ناختدا، ژەهرێکی کوشندەیە و ناخت دەخوا، ئێمە وا دەزانین ڕق چەکێکە بۆ هێرشکردنە سەر ئەو کەسە بەکاری بهێنین کە ئازاری داوین، بەڵام ڕق تیغێکی چەماوەی هەیە، دوای ئەوەی بەرامبەرکەمان دەبڕێ، دێتەوە و خۆشمان دەبڕێ...ل189".

"دەکرێ خۆشەویستی وەک باران لەسەرەوە بۆ خوارەوە ببارێت و خۆشەویستەکان شەڵاڵ بکات لە ئاسوودەیی، بەڵام هەندێکجار دەکەوێتە سەر بڵێسە گەرم و تووڕەکانی ژیان، بۆیە دەبێت بە هەڵم و وشک دەبێتەوە، لەم کاتانەدا پێویستە لە خوارەوە ئاو بدرێت، بۆ ئەوەی هەر زوو ڕەگەکانی ببووژێنەوە و بە زیندوویی بمێنێتەوە...ل223".

لە ڕۆمانەکەدا بە ئاراستەیەک جەخت لەسەر خۆشەویستی دەکاتەوە کە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، دەتوانێ سوود و کەڵکێکی زۆری هەبێ بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی و بە ئاسوودەیی لەگەڵ یەکتر بژین.

* ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت (ڕۆمان) - میچ ئەلبوم، وەرگێڕانی: جوتیار ژاژڵەیی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم (2016).






# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(14)

لە ئەوینی ڕاستەقینەدا دابەشبوون نییە، دوو ئەویندارەکە دەبن بە یەک، بەڵام ئەگەر ئەوین لە گۆڕێ نەبێت و لەخۆباییبوون هەبێت، ئەوسا دڵدار و دڵبەر هەیە و دڵدار دەکەوێتە خزمەتی دڵبەرەوە. لە خۆشەویستیی ڕاستەقینەدا پێوەندیی نییە، چونکە دوو کەس لە گۆڕێ نییە، تا پێوەندی پێکەوەیان گرێ بدات، ئەوەی هەیە بەیەکبوون و لە یەکدیدا توانەوەیە. لە دۆخی لەخۆباییبووندا، ئەوەی بە هەڵە بە ئەوینی لە قەڵەم دەدەین، دڵدار و دڵبەر هەیە، کە دڵدار و دڵبەریش هەبوون، خۆشەویستی لەوێ نییە.

خۆشەویستیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەمیشە لە ئێستادایە، ئەوەی بووە بە ڕابردوو، زادەی خۆهەڵکێشان و لووتبەرزی بووە. لە ئەوینی ڕاستەقینەدا، پەرۆشی هەیە، بەڵام پەرۆشییەکی هێور، هەستێکی گەرم هەیە، بەڵام گڕ و کڵپە نییە. خۆشەویستیی ڕاستەقینە وامان لێ دەکات، کەمترین هەڵچوونمان پێوە دیاربێت و بە هێمنی و تەنانەت بە (بێدەنگی)یش، هەستی خۆمان دەرببڕین، بەڵام خۆشەویستیی ساختە کە زادەی خۆپەسەندکردنە، لێوانلێوە لە هاتوهاوار و گڕ و کڵپە و هەڵچوون.

خۆت خۆش بوێت! ئاخر تەنیا لە ڕێی خۆخۆشویستنەوە، چاوچنۆکی و خۆهەڵکێشان بزر دەبن، هەر ئەوسایش پەیامی خۆشەویستیی تۆ، بەوی دی دەگات. ئەوسا خۆشەویستی، وابەستەبوون نابێت، هاوبەشیی دەبێت، ئەوسا بکەر و بەرکار لە گۆڕێدا نامێنن، لە یەکدی نزیکبوونەوە و لە یەکدیدا توانەوە دێنە گۆڕێ، هەر ئەوسایش پەرۆشییەکی هێور، جێی هەڵچوونێکی ئاگرین دەگرێتەوە.

بۆچی خۆشەویستی بەئازارە؟ چونکە ڕچەی بەفرینی بەرەو بەختەوەری دەشکێنێت. چونکە گواستنەوەیە، هەموو گواستنەوەیەکیش بەئازارە، ئاخر ئەوەی لەسەری ڕاهاتبووین بەجێی دەهێڵین و دەچینە دۆخێکی نوێوە کە پێی ئاشنا نیین. لە دۆخی نوێدا، هەست بە ترسێک دەکەین، لەو ترسە دەچێت کە کۆرپە وەختێک لە سکی دایکی دێتە دەرەوە، هەستی پێ دەکات. بێچووەمەلیش کە سەری لە هێلکە دەجووقێت، هەمان ترسی لێ دەنیشێت، کە بۆ یەکەم جار هەوڵی فڕینیش دەدات، ترس دایدەگرێت. بوونەوەر کە لە مەعلوومەوە بەرەو مەجهوول بەڕێ دەکەوێت، ئەوە ئاساییە ئەگەر بترسێت.

خۆشەویستی ئەوەیە، لە دۆخێکەوە کە خود بوونی هەیە، دەچین بۆ دۆخێک کە خود بوونی نامێنێت، بۆیە هەست بە ئازارێکی قووڵ دەکەین، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، ناتوانین بەبێ تێپەڕبوون بە کێڵگەی ئازاردا، بگەینە هەواری ئاسوودەیی، وەک چۆن زێڕ پاکژ نابێتەوە، ئەگەر بە ئاگردا ڕەت نەبێت. ئەوین ئاگرە، هەر لە ترسی ئازاری ئەو ئاگرەیشە، زۆر کەس خۆیانی لێ دەپارێزن. چێشتنی ئازاری خۆشەویستی بەفیڕۆ ناچێت، ئاخر بەهۆی خۆشەویستییەوە، بە ئاستێکی بڵند لە تێگەییشتن دەگەین و دەتوانین داهێنان تۆمار بکەین. ئازاری خۆشەویستی چەند سەختیش بێت، هێشتا لەوە باشترە، بەبێ خۆشەویستی بژین و عومرمان بەفیڕۆ بچێت.

ئەوی بەبێ خۆشەویستی دەژی، کەسێکە نێرگزی، دەرگای لەسەر خۆی کلۆم داوە و کەس ناناسێت، ئەویشی کەس نەناسێت، توانای ئەوەی نابێت، خۆیشی بناسێت. ئەوە تەنیا خۆشەویستییە وا دەکات هەم خۆمان بناسین و هەم ئەوانی دیکە. خۆشەویستیی باڵا، فێرمان دەکات کراوە بین، سەرچڵ بین و بیر لە مەترسی نەکەینەوە. ڕەنگە ئازار بدرێین، بەڵام نابێت بترسین، دەشێت دەست بنێن بە ڕوومانەوە، بەڵام نابێت هەستی پاکی خۆمان بشارینەوە. ڕەنگە ترسی ئەوەت هەبێت، لە ڕوانگەی ئەوی دیەوە ناشیرین بیت، بەڵام بەوە جوان نابیت، ئەگەر سەیری ئاوێنە نەکەیت. ئەوی دی ناسین وەک ئاوێنە وایە، خۆمانی تێدا دەبینینەوە، لێی مەترسە! ڕووبەڕووی ببەوە!

ئینسان پێویستە خۆی فڕێ بداتە زەریای ئەوینەوە، ئاخر ئەوە هەنگاوی یەکەمە بەرەو لای خوا، ئەوانەی ئەو هەنگاوە نانێن، قەت ناگەنە لای خوا. هەبوونی تۆ بە هەبوونی ئەوی دیەوە بەندە، لە قاوغی نێرگزیبوون وەرە دەرەوە، ئاخر نێرگزیبوون دونیایەکی داخراوە، لەژێر ئاسمانێکی کراوەدا. خۆشەویستی ئاسمانێکی بەرینە، بێجگە لە فڕین بەو ئاسمانەدا، ڕێگەچارەی ترمان نییە. خۆڕزگارکردن لە (من)ی خۆمان، ئازاربەخشە، ئاخر وا دەزانین ئەو منە، تاقە سامانی ئێمەیە، بۆیە دەیپارێزین، بەڵام دەبێت هەر کە خۆشەویستی لە دەرگای داین، ئەو منە دوور تووڕ بدەین.

ئینسان کاتێک هەبوونی خۆی دەسەلمێنێت کە پێوەندیی بە کەسانی دیکەوە هەبێت، کەسی دوورەپەرێز وەک نەبوو وایە. ئێمە خودێک نیین بە تەنیا بژین، بەشێکین لەوانی دیکە، بە هەموومان ژیان پێک دەهێنین. خۆشەویستی ئەزموونێکە بۆ یەکەمین جار، توانای ئەوەت پێ دەبەخشێت، لەگەڵ کەسێکدا بگونجێیت کە (من)ی خۆت نییە. کە بتوانیت لەگەڵ ژنێکدا، (یان پیاوێکدا) بگونجێیت، لەگەڵ منداڵت، هاوڕێت، دایکت و دراوسێت بگونجێیت، ئیدی دەتوانیت لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیشدا بگونجێیت؟ لەگەڵ ئاژەڵ و مەل و درەختیشدا بگونجێیت.

خۆشەویستی پەیژەیەکە، بە کەسێک دەست پێ دەکات و بە هەمووان دوایی دێت. خۆشەویستی سەرەتایە، بە خوا کۆتایی دێت. ئەوە چاوەڕوانکراوە لە خۆشەویستی بترسین، ئاخر بەهۆی خۆشەویستییەوە پێدەگەین، پێگەییشتنیش ئازاری هەیە، (خونچە بۆیە لە کرانەوە دوودڵە و دەترسێت، چونکە دەزانێت ئازاری پێ دەگات،)(*) بەڵام خۆ ناکرێت، تا دەمرین هەر نێرگزی بین و هەر لە زیندانی تاریکی (من)ی خۆماندا بژین. نابێت بە پاساوی ئەوەی خۆشەویستی تووشی کێشەمان دەکات، خۆمانی لێ بدزینەوە، دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە. دەبێت لەنێو ئەو کێشانەدا بژین کە خۆشەویستی بۆمانی دروست دەکات، بەڵام هێدی هێدی لەدوای خۆمانەوە بەجێیان بهێڵین.

خۆشەویستی تاقە شتی سەرەکییە کە پێویستە تاقیی بکەینەوە، شتەکانی دیکە لاوەکین، ئیللا مەگەر کۆمەک بە خۆشەویستی بکەن. هەموو شتەکانی دیکە ئامرازن، تەنیا خۆشەویستی ئامانجە، بۆیە بە چاوپۆشین لەوەی چەند ئازارمان پێ دەگات، نابێت خۆمانی لێ بدزینەوە. ئەگەر خۆمان لە خۆشەویستی بەدوور بگرین، نابین بە ڕووبارێک کە بەرەو زەریا بەڕێوەیە، دەبین بە گۆمێکی لیخن کە لە جێی خۆی نابزوێت. ڕووبار بۆیە بە پاکژی و بە ڕۆشنی دەمێنێتەوە، چونکە ڕێ دەکات و لە جێیەکدا قەتیس نابێت. هەموو عاشقێک ڕووبار ئاسا بە پاکیزەیی دەمێنێتەوە، ئەوانەی خۆیان لە خۆشەویستی بەدوور دەگرن، پاکیزەیی لە دەست دەدەن و وەک گۆمێکی لیخن، بۆگەن دەکەن.

15ی نۆڤەمبەری 2016
ستۆکهۆڵم

(1) أوشو، الحب و الحريە و الفردانيە، ترجمە: ميتم الچايع، دار الحوار 2013 اللاذقيە.

(*) کارین بۆیە.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# پێنیشاندان

بە تەنیا دەنگەکانی ڕێزدار عەلی حەمە ساڵح (کە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیمان بۆ پێش گۆڕان دەگەڕێتەوە) لەگەڵ دەنگەکانی هێزا هەڤاڵ ئەبوو بەکر (کە هەر ناشیناسم) شتێک لە خوار چوارسەت هەزار دەنگەوەن. یانی ئەگەر نیوەی دەنگدەرەکانی ئەو دوو بەڕێزە ڕۆژی شەممە بهاتنایەتە سەرشەقام، شەممەی هەڵوێست دەبووە شەممەی زەلزەلە، کەچی شەقامێکی چۆڵ و هۆڵ، هەر بایی دەنگدەرەکانی ڕێزدار فەخرەدین قادر هاتبوونە دەرێ کە خۆیشی پێی سەیرە لە هەڵبژاردندا دەرچووە.

لەملاوە لەوەتەی ماوەی یاسایی سەرۆکایەتیی هەرێم تەواو بووە، لەولاشەوە لەوەتەی کاک ئاشتی وەزارەتی کارەساتە سروشتییەکانی وەرگرتووە، هەم دکتۆر هەڤاڵی هێزا و هەمیش خاڵە عەلی بانگەشەی خەباتی مەدەنیی دەکەن، هانی خەڵکی دەدەن بڕژێنە سەر شەقام، کارێکی چاکیشیان کردووە و دەکەن، فەقە کە هەر ئەو خەڵکەی دەنگیان پێداون بە قسەیان ناکەن و نایەن، کە شەممەی هەڵوێست دەکەنە شەممەی بێپێز (1) و ریسی دوو ساڵ هات و هاوار دەکەنەوە خوری، مانای وایە ئەو خەڵکەش ئیتر لەوە تێگەیشتووە کە ئەوە خۆنیشاندان نییە و پێنیشاندانە.

جا قوربان ئەگەر دەپرسی ئەوە کێیە، چی بە کێ نیشان دەدا؟ ئەوەیان باسێکی دیکەیە و هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێ. ئاخر پێنیشاندان جۆری زۆرن، بۆ نموونە حکومەت لەڕێی سیستەمی پاشەکەوتەوە، ستەمی نیشانی فەرمانبەر داوە. کاک ئاشتییەک هەیە، زۆر عەنتیکەیە، بەس خۆی دەزانێ چی نیشانی کێ دەدا، ئاخر ئەم بە مولک سرف وەزارەتێکی هەیە هەر عەینەن مریشک وایە، هەم هێلکە دەکا و هەم جیقنە، تا ئێرە بەسە خۆ ناشێ هێلکەکەشتان بۆ بکەمە ڕۆنەوە.

قوربان حیزب هەیە بە پەرلەمانی نیشان دەدا، پەرلەمانی کلۆڵیش مەگەر هەر بەیەکتری نیشان بدەن. ئۆپۆزیسیۆن بە حیزبی دەسەڵاتی نیشان دەدا، حیزبی دەسەڵاتیش بە ئەرز و ئاسمان. ئەم قسەیە شمولی کۆمەڵ و یەکگرتوو ناکا، ئاخر ئەوان جارێ لە قۆناغی خولانەوەن و نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی هیچ بە کەس نیشان بدەن، بە کوردییەکەی، ئەوە نین.

گۆڕان خەریکە دەبێتە دەستە خوشکی حیزبی شیوعی، ئاخر سەروەختایەک لە کوێرە گوندێکیشدا هەشت نۆ شیوعی هەبوون، کەچی ئێستا دوای تەمەنی پیرە کیسەڵێک لە خەبات، ئەگەر حیزبی شیوعی سێ مانگ بانگەشە بۆ کۆبوونەوەیەک بکات، هێندەی عەزیز وەیسی جەماوەری پێ کۆنابێتەوە ئەگەر دوو ڕۆژ پێشتر بانگەشەی ئاهەنگێک بکات.

شەقامی فەلەستینی، حەماسی هێنایە سەر حوکم، شەقامی میسرییش مورسی، بۆیە هەرچی لە شەقامەوە بوو هەمزاغا نییە.

**بێپێز:** بە هەویرێک دەوترێ باش هەڵنەهاتبێ



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# عێراقی دوای داعش

هەرچەندە ئەگەر مانا و مەفهومی داعش وەک ترۆپکی پێگەیشتنی فکری توندڕەوی ئاینی وێنا بکەین، ئەوە داعش کۆتایی نایەت. خۆ ئەگەر وەک دەگوترێت بەرئەنجامی جۆرێک لە زوڵم و هەیمەنەی حوکمی شیعە بووە لەسەر سوننەکان، واتا کاردانەوە بووە لەبەرامبەر تەشەیوع لە عێراق و سووریا، ئەوە لەو حاڵەشدا داعش کۆتایی نایەت. ئەوەی کۆتایی دێت چوارچێوەی دەوڵەت و خەلافەتەکەیانە و ڕەنگە هیچ بەشە خاکێک لەم دوو وڵاتە لەژێر دەستیاندا نەمێنێتەوە، تەنانەت ڕەنگە وەک ڕێکخراویش وجودی نەمێنێت، بەڵام ئەو هۆکارانەی داعشیان خوڵقاند، بە زەمینەی گەشەکردنی زیاترەوە دەمێننەوە.

واتا شتێک نابێت بەناوی کۆتایی داعش، بەڵکوو ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا "ناو و شوێن و روخسارەکان" دەبێت، ئیتر ئەم ناوچەیە لەگەڵ "داعشیزم" ڕادێ و پرۆسەی ڕەتکردنەوە بەردەوام دەبێت. چونکە خەسڵەتی ئاینەکە بەو جۆرەیە کە هیچ گۆڕانکارییەک بەمانای چاکسازی لە ئاینەکەدا ناکرێت و جارێ ناشتوانرێ دین بێدەسەڵات بکرێت. بەو دەسەڵاتەشەوە کە هەیەتی، بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن، بە دیوە توندڕەویەکەیدا زەمینەی جۆشدانی زیاتر و پەروەردەکردنی بەرفراوانتری دەبێت، لەگەڵ بەئاسان دەستڕاگەیشتن بە چەکی پێشکەوتوو، زەمینەی زیاتر بۆ بەریەککەوتنەکان دەڕەخسێنێت. هەموو بەریەککەوتنێکی ئاینیش گیانی توندڕەوی بەهێزتر دەکات. گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی زیاتری توندڕەوییش، درێژە بە تەمەنی ململانێکان دەدات.

ئەوەی پەیوەستیشە بە کاردانەوەی تەشەیوع یان ململانێی مەزهەبیی سوننە و شیعەوە، دوای شکانی داعش زەمینەکە بەرفراوانتر دەبێت، چونکە ئەگەر پێشتر شیعە تەنیا بە حوکمی گرتنەدەستی دەسەڵاتی ناوەندەوە لە بەغدا توانیبێتی زوڵم لە سوننە بکات لە بەغدا و لە ڕێگەی بەغداوە لە شارە سوننییەکان، دوای شکانی داعش شیعە ڕاستەوخۆ لە ماڵی سوننەدا حزووری هەیە، جگە لە ناوەندی شارە گەورەکان شوێنی تری بۆ ژیانی سوننە نەهێشتووەتەوە، ئەمەش جۆرێکە لە کەمپی شاراوەی دەستبەسەرداگرتن. هەموو سوننەی عێراق لە چەند ناوەندێکی وەک کۆمەڵگە کۆدەکرێنەوەو ئامادە دەکرێن بۆ قۆناغی دووەمی پاکتاوکردن. ئەمەش ململانێکان و بەریەککەوتنەکان توندتر دەکات.

کاتێک دۆخی ئەم ناوچەیە بەم جۆرە نابێت کە دوو شت بکرێت: یەکەمیان پەیوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە و دەبێت ریفۆرم لە ئاینەکەدا بکرێ، ناڵێم دین لە دەسەڵات جیا بکرێتەوە وەک ئەوەی ئەوروپا کردیان، ڕۆژهەڵات بەوە چاک نابێت، بەڵکوو دەبێت ئاین بێ دەسەڵات بکرێت، کە ئەمە ناکرێت، چونکە لێرە ئاینەکە خۆی دەسەڵاتی هەیە. دووەمیان پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە هەیە کە بڕیار لە دابەشکردنی ئەم ناوچەیە بدەن و بەپێی جیاوازیی ڕەگەزی لە قاڵبیان بدەنەوە، بەڵام کاتێ لە سیاسەتیان ورد دەبییەوە، دەگەیتە ئەو باوەڕەی کە ڕۆژئاوا ئارامی و سەقامگیریی ئەم ناوچەیەیان ناوێ، سەت ساڵی ڕابردوو بەجۆرێک نەخشەی ئەم وڵاتانەیان کێشاوە کە ئامانج لێی نانەوەی پشێوی و ململانێ بووە. عێراقێکی زۆرینە شیعە تەسلیم بە کەمینەیەکی سوننە مەزهەب دەکرێت، سوورییایەکی زۆرینە سوننی دەدرێتە بنەماڵەیەکی شیعی تا حوکمڕانی بکات، لە هەردوو ئەم وڵاتە کورد بە زۆر دەکرێتە پاشکۆ. ئەم جۆرە سیاسەتکردنەی زلهێزەکان ئاماژەی ئەوەیە کە مەبەستیانە ململانێ و ناکۆکی بەردەوام بێت، ئەگینا کێشەی عێراق و سووریا ئاسان چارەسەر دەکرێت بە پەیڕەوکردنی "دوو بە سێ" کردن. ئەم دوو وڵاتە بکرێن بە سێ دەوڵەت، دەوڵەتێکی عەرەبی شیعی، دەوڵەتێکی عەرەبی سوننی، دەوڵەتێک بۆ کورد. بەڵام بەخوێندنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەزانی ئەمەشیان ناکرێ، بۆیە ئەگەری ململانێ و بەریەککەوتنەکان بەکراوەیی و بە زەمینەی گەشەکردنی زیاترەوە دەمێننەوە.

عێراق دوای داعش چی بەسەردێت؟ کە ئامانجی ئەم نووسینە تیشک خستنە سەر ئەو ئەگەر و پێشهاتانەیە گریمانەی ڕوودانیان دەکرێت، ئەگەر باشترین بژارەیەک بۆ پێکەوە مانەوە هەبێت، جیاکردنەوەی هەریەک لەم سێ پێکهاتەیەیە بە سنوور کێشانی نێوانیان و لەشێوەی حوکمڕانییەکی تازەدا نەخشەی سیاسیی عێراق بکێشرێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی زەمینەی واقیعی بوونی هەیە و کورد و سوننەش خوازیارین، بەڵام نە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئامانجی بەدیهێنانی ئارامیی ناوچەکەیە و نە شیعە دەستبەرداری ناوەندگەرایی دەبێت. تەقینەوەی ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیشیان کە داعش یەکێک لە لێکەوتەکانی بوو، بەهۆی ئەو مەیلەی سوننە بۆ خۆبەڕێوەبەرێتی و ئەو مەیلی حاکمیەتەی شیعەوە بوو. بۆیە نەک ئەگەری ئەم جۆرە لە چارەسەر بەدوور دەزانرێت، بەڵکوو ئەو هەیمەنەیەی شیعە لە بەغدا، لە ڕێگەی سیاسەتی "بە پاشکۆ وەرگرتنی کەمینەوە" دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە سوننییەکان، ناکۆکی و ململانێی سوننە و شیعە درێژەی دەبێت، عێراق پێ دەنێتە نێو مێژوویەکی خوێناویی دیکە.

چەند هۆکارێکیش دەبنە ئەگەری تێکچوونی نێوان کورد و شیعە، یەکەمیان هەستی بردنەوە و خۆ بە بەهێز بینینی هەردوولا لە شەڕی داعش، دووەم پەیوەندی بەو عەقڵیەتە حوکمڕانییە ناوەندگەراییەی شیعەوە هەیە کە ئێستا لە بەغدا هەیە، سێیەم بوونی زەمینەی ناکۆکی لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە بەهۆی شەڕی داعشەوە پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردوونەتەوە و دوای داعش بەغدا داوایان دەکاتەوە، چوارەم و لە هەمووشیان مەترسیدارتر بوونی هێزە میلیشیاکانی حەشدی شەعبیە لە دەرەوەی دیسپلینی سەربازی و دامەزراوە ئەمنی و دەوڵەتییەکان.

سەرباری ئەوەی بەهۆی هاومەزڵومیەتی لە ڕابردوودا کورد و شیعە تارادەیەک وەک هاوپەیمان لە عێراقی تازەدا دەرکەوتن، بەڵام ڕێگرییەک نییە لە سەرووی ئەو ناکۆکیانەوە تا ڕێگە لە تەقینەوەی کێشەکان بگرێت، بەتایبەتیش کە ئاراستەیەکی بەهێز لەناو شیعە دوای بە ئامانجگرتنی سوننە، مەیلی لاوازکردنی کوردیان هەیە. چەند ساڵێکیشە لەناو شەقامی شیعی زەمینەی ئەو دوژمنایەتییە خۆش دەکرێت و ئێستا کینەیەکی شاراوە لە سینگی زۆربەی شیعەکاندا هەیە بەرامبەر بە کورد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەم ڕقە زیاتر پەنگ دەخواتەوەو ئەجێندایەکی دیاریکراویش ئامادەی دەکات بۆ دۆخی بڕیار لێدراو. واتا عێراقی دوای داعش عێراقێکی پڕ لە کێشە و ناکۆکیی قووڵتر و ڕووداوی خوێناویتر دەبن.

چارەسەر بۆ ئەوەی ئەم دۆخە نەیەتە پێش، کە ئەگەر سوننە بەهەر هۆکارێکی دیکەوە مەحکوم بن بە مانەوە لە عێراق، دەبێت کورد بەدوای دەروازەکانی خۆ ڕزگارکردندا بگەڕێت و لە عێراق دووربکەوێتەوە، ئەمەش پێویستی بە بڕیاری ئازایانە و جۆرێک موجازەفە هەیە کە پێویستە خەڵکی کوردستان سڵی لێ نەکەنەوە. چونکە دەرئەنجامەکانی هەرچییەک بن، نەهامەتی و برسێتیی لەوە خراپتریان نایەتە ڕێ کە بە مانەوەیان لە عێراقی دوای داعشدا تووشی دەبن، چەند خوێنیشی پێویست بێت، بارتاقای ئەو خوێنە نابێت کە بە مانەوەیان لە عێراقدا پێویستە بیبەخشن.



هیوا حاجی

# سەرچاوەی گرفتەکان لە شوێنێکی دیکەیە

لە هەموو بوارەکاندا کێشە و تەحەدای گەورە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە. لە قەیرانی سیاسی و داراییەوە بگرە تا دەگاتە کێشەکانی پەروەردە و فێرکردن و بەرزبوونەوەی ڕێژەکانی بێکاری و هەژاری. هەموو ئەو کێشانەی ڕۆژانە لەگەڵیاندا دەستوپەنجە نەرم دەکەین تەنیا دەرهاویشتەی چەند کێشەیەکی بنەڕەتین کە کۆمەڵناسان پێیان دەڵێن کێشەی بونیادی. کێشە بونیادییەکان بە سروشتی خۆیان لە تاکەکەسان گەورەترن، بەرهەمی مێژوویەکی نسبەتەن درێژن و بوونەتە بەشێک لە کولتوور و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ چارەسەریان، پرۆسەیەکی درێژخایەن و پڕ لە ئاستەنگ دەبێت، ئەوە ئەگەر بڕیاربێ دەستیان بۆ ببەیت و بتەوێ شتەکان باشتر بکرێن. لە خوارەوە چەند مەسەلەیەکی بنەڕەتی دەستنیشان دەکەم کە بەلامەوە دۆخی ئێستایان بەرهەم هێناوە.

یەکەم: کۆمەڵگای کوردی هێشتا لەژێر هەژموونی بەهاکانی کۆمەڵگای پێش مۆدێرندایە

ڕاستە زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان نیشتەجێی شارەکانن، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە ڕێژەی خوێندەواری لە کوردەواری و تەنانەت لەنێو ڕەگەزی مێیینەش زۆر بەرزە، بێگومان ئەوەش ڕاستە کە کوردستان دەیان زانکۆ و پەیمانگای خوێندنی باڵای هەیە و دیسان ئەوەش هەر ڕاستە کە لە کوردستان تەکنۆلۆژیایەکی تارادەیەک پێشکەوتوو لە بواری گەیاندن و تەندروستی و تەنانەت پەروەردەییش بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو دیاردانەی سەرەوە کە بە دیاردەی مۆدێرن حیساب دەکرێن، کۆمەڵگای کوردەواری تا ئێستاش بەدەست شێوە بیرکردنەوەی خێڵایەتی و ناوچەگەریی پێش مۆدێرنەوە گرفتارە. ئێمە دەبینە سیاسەتمەدار، دەبینە پزیشک، مامۆستایەتی دەکەین، بەڵام هەر ناتوانین لەو قاڵبە فکریانە دەربچین کە کۆمەڵگای پێش مۆدێرن بۆی داناوین و لەسەری پەروەردە کراوین. یەکێک لە خۆنیشاندانەکانی کولتووری پێش مۆدێرن لە کوردستان لە سیاسەتدا ڕەنگی داوەتەوە. دیمۆکراسی ناتوانێ لە کۆمەڵگایەکدا چەکەرە بکات کە بەدەست کولتووری بەچونیەککردنی (هۆمۆجینایزینگ) و وەکیەک لێکردنی خەڵکەوە بناڵێنێت. کۆمەڵگای خێڵەکی ناتوانێ لەگەڵ جیاوازیدا هەڵ بکات، جا ئەو جیاوازیانە سیاسی بن یان کولتووری. ئێمە دەمانەوێ هەموو خەڵک وەک ئێمە بیربکەنەوە، وەک ئێمە بپۆشن، وەک ئێمە قسە بکەن و وەک ئێمە بخۆن و بخۆنەوە. ئەوە کولتووری بەچونیەککردنە کە کۆڵەگەی کۆمەڵگای تەقلیدیی پێش مۆدێرنە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە ڕەنگی بەسەر تێکڕای ژیانی ئێمەوە دیارە. ئێمە کە شەڕ دەکەین بە گیانی عەشایری شەڕ دەکەین، ڕەخنە لای ئێمە جنێو و دوژمنایەتیە، بۆیە کاردانەوەمان تۆڵەسەندنەوەیە، ئەگەر پێمان کرا. پەنا بۆ دادگا نابەین تەنیا هەندێجار بۆ خۆجوانکردن نەبێت. بە هەمان شێوە کە ئاشتیش دەبینەوە، لەچوارچێوەی سیمبوڵ و بەها خێڵەکییەکان ئاشت دەبینەوە، دەست لە ملی یەکدی دەکەین و دەڵێین ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت با چیتر یەکدی نەکوژین و چیتر لەبەرچاوی نەیاران ڕەخنە و جنێو بە یەکتر نەدەین. ئەوجا بۆیە، پرۆسەکانی ئاشتیی ئێمە هەرگیز نەبوونە سەرەتایەک بۆ سەقامگیرییەکی درێژخایەن، چونکە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە مێژوو و هەوڵدانێک نەبوون بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای دەستوور و یاسایەک ڕێ بکات.

دووەم: جێگایەک نییە بۆ شێوە بیرکردنەوەی زانستی و ڕەخنەگرانە

خەڵک ڕەخنەی لە حکومەت هەیە لەوەی حکومەت خزمەتی ناکات، قوتابی زانکۆ گلەیی لە زانکۆکەی دەکات کە فێری ناکات. نەخۆش لە خەستەخانە و دکتۆرەکەی ناڕازییە. شۆفێر لە خراپیی ڕێگاوبان و کواڵیتی بەنزین تووڕەیە، دەتوانی لیستەکە درێژ بکەیەوە، کەم کەس هەیە لە شتێک یان لە چەند شتێک ناڕازی نەبێت. هۆکارەکان زۆرن، بەڵام بەلای منەوە کێشەی سەرەکی دیسان ئەوەیە کە ئێمە لەکۆمەڵگایەکی تەقلیدیی پێشمۆدێرندا گیرمان خواردووە، کۆمەڵگایەک کە تێیدا جێگایەکی نییە بۆ زانست و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. لە کوردستان هەرگیز، نە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی کوردی و نە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پێش ڕاپەڕینیش هەرگیز زانست بنەمای بەڕێوەبردن و ئیدارە نەبووە. ئێمە بە میزاجی شەخسی یان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی حیزبی و بەپێی خزمایەتی و دۆستایەتی زەوی دابەش دەکەین، خزمەتگوزاری دەگەیەنینە هەندێ شوێن، قوتابی لە زانکۆ وەردەگرین، نمرە دەدەینە قوتابی. ئێمە دوور فکر ناکەینەوە، نانی شەومان هەبێت بیر لە ڕۆژی دواتر ناکەینەوە، گرنگ ئەوەیە ئێستا دڵخۆش بین، ئێستا پارەمان لە گیرفان بێت، ئێستا دڵی چەند کەسێک ڕازی بکەین. گرنگ نییە دوای 10 ساڵی دیکە چی ڕوودەدات، شارەکان چەند گەورە دەبن، چەند خەستەخانە و ئاپارتمێنت و قوتابخانەی نوێت پێویست دەبێت، چەند کەسمان گەنج دەبن و لە زانکۆ دەردەچن و پێویستیان بە کار دەبێت. کێ بیر لەم شتانە دەکاتەوە؟ کێ ئەسڵەن بیری لەو شتانە کردووەتەوە تا ئێستا؟ تێکڕای نەهامەتیەکانی ئێستامان لە عەقڵیەت و شێوازی بیرکردنەوەی نازانستیمانەوە سەرچاوە دەگرن.

سێیەم: لە کوردستان فەرمانڕەواکان زۆرن و حکومەتدارەکان کەمن

جارێک گوێم لە کەسێک بوو کە تازە وەک سەرۆکی زانکۆیەک دەستبەکار ببوو. قوتابیانی زانکۆکەی لە هۆڵێک کۆکردبووەوە و ویستی هەم خۆی بە قوتابیەکان بناسێنێت و هەمیش فەلسەفەی خۆی بۆ ئیدارەی زانکۆکە ڕوون بکاتەوە. لەو قسانەی کە سەرۆکی زانکۆکە کردی شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام. گوتی "ڕاستە من سەرۆکی زانکۆم، بەڵام من فەرمانڕەوای زانکۆ نیم، لە ڕاستیدا من بەڕێوەبەری زانکۆم"، ئەوجا بەردەوام بوو: فەرمانڕەوا هەمیشە دەڵێ "بەڵێ" ئەگەر شتێکی بەدڵ بێت و وەڵامەکەی "نەخێر" دەبێت ئەگەر داواکاریەکەتی بە دڵ نەبێت، فەرمانڕەوا هەمیشە بڕیاری ڕەها و دەستبەجێی هەیە بۆ شتەکان. بەڵام بەڕێوەبەر وا نییە. بەڕێوەبەر دیراسەتی شتەکان دەکات، هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات، ڕاوێژ وەردەگرێت ئەوجا بە شێنەیی بڕیار دەدات. حیساب بۆ دەرهاویشتەی بڕیار و سیاسەتەکانی دەکات و هەتا دوایی. ئەوجا بە قوتابیەکانی گوت: "کە هاتنە لام بۆ شتێک هەرگیز چاوەڕێ مەبن یەکسەر پێتان بڵێم "بەڵێ" یان "نەخێر"، هەموو شتێک دیراسەت دەکرێ ئەوجا بڕیاری لێدەدرێ". ئێمە لە کوردستان فەرمانڕەوامان زۆرن، هەر کەسێک لە شوێنی خۆی جا سەرۆک وەزیران بێت، وەزیر بێت، سەرۆکی زانکۆ بێت، مامۆستا بێت و هەتا دوایی، هەمووی بە شێوە بیرکردنەوەی فەرمانڕەوایانە ڕەفتار دەکات. زۆر سادەیە، ئەگەر کاربەدەستانی کوردستان توانیبایان وەک خەڵکێکی ئیداری، لەسەر بنەمای دیراسەت و لێکۆڵینەوە بیریان کردباوە، ئەستەم بوو کارەساتەکان بەوەی ئێستا گەیشتبان. حکومەتداری خەڵکانێکی دەوێت کە چاکەی گشتی بنەمای بڕیارەکانیانە، لەسەر بنەمای داتا و بەڵگە قوتابخانە دروست دەکەن، جادەی نوێ ڕادەکێشن، قوتابی لە زانکۆ وەردەگرن، مووچە زیاد یان کەم دەکەن و هەتا دوایی.

بە کورتی، ئەو کێشانەی ئێستا لە کوردستان هەن لە ناتەبایی سیاسی، قەیرانی دارایی، بێ مووچەیی، گەورەبوونی بێ پلانیی شارەکان، بێکاری، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەموویان تەنیا و تەنیا دەرهاویشتەی کێشەی قووڵتری کوردەوارین. ڕەنگدانەوەی کولتووری ئێستای کوردەواری و شێوە بیرکردنەوەی باڵادەستی ئەم سەردەمەمانە.



ڕابەر تەڵعەت

# حیکایەتی گەڕانەوە بۆ ڕۆژئاوا

پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی و گەڕانەوە بۆ ماڵی ئەوروپا لە ماوەی 25 ساڵدا، هێشتا بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا حکایەتێکی کاریگەر و پرۆسەیەکی بەردەوامە. پۆلێنکردنی بەشێک لەو وڵاتانە لە خانەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا، یان وڵاتانی ئابووریی تازە پێگەیشتوو یان دواکەوتوو، هێشتا هەر دەگەڕێتەوە بۆ بازنەی دابەشکاری لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەوروپادا. لەکاتێکدا ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو قەیرانە ئابوورییانەی ئەم دواییەی ئەورووپاوە سەیری ئەم جیاوازییە بکەین، دەبینین وڵاتانێکی پۆست کۆمۆنیزمی لە نموونەی (پۆڵەندا، سلۆڤاکیا، هەنگاریا و ڕۆمانیا) لە گەلێک ڕووەوە حاڵیان لە هاوشێوە ئەورووپییەکانیان لە نموونەی (ئیتاڵیا و ئیسپانیا) باشترە.

حیکایەتی جیاوازی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، سەبارەت بە ئەوروپا پەیوەندی هەیە بە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژەوە کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری، بەڵام جارێکی دیکە بەرجەستەبوونەوەی ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی سیاسی مۆدێرندا، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی. چونکە لەو قۆناغەدا ئەو وڵاتانەی کە بە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەناسرێن، کەوتنە ژێر هەژموونی کۆمەڵێک سیستەمی تۆتالیتاری و شێوازی خۆیان لەڕووی سیستەمی سیاسی و ئابوورییەوە لە دونیای مۆدێرنیتەخوازیی ڕۆژئاوای ئەوروپا جیاکردەوە، دوای کەوتن و هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم و سیستەمی تۆتالیتاریزم لەو وڵاتانەدا، زۆرێک لە بیرمەندانی ئەوروپا دابەشکردن و بەردەوامیدان لەسەر بەکارهێنان و پۆلێنبەندی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەبێ بنەما و بێ ناوەڕۆک ناو دەبەن و باوەڕیان وایە کە لەسەر بونیادی کۆمەڵێک پێوەر و جیاکاریی ڕووکەش دامەزراوە، ئەگەرچی ئەم بۆچوونە نەیتوانیوە لە کاریگەریی ئەو پرۆسە و بونیادە مێژووییە کەم بکاتەوە کە ئەزموونی کۆمۆنیزم بەسەر ئەو وڵاتانەوە جێی هێشتووە.

یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئێستا لەڕووی تێرمۆنۆلۆژییەوە (وەک چەمک) هەوڵ دەدەن لە ئەدەبیاتی نووسراو و ڕەسمیی خۆیاندا خۆیان لە بەکارهێنانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەدوور بگرن و زیاتر چەمکی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەکاربهێنن، ئەمەش لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەوڵ دەدات وەک قۆناغێکی وەستاو یان بازنەیەکی ونبوو لە مێژووی ئەوروپادا مامەڵە لەگەڵ سەردەمی کۆمۆنیزمدا بکرێت.

گەڕانەوە بۆ باوەشی ئەوروپا لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەوروپادا، حیکایەتێکی سەرنجڕاکێشە سەبارەت بە ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، تێپەڕاندنی نزیکەی نیو سەدە لە ئەزموون و سیستەمی سیاسی و ئابووریی کۆمۆنیزم و کرانەوە بۆ بازاڕی ئازاد و سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیموکراسی و جێکردنەوەی لە چوارچێوەی دەستوور و دامەزراوەکاندا، بۆ وڵاتانێک کە بەشێکیان لە دوای ڕووخانی سۆڤیەتەوە لەدایک بوون و بەشێکیشیان زۆر کەم ئەزموونی سەربەخۆییان هەبووە، وڵاتانێک نەک بە تەنها خاوەنی میراتی یەکێتی سۆڤیەت بوون، بەڵکو بەر لەوەش هەڵگری میراتی ئیمپراتۆرییەتی هەنگاری و عوسمانی بوون، ئەستەم بوو لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا بتوانن خۆیان بگرن ئەگەر هێزێکی نەرم (Soft Power) ی وەک یەکێتی ئەوروپا لە پشتیانەوە نەبووایە. یەکێتی ئەوروپا هەموو توانایی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی نەک بە تەنیا لە ڕووی ماددی و گەشەسەندنی ئابوورییەوە پشتگیری ئەو وڵاتانە بکات، بەڵکو لەڕووی ئیداری و کارگێڕیشەوە دەستیان بگرێت، بۆ ئەنجامدانی ئەمەش مەرجی ئەندامێتی و پێوەرەکانی بە ئەندامبوونی لە یەکێتییەکەدا وەک هاندەر و پاڵنەر بۆ ئەو وڵاتانە بەکارهێنا.

قۆناغی گواستنەوە لە سەردەمی کۆمۆنیزمەوە بۆ کرانەوەی دیموکراسی و، لە ئابووریی دەوڵەتەوە بۆ ئابووریی بازاڕ، بە پرۆسەیەکی تارادەیەک نەرمونیان دەستی پێکرد کە تێیدا یەکێتی ئەوروپا وەک هێزێکی ئابووری و سیاسی میانڕەو ڕۆڵی یەکەمی گێڕا، سوودەکانی بەئەندامبوون لە یەکێتییەکەدا هاندەری یەکەم بوو کە وا لە وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم بکات خۆیان لەگەڵ مەرج و پێوەرەکانی بە ئەندامبووندا بگونجێنن، ئەم پرۆسەیەش لە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵاتەکانی یەکێتی ئەوروپادا بە پرۆسەی بە ئەوروپایی بوون The Europeanization و هەڵکردن و تێکەڵبوون لەناو ئەوروپادا The European Integration ناسراوە. وەک پوختەی مەبەست، دوو پرسیار بە کراوەیی جێدەهێڵین بۆ باسەکانی داهاتوو: ئایا پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی لە ئەزموونی وڵاتانی دوای کۆمۆنیزمدا، دوای 25 ساڵ لە ڕووخانی سۆڤیەت بە چی گەیشتووە؟ ئایا ئەگەر هێزێکی نەرمی وەک یەکێتی ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەبووایە، حاڵی بەهاری عەرەبی و پرۆسەکانی دوای ڕووخانی دیکتاتۆرەکان هەمان ئەو ئەنجامەی ئێستای دەبوو یان جیاواز دەبوو؟



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# خەریکە کارتەکانی گۆڕان تەواو دەبن

1

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، لە باشیکەوە زۆر روون و راشکاو بوو، لەلایەک خاڵی کۆتایی لەسەر نیقاشی سنووری کوردستان و مەسەلەی سەربەخۆیی دانا، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەست بە قەیرانی سیاسی ئۆلتیماتۆمێکی دایە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی. هەڕەشەی تێدا نەبوو، بەڵام گوتی کە ئەوان سەبری ئەیوبیان نییە و، تا هەتایەش چاوەڕێ ناکەن. هاوکات ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەردەوامیی گۆڕان و تەنانەت باڵی ماڵباتی یەکێتیش لەسەر ئەو جۆرە سیاسەتە هیچی لێ شین نابێت.

لەڕاستیدا بزووتنەوەی گۆڕان لە دروستبوونییەوە تا ئێستا، تەنها شتێک کە دەیتوانی شانازیی پێوە بکات، سۆزی جەماوەر بوو بۆ دروشمەکانیان، ئێستا ئەو سۆز و لایەنگرییە لە ئەنجامی هەڵە سیاسییەکانیان خەریکە وەک بەفری بەر هەتاو دەتوێتەوە، لێگەڕێ لەوەی بانگەوازەکانیان بۆ جەماوەر بێ وەڵامە و کەس هێشتا نازانێ گۆڕان بەشێکە لە دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆن؟ هێشتا خەڵکی گۆڕانخواز سەریان لەوە دەرناچێ کە بۆچی رێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە و بەتایبەتیش نەوشیروان مستەفا، ئینسیاتیف بە کەسانێک دەبەخشێ کە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر بزووتنەوەکەوە نییە؟ ئینجا گۆڕان کە ئێستا شەقامیشی لێ تۆراوە، هەنگاوە سیاسییەکانیشی بێ ئەنجامن، لەسەر ئاستی ناوخۆیی، گۆڕان پێیوایە کە دەتوانێ بەو موعەلەقییەی لە سیاسەتدا، قازانج بکات و خۆی یەکلا نەکاتەوە تا بتوانێ خاوەنی شەقام بمێنێتەوە، ئەڵبەتە شەقامی سلێمانی نەک شوێنی دیکە، هاوکات نایەوێ دان بەوەدا بنێت کە رێککەوتنی ستراتیژیی لەگەڵ یەکێتیدا، زۆر خراپتر لەوە بەسەریدا شکاوەتەوە کە بۆ بەڕێوەبردن و کابینەی هەشتەم لەگەڵ پارتیدا کردی. هەر بۆیە بارزانی لە پەیامەکەیدا پێی گوتن کە ئەوسایان باشتر بوو یان ئێستا؟ لەوە واوەتریش، لەسەر ئاستی بەغداش گۆڕان نە ئەو هێزەیە کە بتوانێ هاوپەیمانی ببەستێت و نە ئەو رەسیدەشی هەیە لایەنەکانی دیکە حیسابی لەسەر بکەن و، هەموو ریسەکانیان بە تەلەفۆنێکی بارزانی و عەبادی دەبێتەوە خوری.

گۆڕان لە میدیا هەرچییەکیان لەدەست دێت لە دژی پارتی دەیکەن و، پارتیش تەققەی سەری دێت و پێیان دەڵێ: "هەر هەڵپەڕن"، هەر وا دەزانن ساڵی 2009 یەو خەڵک باوەڕی بە دروشمەکان ماوە! گۆڕان بێخەبەرە لەوەی کە باڵەکانی یەکێتی، یەکگرتوو و پارتی خەریکی دابەشکردنی ئەو میراتەن کە لەپاش خۆیان بەجێی دێڵن، بۆیە گۆڕان ئەگەر بیەوێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا بمێنێتەوە، پێویستی بە مانۆڕێکی سیاسیی بوێرانەیە، دەنا کارتەکانی خەریکە تەواو دەبن.

## باڵی ناوەندی (بێ) بڕیار

2

ئەگەرچی بەیاننامەی باڵی ناوەندی بڕیاری یەکێتی نیشتمانی دوای پەیامەکەی بارزانی لە باشیک، رێی بۆ ئەو تەئویلە کردەوە کە ئەوان بەتەما بن، لەگەڵ پارتی، باڵی ماڵبات و یەکگرتوو و هێزەکانی دیکە، حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی پێکبێنن، بەڵام گوتەبێژەکەیان سەرباری راستیی ئەو تەئویلە، رەتی کردەوە کە شتێکی وا لە ئارادا بێت! جارێ لەوە گەڕێ کە باڵی ناوەندی بڕیار لەوەتەی دروست بووە هیچ بڕیارێکی پێ نەدراوە و هەر بەیاننامە و نەخشە رێگا بڵاودەکاتەوە، بەڵام کاتێک بەیاننامەکەی 18ی مانگ دەخوێنییەوە، هەر دەتوانی ئەوەندەی لێ هەڵبهێنجی کە ئەوان پێشنیاز (نەک بڕیار) دەدەن و، پێشنیازەکەش بۆ پارتییە کە مادام دۆخی سیاسیی هەرێم تووشی چەقبەستوویی بووە، وەرن با کابینەی حکومەت هەڵوەشێنینەوە، پەرلەمان کارا بکەینەوە و سەرلەنوێ دابەشی بکەینەوە. لە بنەڕەتیشدا بەیاننامەکە بەو ئامانجە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە (زۆر بە ئاشکرا دەڵێن، باڵی ماڵبات و گۆڕان لە ئیدارەی سلێمانی، گەرمیان و کەرکوک فەشەلەیان هێناوە!) کە ئێستا ئەوان دەیانەوێ خەڵک بڕوا بە لایەنە گشتییەکەی بکات تا تایبەتییەکەی.

ناوەندی بڕیاری یەکێتی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر، بێ بڕیاریی باڵی ماڵباتی یەکێتی دروست بووە، بەشەوان دز و بەڕۆژ پۆلیس، لە هەولێر حکومەت و لە سلێمانی موعارەزە و، لە کوردستان سەربەخۆخواز و لە بەغداش عێراقچی، بۆیە ئەوانیش ناتوانن ناویان ناوەندی بڕیار بێت ئەگەر بیانەوێ بەو شێوەیە یاری بە وشەکان بکەن. لانیکەمی ئەوەیە لەوەتەی ئەوان بوونی خۆیان راگەیاندووە، باڵی ماڵبات هەر بڕیار دەدات و ئەوانیش هەر بەیاننامە دەردەکەن! ئەگەر ناوەندی بڕیاری یەکێتی، بتوانن بڕیار بدەن، پارتی بۆ زۆر شت ئامادەیە و خۆشیان ئەوە باش دەزانن، بەڵام بەو بێ بڕیارییە، زەحمەتە.

## قوتابیانی هەولێر و خوێندکارانی سلێمانی!

3

درێژەکێشانی بایکۆتی مامۆستایان لە دەڤەری سەوز و نیلی، وا دەکات کە ئیتر خوێندنی ئەمساڵی خوێندکارانی ئەو دەڤەرە قابیلی ئەوە نەبێت قەرەبوو بکرێتەوە و ساڵێکیان لە کیس بچێت. ئەوانەی ئەو پەیامەیان بەجددی وەرگرت، دەمێکە منداڵەکانیان دێننە زۆنی زەرد و، هەبووە ماڵی خۆی لەوێوە هێناوەتە هەولێر تا منداڵەکانی عومریان بەفیڕۆ نەچێت. داواکاریی مامۆستایان ڕەوایە، بەڵام مامۆستا هەر مامۆستایە، بۆ لە هەولێر، دهۆک و سۆران مامۆستا وانە بڵێتەوە، قوتابیش بخوێنێ، بەڵام لەوێ خوێندکار مەحرووم بێت؟! لە بەرنامەیەکی رووداو، مامۆستایەک دەیگوت، ئەگەر قەرار بێت، ئەمساڵی خوێندن بۆ دەڤەری سەوز و نیلی هەژمار نەکرێت، نابێ بۆ دەڤەری زەردیش هەژمار بکرێت! ئەوە هەموو چارەسەرەکەی بوو! لە هەموو وڵاتێک سێ کەرت: (بەرگری، تەندروستی و پەروەردە) زۆرترین پارەیان لە بودجەدا بۆ تەرخان دەکرێت و، سەرباز و دکتۆرەکان بۆ وەفاداری بە پیشەکەیان سوێند دەخۆن، بەس مامۆستایان سوێند ناخۆن، چونکە خۆیان قوتابی بوونە و پێویستیان بە سوێندخواردن نییە. بەڵام ئاوا بڕوات، سوێندی نەخوراویان دەکەوێ.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# یەکێتیی پۆست تاڵەبانی بەرەو کوێ؟

ئایندەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چ لەسەر ئاستی ناوچەکە و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، یەکێکە لەو پرسە سەرەکیانەی کە چەندین ناوەندی سیاسی و دیپلۆماسی و تەنانەت ئەکادیمیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەم ناوەندانە هەموو گریمانەکان تاوتوێ دەکەن: گریمانەی مانەوەیەکی لەرزۆک، زیندووبوونەوەیەکی رادیکاڵ و گریمانەی هەڵوەشانەوەی یەکجارەکی و هتد. من لەم گۆشە بچوکەدا، هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە سەر تێزێک کە لە ساڵی 2006 وە کارم لەسەر کردووە: تێزی یەکێتی وەک گرووپێکی سیاسی بیناکراو لەلایەن سەرکردەیەک بە شەرعیەتی هەژموونی کاریزماتیکەوە. لەم وتارەمدا، وەک دواتر دەبینرێت، جیاوازی دەخەمە نێوان شەرعیەتی هەژموونی کاریزماتیک و شەرعیەتی هەژموونی ترادیسیۆنێل (پارتی دیمۆکراتی کوردستان) یان شەرعیەتی هەژموونی سیستمی (حیزبی شیوعی). بەڵام با سەرەتا بپرسین کاریزما چییە؟ سەرکردەی کاریزماتیک کێیە؟ بۆ تاڵەبانی سەرکردەیەکی کاریزماتیکە و بۆ پاش تاڵەبانی تەواوی ستراکتۆری یەکێتی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەناوچوونەوە؟

وشەی "کاریزم" رەگوڕیشەکانی دەچێتەوە سەر زمانی گریکی کۆن و لە وشەی "کاریس"ەوە وەرگیراوە کە مانای "یارمەتیی خوا" یان "فەزڵی خوا" دەگەیەنێت. دواتر هەر وەک وشە فراوان دەکرێت و وەسفی ئەو کەسایەتیانەی پێدەکرێت کە خاوەنی "بەهرەی تایبەتن": بەهرەی رەوانبێژی، بەهرەی قەناعەتپێکردن، بەهرەی جەنگاوەری و هتد. هەروەها وەسفی ئەو کەسایەتیانەشی پێدەکرێت کە خاوەنی کاریگەرییانانی سایکۆلۆژیانەن لەسەر ئەوانی دیکە و وایان لێدەکەن کە ئاڕاستەیەکی تایبەت لە ژیانی رۆحی وەربگرن و هەلومەرجێکیان بۆ دروست دەکەن کە تێیدا کۆببنەوە و جۆرێک لە پەیوەندیی سۆزدارانەیان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت.

بەزمانێکی سادەتر، چەمکی "کاریزم" هەر لەبناغەوە پێکهاتەیەکی ئاینیی هەیە و لەنێو حیکایەتی خوا و پێغەمبەرەکانیدا دەق دەگرێت. پێغەمبەر، ئەو کەسەی کە جەماوەرێک قەناعەت پێدەکات و دانی پێدا دەنێن و شوێنی دەکەون، دروست ئەو مۆدێلەیە لە کەسایەتی "کاریزماتیک" کە دواتر زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان باسی دەکەن. ماکس ڤێبەر، کە یەکێکە لە سێ دامەزرێنەرەکەی سۆسیۆلۆژیا (لەگەڵ مارکس و دۆرکایم)دا، یەکەم سۆسیۆلۆگە تیۆریزەی چەمکی کاریزمی کردبێت و رووبەرەکەی فراوان کردبێت. گەر تا پێش ساتەوەختی ڤێبەر، کاریزم تەنیا بەرەهەندە ئاینییەکەی خرابێتە سەر شانۆکان، بەدڵنیاییەوە لە ڤێبەر بەولاوە، چەندین رەهەندی دیکە وەردەگرێت و وەک تیۆرییەک کێڵگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشی پێ دەخوێنێتەوە و دەیکات بە یەکێک لە سەرچاوە هەرە بەهێز و کاراکانی دیاردە بیلدۆزەریەکەی "هەژموون"، کە بریتییە لە توانایی کەسێکی تاک لە رازیکردنی ئەوانی دیکەدا بەوەی کە شوێنی بکەون و بە سەرچاوەی شەرعیەتی بزانن و چۆن بیەوێت لێیان بخورێت.

بێگومان ئێمە چەندین چوارچێوەی هەژموونگەرامان هەیە، یەکێک لەوانە هەژموونی بیناکراوە لەسەر کاریزم. لەم چوارچێوەیەدا، تەواوی دەسەڵاتی سەرکردە تەنیا و تەنیا لە خودی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت و رەگوڕیشەکانی دەسەڵاتەکەی لەنێو خودی خۆیدایە، نەک لەنێو مێژووی خێزانێک، حیزبێک یان دەزگایەکدا. من لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر کەسایەتی مام جەلال تاڵەبانی. ئەم ئەکتەرە تەنیا خودی خۆیەتی کە هەر لەسەرەتای سەرەتاکانەوە، ئەوانەی کە دواتر دەبن بە یەکێتی نیشتیمانی، دێنێتە قەناعەت و سازیان دەدات و بەکۆی جیاوازییەکانیانەوە لە دەوری بۆچوونەکانی و پرۆژەیەک کۆیاندەکاتەوە. لە دۆخێکی ئاوادایە کە هەژموونی تاڵەبانی بەسەر یەکێتی و یەکێتییەکاندا، خۆی جیادەکاتەوە لە شەرعیەتی هەژموونی ترادیسیۆن یان سیستم. هەژموونی تاڵەبانی پشتاوپشت بۆی بەجێ نەماوە تا پشتاوپشت بۆ نەوەکانی بەجێبێڵێت، تەنانەت لەنێو سیستمێکدا دروست نەبووە بۆ ئەوەی پاش خۆی گرووپەکەی بتوانێت لەنێو هەمان سیستمدا بەردەوام بێت.

کارابیەکانی تاڵەبانی وەک کەسایەتی کاریزماتیک لەچەندین ئاستدا خۆیانمان پێ دەناسێنن. یەکێک لەو ئاستانە بریتییە لە پرانسیپی بیناکاری سۆزدارانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک ئەو گرووپە سیاسییەی کە تەنیا و تەنیا لە دەوری تاڵەبانی وەک سەرکردە کۆدەبێتەوە. واتە ئەو پەیوەندیەی کە ئەندامەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە مام جەلالەوە دەبەستێتەوە، لەنێو زۆنی سۆزدا دەجوڵێت و هەر لەو زۆنەشدا بیناکراوە و هەر لەوێشدا بەردەوام مۆبیلیزە کراوە. تەنیا ناوبردنی مام جەلال بەسە بۆئەوەی چەندین سەرکردەی مێژوویی یەکێتی و هەزاران ئەندامی ئەم گرووپە چاویان پڕ ببێت لە فرمێسک.

ئاستێکی دیکە بریتییە لە سروشتی شۆڕشگێڕانەی ئەم پەیوەندییە: لەبەر ئەوەی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئینتیمایەکی ناڕاستەوخۆیان بۆ کەسایەتی سەرۆک هەیە، ئیدی بەشێوەیەکی راستەوخۆ دابڕانێکی رادیکاڵانە لەنێوان ئەوان و سیستمی ئامادە و واقیعی دەرەوەی یەکێتیدا دروست دەبێت. لێرەوە دوانەی ئینتیما بۆ سەرۆک و دابڕان لەگەڵ واقیعدا وەک دوو لێکدژی یەکتردوورخەرەوە دەردەکەون و کاردەکەن. بێ هوودە نییە کە یەکێتییەکان هەمیشە خۆیان وەک گرووپێکی شۆڕشگێڕی جیاواز و ناوازە و تایبەت لە گرووپەکانی دیکە پێناسە دەکەن. هەر لەڕاستیدا واش بووە، چونکە ساتەوەختی دروستبوونی یەکێتی بەتەنیا دابڕان نییە لەگەڵ پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی بەعسدا، بەڵکو دابڕانیشە لەگەڵ کۆی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە لەدەرەوەی یەکێتیدا هەبووە.

ئاستی سێیەمیش بریتییە لە رەهەندە "ئیستیسنائیەکەی" هەژموونی کەسایەتی کاریزماتیکی تاڵەبانی، بەو مانایەی کە لە دروستکردنی یەکێتییەوە تا ئێستاش، هەرگیز لەنێو ژیانی هەموو رۆژێکدا خۆی ئاسایی نەکردووەتەوە و نەچووەتە نێو شتە رۆتینییەکانەوە. بۆیە هەر دەرکەوتنێکی ئەم کەسایەتیە لەنێو شوێنکەوتووەکانیدا، دەبێت بە رووداوێکی وروورژێنەر و ناچار بە کاردانەوەی جیاوازیان دەکات.

هەموو ئەمانە وا دەکەن کە من پێموابێت، دەرکەوتنی تاڵەبانی وەک کەسایەتییەکی کاریزماتیک لە ساتەوەختێکی مێژووییدا ببێت بە دیاردەیەکی راگوزەر و کاتی و بە لەناوچوونی ئەو کەسایەتییە، ئەو دۆخەش کۆتایی پێبێت کە خودی ئەو کەسایەتییە دروستی کردووە.

لەبەر ئەوەی هەژموونی کاریزماتیکی مام جەلال، تەواوی شەرعیەتەکەی لە خودی خۆیەوە وەرگرتووە، ئیتر بەهیچ شێوەیەک بۆ کەسێکی دیکە (کوڕ، کچ، ژن، ئامۆزا، برازا و هتد.) ناگوازرێتەوە و ئەمەش وجودی فیزیکیانەی یەکێتی دەخاتە بەردەم هەڕەشەی توندەوە. بێگومان لێرەدا گریمانەی گەڕانی یەکێتییەکان بەدوای شەرعیەتێکی دیکەی هەژموونی بەکراوەیی دەمێنێتەوە. بۆنموونە گریمانەی بەسیستمکردنی ستراکتۆرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سپاردنی میکانیزمەکانی هەژموون بەسەر یەکێتییەکاندا لەڕێگای ئەم شەرعیەتەوە. بەڵام ئەگەر لە بەدیهێنانی ئەم پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نەبن، بەدڵنیاییەوە یەکێتییەکان دەبێت تێبگەن لەوەی کە هیچ کەسێک ناتوانێت جێگای مام جەلال بگرێتەوە و بە کۆتایی فیزیکیانەی مام جەلال، حیکایەتی هەژموونە کاریزماتیکەکەشی کۆتایی دێت.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# ترەمپ دنیا بەرەو کوێ دەبا؟

(1)

دۆناڵد ترەمپ بووە 45ەمین سەرکۆماری ئەمریکا. (خاڵێک دابنێ و برۆ سەرەتای رستە) ئەگەرچی زۆربەی هەرەزۆری چاودێرانی سیاسی، رۆژنامەنووسان، ئەکادێمیسیەنەکان، ناوەندەکانی راپرسی، ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناوخۆی ئەمریکا و لە دەرەوە، پێیانوابوو ترەمپ وەک کەسایەتییەکی بێ ئەزموونی سیاسی، بێ پلان و بێ بەرنامە، بە بێزێزیی بەردەوامی بەم و بەو، بوونی گرفتی جددی لەگەڵ پرسی پەنابەرێتی، بە ئەدەبیاتێکی پۆپۆلیستی کە هەردەم لێرە شتێک دەڵێ و لەوێ شتێکی دیکە و دەیان خاڵی لەم چەشنە، ناتوانێ براوەی ئەم ماراتۆنە بێ، کەچی توانی بە تاقی تەنیا، جەخت دەکەمەوە بە تاقی تەنیا، دێموکراتەکان و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبەکەی خۆیشی کە دژایەتیان دەکرد، وەلا بنێ و ببێتە سەرکۆماری ئەمریکا. تەنانەت رای گشتی دنیا لە ئاستی باڵای سیاسیدا زمانی خێری پێدا نەدەهێنا و زیاتر مەیلە و هیلاری بوون.

### چی روویدا؟

ئەوەی کە بۆچی هەموو پێشبینییەکان پێچەوانە دەرچوون، رەنگە بگەڕێتەوە سەر دۆخی ناوخۆیی ئەمریکا، واتە ئەوەی روویدا، جۆرێ دەنگهەڵبڕین بوو بە دژی "سیستم". ئانالیزە سەرەتاییەکان نیشان دەدەن کە بەشێکی بەرچاوی دەنگدەرانی ترەمپ ئەو سپییپێستە لادێییانە و چینی کرێکاری ئەم وڵاتە بوون کە بە سازکردنی ئەم شەپۆلە بەدژی سیستم (لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی کە بەدەست دێموکراتەکانەوە بوو)، رق و تووڕەیی خۆیان لەهەمبەر ئەم سیستمە، بەتایبەتی لەباری ئابوورییەوە دەربڕی. ئەم ڕقە تا ئەو ئاستە دەڕواتە پێش کە چینی کرێکار ئەگەرچی لەگەڵ سەرمایەداری کێشەی هەیە، ئەم جیاوازییە مێژووییە وەلادەنێ و بە دژی سیستمی هەنووکەیی دەنگ دەدا بە سەرمایەدارە تۆخەکە!

رەنگە هۆکارێکی تریش ئەوە بێ کە ئەم خەڵکە زیاتر خوازیاری ئەوە بوون سیستم زیاتر ئاوڕ بۆ ناوخۆی وڵات بداتەوە. لەڕاستیدا دێموکراتەکان دەمێک ساڵە بەدووی ئەوەوەن کە بەرنامەی Pax Americana وەک مەبەستی سەرەکی لە سیاسەتەکانی دەرەوەیاندا بۆ برەوپێدانی دێموکراسی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بخەنە واری جێبەجێکردنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تیۆری جۆرێف نای:Smart Powerیان کردە کەرەسەی گەیشتن بەم ئامانجە بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان، بەڵام ترەمپ لەسەر بنەمای دروشمی America First جۆرێ سیاسەتی گۆشەگیرکردنی ئەمریکای لەلا مەبەستە واتە Isolation. کۆماریخوازەکان- هەرچەندە هەموویان کۆک نین- دەیانەوێ بەم خۆدوورخستنەوەیە چیتر تێچوو بۆ وڵاتانی دیکە سەرف نەکەن. بۆیە پێداگریی ترەمپ لەسەر ناوخۆی وڵات بە نیسبەت دەرەوە، خەڵکی ئەم وڵاتەی بەو قەناعەتە گەیاند کە وا باشترە سەرۆکەکەیان هەر سەرۆکی ئەمریکا بێ نەک سەرۆکی جیهان!

(2)

دوو رووداوی برگزیت ( Brexit- چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا) و ئێستاش سیاسەتی تەریککەوتنەوە و ئایزۆلێشنی ئەمریکا وەک هەرە گرینگترین دوو وڵاتی جیهان لە ئاستی سیاسی و ئابووری، زەنگێکی مەترسیدارن بۆ زۆر پرسی جیهانی و ناوچەیی. چون لەڕاستیدا ئەوەی زۆر بووەتە جێی مشتومڕ، ئەوەیە کە سیاسەتەکانی ترەمپ بە نیسبەت دەرەوەی وڵات چۆن دەبێ؟ ترەمپێک کە ئێستا کۆنگرێسی بە سێنا و ئەنجوومەنی نوێنەرانیشەوە لەپشتە، پاش ئەوەی هەردووکیان کەوتوونەتە دەست کۆماریخوازەکان و ئەمەش لەساڵی 1929وە بێ وێنە بووە، چۆن دەتوانێ ئەم بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردندا بە لایەنگرانی دابوو، جێبەجێ بکا و لەمانە گرینگتر لە ئەگەری جێبەجێکردنیاندا دنیا بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟

- ئایا رێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران و وڵاتانی رۆژئاوا دەدڕێنێ؟
- ئایا سنوورەکانی دادەخات و دیوارە بەناوبانگەکەی نێوان ئەمریکا و مەکسیک هەڵدەچنێ؟
- ئایا لە توانایدا دەبێ پرۆگرامی چاودێریی تەندروستیی ئیدارەی ئۆباما هەڵوەشێنێتەوە؟
- ئایا دەتوانێ لە عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی کەنداو پارە بستێنێ چون هێزەکانی ئەمریکا پارێزگارییان لێدەکەن؟
- ئایا دەتوانێ رێککەوتنە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەندێ وڵات وەک کەنەدا و مەکسیک هەڵبوەشێنێتەوە؟
- ئایا دەتوانێ رێکخراوی بازرگانیی جیهانی جێبهێڵێ؟
- ئایا دەتوانێ خۆ لە پەیمانی ناتۆ بێ خاوەن بکا؟
- ئایا دەتوانێ رێککەوتننامەی پاریس سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا هەڵوەشێنێتەوە؟

و دەیان پرسیاری دیکە... دەبێ بە نیگەرانییەوە چاوەڕوان بین!



زوبێر رەسوڵ

# شێواندنی ژینگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

سەرەتا دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە کە مەبەست لە ژینگەی سیاسی ئەو بوارە سیاسییەیە political sphere کە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە بواری گشتی public sphere، و تایبەتە بە کۆمەڵێک چالاکیی سیاسی کە پارتە سیاسییەکان و حکومەت و نوخبەی سیاسی و خەڵکیش بەشداریی تێدا دەکەن، جیاوازییەکەی لەگەڵ بواری گشتی public sphere-دا ئەوەیە کە ئەم بوارە ئەو بۆشاییە ناسیاسییە نییە کە دەکەوێتە نێوان دەسەڵات/ دەوڵەت و کۆمەڵگاوە، بەڵکو ژینگەیەکە تایبەتە بەچالاکی و کرداری سیاسی، بەڵام لە هەمان کاتدا داخراو نییە لە بواری گشتی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوورییەکانی دیکە، بە تایبەتیش کاریگەریی دونیای سۆشیال میدیا و چالاکییە ئینتەرنێتیەکانی جیهانی مۆدێرن.

بە پێچەوانەی زۆربەی بوارەکانی تری دونیای سیاسەت کە لەلایەن نوخبەیەکی سنووورداری سیاسییەوە ئاراستە دەکرێن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەوانەی کاراکتەری تێکدان و شێواندنی ئەو ژینگە سیاسییەن، ئەو نوخبە سیاسییە بچووکە نین کە سەرکردایەتی پرۆسەی سیاسی دەکەن، بەڵکو سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکان و کادیری حیزبەکان و دواتریش کەمینەیەکی خەڵکی ئاساییین کە زۆرینەیان هەواداری سەرسەختی پارتە سیاسییە رکابەرەکانن. ئەم ئەکتەرانەی ئاماژەمان پێدان، بە جۆرێک ژینگەی سیاسییان پیس کردووە کە بۆشاییەکی تەندروست نەماوەتەوە بۆ چالاکییە سیاسی و حکومییەکان، واتا وەک ئەو چالاکیە سیاسیانەی لە سەرزەمینێکی تەندروستی پاڵپشت بە یاسا و دامەزراوە سیاسییەکاندا هەن لە وڵاتانی پێشکەوتوو. ئەوەی راستی بێت سەرزەمینی سیاسەتکردن لە کوردستاندا کەوتووەتە دەست کۆمەڵێک توێژ کە بەرهەمی ژینگەیەکی سیاسی و ئابووریی داڕماو و ناتەندروستن، ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە بەدوژمنکردنی نەیارە سیاسییەکانیان، سەنگەر لە یەکتر گرتن و ناشیرینکردنی ئەوی دی، تا دەگاتە دروستکردنی ڤیدیۆ و گرتەی تایبەتی و سێکسی و ساختەکردنی دۆکیومێنت و هەڵبەستنی هەواڵی نادروست. ئەمە بە جۆرێکە بۆ کەسێک کە بەشێک نەبێت لەو بازاڕە ساختەیە، یاخود توێژەرێکی ئاسایی بێت، زۆر ئەستەمە راست و ناڕاست، زانیاریی دروست و هەڵە لەیەک جیا بکاتەوە. ژینگەی سیاسی بووەتە ماکینەیەک بۆ بەرهەمهێنانی زانیاریی ساختە و برەودان بە رق و کینە و شارچێتی و ملشکاندنی سیاسی و.. تاد.

ئەم دۆخە سەرلەبەری چین و توێژەکانی کۆمەڵگای بە منداڵانیشەوە خەریک کردووە بەو ژینگە نالەبارە سیاسییەی کە خۆیان بەرهەمهێنەرین، تا ئاستێک بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی کردووە بە بەناو چاودێر و شارەزای سیاسی کە وەک وزەیەک وان بۆ بەردەوامیدان بەو ژینگە نالەبارەی هەیە. بەواتایەکی دیکە مەیدانی ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمە ساختەیەی ئاماژەمان پێدا، بریتییە لە رای گشتی و کۆمەڵگای کوردی، بەو ئامانجەی کە ئەم شێوەیە لە سیاسەتکردن دەتوانێت شکست بە نەیارەکەی بهێنێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا.

هەڵبەتە ئەوەی رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هەڕاجکردن و شێواندنی ژینگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، فرە بەردەستیی سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندنن کە بە "لایەنگر" و "بێلایەن"یانەوە (بەناو) رۆڵێکی دیماگۆجیانە دەبینن لە وێرانکردنی بواری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەو مۆدێلەی سیاسەتکردن دەکرێت لە روانگەیەکی مێژووییشەوە شرۆڤە هەڵبگرێت کە ئێرە بواری تەواومان پێ نادات، بەڵام کورتەکەی ئەوەیە کە کورد وەک ئەوەی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، وەک نەتەوەکانی تری ناوچەکە شارەزایی و ئەزموونی لە زانستەکانی سیاسەت و حوکمڕانیدا نەبووە، چونکە لە بنەڕەتدا چالاکیی سیاسی هاوتای شار و شارستانیەت بووە، بەداخەوە کوردیش بەشێک نەبووە لەو شار و شارستانیەتە، بۆیە سەیر نییە کە سیاسەت بە بازاڕی درۆ و بوختان و یەکتر ناشیرینکردن تێبگەین.

باشترین خۆئامادەکردنی پارتە کوردییەکانی باشوور بۆ ئەزموونی حوکمڕان و پەرلەمان بریتی بوو لە کرانەوە و بەشداریی سیاسی و دەرگا واڵاکردن بەسەر کەسانی گەنج و تازە لە بواری سیاسی، کە بریتی بوون لە کۆمەڵێک کادیر و ئەندام پەرلەمان و مەلا و واعیز، ئەمانە لیاقەیەکی باشیان هەیە نەک لە سیاسەتکردن، بەڵکو لە شێوازی قسەکردنی گشتی و گوتاری پەخشانئامێز و نمایشکردن لەسەر شاشەی تیڤی و شەقامەکان، ئەمەش بە جەوهەری وەزیفەی کاری سیاسەت تێدەگەن. تا ئاستێک ژینگەی سیاسی جۆشدراوە بە گوتاری رقئامێز کە کادیری حیزبەکان و پارتە سیاسیەکان رۆژانە بەگوێی ئەو خەڵکەیدا دەچرن، ئیتر دەرفەتێکیان نەهێشتووەتەوە بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوە و دانوستاندن و گەشەکردنی بواری سیاسی کە جەوهەری کاری سیاسی پێکدێنن. هەریەکە لە حکومەت و نەیارانی حکومەت گوتارێکیان داتاشیوە کە بریتییە لە دوژمنایەتیی یەکتر لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و حیزب تا دەگاتە ورد و درشتی پرسە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی، بێئاگان لەوەی کە ئەوەی ئەمڕۆ لە دەسەڵاتە بەیانی لەوانەیە ببێتە ئۆپۆزسیۆن، پێچەوانەکەشی هەر دروستە، ئەمەش وا دەکات لایەنە نەیارەکان بەیانی رووی ئەوەیان نەبێت بە شێوەیەکی جیاواز و گوتارێکی جیاواز لەو دۆخەی ئێستا، خۆیان نیشانی لایەنگرانیان بدەن، دۆخەکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بەشێک لە سەرکردایەتی حیزبەکان لەبەر ئەو دژایەتی و ناشیرینکردنەی کە شەو و رۆژ بۆ یەکتریان هۆنیوەتەوە، ئێستا ناتوانن لە ترسی ئەندامەکانیان و ئەو خەڵکەی جۆشیانداون، پەیوەندییە حیزبیەکانیشیان ئاسایی بکەنەوە. ئەم دۆخەمان بە روونی بینی لەکاتی بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت کە فشارێکی زۆری جەماوەری و حیزبییان لەسەر بوو بەهۆی ئەوەی گوایە چۆن دەبێت بچنە ناو حکومەتێک کە پێشتر بە مۆدێلێکی خراپ وەسفیان کردووە، هەمان دۆخ ئێستا خەریکە یەکێتیش دەگرێتەوە، بەجۆرێک کە نەتوانێت ئەو فۆرمە نەیارییەی کاتی خۆی لە بەرامبەر نزیکایەتی پارتی و گۆڕاندا کاری لەسەر کرد، تێپەڕێنێت، تا ئێستاش کاریگەریی ئەو گوتارەی یەکێتی کە لەسەر بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا خستیە کار، بووەتە بەربەستێک لەبەردەم سیاسەتی یەکێتی هەم بەرامبەر ناوخۆ و لەگەڵ بەغداشدا.

لەڕاستیدا ئەم مۆدێلەی سیاسەتکردنی حیزبی کوردی فۆرمێکی نیفاقیانەی بۆ حیزبەکان بەرهەم هێناوە کە هەمیشە خۆیان لە دوو تابلۆی جیاوازدا نمایش بکەن و رەفتار و گوتاریان زۆری فەرق بێت. ئەم مۆدیلی سیاسەتکردنەی حیزبە کوردییەکان لەڕاستیدا بەرپرسی سەرەکییە لە بەشێکی زۆری ئەو کێشە سیاسیانەی ئێستا هەرێمی کوردستان بە دەستیەوە پەرێشان بووە، ئەمە جگە لە شێواندنی ژینگەی سیاسەتکردن کە لە ئایندەدا زۆر سەخت دەبێت بۆ خودی خۆیان و بۆ هەر لایەنێکی تریش کە بتوانێت کاری سیاسی تێدا بکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## خیانەتیان لە دلبەر کرد

19 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

## گرافیکی کۆچبەرانی ونبوو لە ساڵی 2016دا:

# ژمارەی کۆچبەرانی مردوو لە 2016دا:

# 6074 کۆچبەر




## هۆکارە زانراوەکانی گیانلەدەستدانی کۆچبەران لە 2016:

**بیابانی خوارووی ئەفریقا:**

ئەمانی ئۆکسجین: 19
رووداوی هاتوچۆ: 17
نوقمبوون: 10
لێدان، گوللە و چەقۆ: 4
وشکبوونەوە: 1

**رۆژهەڵاتی نێوەڕاست:**

گوللە: 64
رووداوی هاتوچۆ: 25
رەقبوونەوە: 6

**بیابانی باکووری ئەفریقا:**

نوقمبوون: 111
نەخۆشی: 310
وشکبوونەوە: 44
رووداوی ئوتۆمبێل: 34
برسێتی: 37
گوللە: 26

**ئەمریکای باشوور:**

هۆکاری جۆراوجۆر: 10
نوقمبوون: 9
نەخۆشی: 2
توندوتیژی و چەتەکان: 2
مین: 1

**ئەمریکای نێوەڕاست و مەکسیک:**

رووداوی شەمەندەفەر: 23
نوقمبوون: 17
رووداوی هاتوچۆ: 14
کوژران: 10
وشکبوونەوە: 7
نەخۆشی: 6

**گەرووی ئەفریقا:**

نوقمبوون: 60
گوللە: 9
نەخۆشی: 7
رووداوی هاتوچۆ: 3
برسێتی: 1

**باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا:**

نوقمبوون: 61

**ئەورووپا:**

نوقمبوون: 11
رووداوی هاتوچۆ: 6
رەقبوونەوە: 5
شەڕ و دزی: 5
رووداوی شەمەندەفەر: 3
رووداوی فڕۆکە: 2
کەوتنە خوارەوە: 1

**سنووری ئەمریکا و مەکسیک:**

وشکبوونەوە و رەقبوونەوە: 52
نوقمبوون: 49
رووداوی هاتوچۆ: 10
زەبری دەرەکی: 2
کەوتن لە پەرژینەکانی سەر سنوور: 1
گوللە: 1

**دەریای نێوەڕاست:**

نوقمبوون: 3358
خنکان: 68
ئاگرگرتنی بەلەم: 8
رەقبوونەوە: 3
کێشەی هەناسە: 2
برسێتی: 1
نەخۆشیی سییەکان: 1

**کارییبەن:**

نوقمبوون: 37
وشکبوونەوە: 10
گوللە: 1
رووداوی هاتوچۆ: 1